سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (٣) ئەیلولی ٢٠٢٠

## ناوچەکانی ماددەی ١٤٠

### لە پرسێکی ناوچەییەوە بەرەو چارەسەرێکی نێودەوڵەتی



- ئایندەی کوردستانی ڕۆژئاوا لە ململانێی ناوخۆیی و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا
- قەبارەی پرۆئێرانییەکان لە هاوکێشە ئەمنییەکانی عێراقدا

# ئایندەناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٣) ئەیلولی ٢٠٢٠

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنوسەر
د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژکاران
د. یوسف گۆران
د.ئومێد رفیق فتاح
د.عابد خالد رسول

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری: عەدنان ئەحمەد
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary ) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



تێڕوانینە جیاوازەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان
10-19...


ئایندەی کوردستانی سوریا لە نێوان ململانێی نێوخۆیی و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا
20-31...


قەبارەی گرووپە وەلائییەکانی ئێران لە هاوکێشە ئەمنییەکانی عێراقدا
32-41...


ژینگەی بەرهەمهێنان و بەردەوامی بیری توندڕەوی لە ناوچە جێناکۆکەکان
42-57...


ڕێگرییەکانی لکاندنی کەرکووک بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (عێراق)
60-77...


چارەسەری کێشەی ئاسایش لە کەرکووک
78-89...


ئایندەی پەیوەندییەکانی دوو ئەنجوومەنە کوردییەکەی سووریا
90-95...


کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان پێکەوەژیان و پێکداداندا
98-111...



خوێندنەوەی کتێبی "کتێبی مرۆڤی عاقڵ؛ مێژوویەکی کورتی جۆری مرۆیی"
114-117...


تیۆری جەنگی ڕەوا
Just War Theory
118-119...

سەروتار

# ناوچەکانی ١٤٠؛ لە کێشەیەکی ناوچەییەوە بەرەو چارەسەری نێودەوڵەتی



هەردی مەهدی میکە

گەرچی کەمتر لە جاران لە کۆڕی دەزگا دەوڵەتیی و کۆڕبەندە سیاسییەکان و میدیا عێراقی و کوردستانییەکاندا، لە جاران کەمتر پرسی ماددەی ١٤٠ دەکەوێتە نێو باسان، بەڵام وەک سکڵێکی هەمیشە گەشی نێو پرۆسەی سیاسیی دەمێنێتەوە و بە داخستنی چاوی سیاسەت و میدیا و کەمتەرخەمی سیاسەتڕێژیی کوردستانی دۆسێکە نە دادەخرێت نە توانای سازشکاریی لەسەر کردنیشی کراوەیە.

ناوچە جێناکۆکەکان بە تەوەرێتی کەرکوک (بە پێی دەستووری عێراق جێناکۆک و دابڕێنراو بەپێی مێژوو و بەڵگەکان)، بە هۆکاریی دەوڵەمەندی بە سامانی سروشتی، جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و کاریگەریی ململانێ سەرووناوچەییەکان، ڕەهەندێکی هەێمایەتی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە و ڕاستییەکەی تەنها ملمانێیەکی جوگرافیی-شوناسی نێوان عەرەبی عێراق و کوردستان نییە، بەڵکو بووەتە کارتێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیش لە چەند وێستگەی هەنگاوی چارەسازیشدا، کورد و عەرەب دوابڕیاردەری یەکلاکەرەوەی دۆسێکە بوون، کە هەرگیز بۆ کەس یەکلانەکرایەوە، وەک: ڕوداو و گفتوگۆکانی ١٩١٩(ئینگلیز-فەرەنسا)، پرسی یەکلاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ (تورکیا-ئینگلیز)، هەڵگیرسانەوەی شۆڕش١٩٧٤(تورکیا-ئێران)،...تاد.

بۆ کورد پرسی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان، پرسی ژمارەی دانیشتووان، ڕێژەی کورسیی کورد لە بەغدا و ئاشتەوایی حکومەتەکانی هەولێر و بەغدا نییە، پرسی کورد لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ پرسی شوناسی کوردستانی، خاکی مێژوویی، سنوری دێرینە و ململانێی چەندسەرەی ١٠١ساڵی ململانێی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیخوازی سیاسیی کوردستانە بەرامبەر ئیستعمار، دەوڵەتانی سەردەستە و ئاراستە توندئاژۆ نەتەوەپەرست و مەزهەبگەراکانی نێوچەکەیە. هەڵەیەکی کوشندەیە وابزانین ململانێی کوردستان و هەرێم تەنها لەگەڵ ئاراستەی نەتەوەیی عەرەبدا بووە و هەیە لەبارەی ناوچە دابڕێنراوەکانەوە، چونکە بە گەڕانەوە بۆ مێژووی دەرکەوتنی پێکدادانە سیاسییەکان، دەردەکەوێت:

١. کە یەکەم ململانێ لەسەر کەرکوک و ناوچەکانی ١٤٠ی هەنووکەیی، لەنێوان حکومدارێتی کوردستانی شێخ مەحموود و ئیدارەی ئینگلیز(ئیستیعمار) لە عێراق بووە، یەکەم پێداهەڵجوونەوەی شێخ مەحمود لەسەر کەرکوک و دژی ئینگلیزەکان بوو، ڕێک ئەوکاتە نە عەرەب و عروبە لە نێو کۆمەڵگەی عێراقدا شکڵی گرتبوو نە کیانێکی سیاسییش بە نێوی عێراق دروست کرابوو. خاڵێکی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی یەکەمین حکومەتی کوردستانی لە سلێمانی لەسەر سنووری حوکمدارییەکە بوو کە کورد ئەوکات بە بێ ناوچەی کەرکوک و کفری پەسەندی نەکرد.

٢. لە وێنە گشتییەکەی ململانێکەدا، کورد چەند سەرە لەململانێدا بووە لەگەڵ:- حکومەتەکانی عێراق: ناسیۆنالیستگەرا و چەپگەرا و شیعەگەرا، هەژموونی تورکیا: هەبوونی تورکمان و چاوچنۆکییە نەبڕاوەکانی لەسەر ویلایەتی مێژووی موسڵ، دەسەڵاتە ئێرانیەکان: لە ترسی دەستگەیشتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە سامان و جوگرافیای ناوچە دابڕێنراوەکان

و بێمنەتبوونی لە بەغدا و هاوکاریکردنی کوردانی ڕۆژهەڵات وبۆ تەواکاری هیلالی شیعی لەهەرکات زیاتر پێویستی بە جیۆپۆلەتیکی ئەو ناوچانە هەیە. ئێستاش بەهۆی لاوازی هەرێمەوە، ڕۆژانە شاهێدی تەعریب، تەشەیوع، ستەمی کارگێڕی، داگیرکاریی زەویوزار و ئاژاوە و کەمی خزمەتگوزاریین لەو ناوچانەدا).

کەواتە کورد بیەوێت و نەیەوێت پرسەکە خۆبەخۆ پرسێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە و چارەسەریشی هەر بە دەرگەکانی ئەو تونێلە دەبێت تا دەرچەی لێ بکرێتەوە. بۆ کورد گرنگە لەم دۆخەی ئێستای حکومەتی بەغدا کە زۆرتر پێویستی بە گوێڕایەڵی وڵاتانی هەوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکایە و دەبێت وابکات، وڵاتانی ئێران و تورکیاش سەرەڕۆیی و سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرکیان لەبرەودایە لە ناوچەکەدا، پرسەکە نێودەوڵەتی بکات بەڵام بە تەوەرێتی دەستووری عێراق و چەسپاندن و پابەندبوون بە بەند و بڕگەکانییەوە وەک نەخشەڕێگا.بەڵام کۆسپە هەنووکەییەکانی بەردەم دەستوراندن و نێودەوڵەتیکردنی ناوچەی جێناکۆک، بۆ کورد خودیی و بابەتین:

١. بەر لە هەموویان پرسەکە بۆ کوردستان پرسی شوناس و خاک و مافە، بەڵام بۆ وڵاتانی هاوپەیمان (ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە عێراق) پرسێکی ئاسایشی-ئابوورییە. کورد دەبێت لەم سۆنگەیەوە بەدوای چارەسەر و تێگەیاندنی ئەواندا بگەڕێ و پابەندی بە دەستوور و یەکلاکردنەوەی مادەی ١٤٠ وەک پرسێکی ئەمنی و چارەسازی بنبڕی تیرۆر و ناجێگیری سیاسیی عێراق بناسێنێت و هەرواشە، بەمشێوەیە دەتوانێت بۆ چەسپاندنی ١٤٠ ڕۆڵ بدرێتە وڵاتانی هاوپەیمانی و چارەسەرەکە نێودەوڵەتی بکرێت نەک کێشە.

٢. بۆ چەسپاندنی خاڵی یەکەم، هەرێمی کوردستان هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە جگە لە خۆڕێکستنەوە لەسەر ئاستی یەکخستنی گوتاری سیاسیی-نەتەوەیی لایەنەکان، شەراکەتی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردن و چاکسازیی ڕیشەیی بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی کۆمەڵگە نەبێت. بەم پەرتەوازەیی و ناڕۆشنییەی ئێستا (وەک سێ ساڵی ڕابردوو) نەک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەڵکو لە عێراقیشدا گوێلێگیراو نابێت و لەسەر پرسی مافی سروشتی  دەسخەڕۆ دەکرێین، پرسێکی قوڵی وەک پرسی کەرکوک دەبێتە قوربانی "گفتوگۆی هەناردەکردنی ٣٠٠ملیارێک و موستەحەقاتی ڕۆژانە" و پرسی ١٤٠ ئەولەویەت وەرناگرێتەوە، کە بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە، گەر مەسەلەی ماف و شوناس و ١٤٠ ببێتەوە بە پرسی یەکەم و ململانێکان، ئەوا خۆبەخۆ مەسەلەی مووچە و موستەحەقات بە ناچاری ملی بۆ دەدات (وەک ساڵانی ٢٠٠٣تا٢٠١٢ کە ناوچەی جێناکۆک پرسی یەکەم بوو).

بۆ ئەوەی بەرەو ئەو پرۆسەیەش هەنگاو بنرێت، گرنگە لانیکەم بۆ ئێستا وەک هەنگاوی سەرەتا هەوڵ بۆ دروستکردنی ئیدارەیەکی هاوبەشی نێوان هەولێر-بەغدا لەوناوچانەدا بدرێت، هاوکات داواش بکرێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشدار بێت لە چارەسەرێکی دەستوری-نێودەوڵەتی بۆ ناوچەکانی مادەی ١٤٠. لەمە کەمتر سازشی مێژوویی و لە گێژەنە دەرچوونی پرسە ڕەواکەیە.

لە هەردوو حاڵەتدا دابڕاندنی ئەو ناوچانە کە مێژوو کوردستانی بوونیانی ئاسان سەلماندووە و لە دەستووری عێراقدا کە وەک ناوچەی جێناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر دانی پێدانراوە، لە بەرژەوەندی کورد و حکومەتی هەرێمدا نییە بەرەو چاوپۆشی و فەرامۆشی ببات، لە کاتێکدا بە خوێندنەوەی دۆخی ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی وەک ئەگەریی هەنووکەیی، دەستووری عێراق (بە ڕۆڵدان هاوپەیمانان) لانیکەمی دابینکاریی مافەکان و پارێزەری قەوارەی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەیەتی و وەک مێژوو و کولتووریش بۆ ئایندە قوڵایی ستراتیژییان هەیە و هیچ پاساوێک نییە لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لەو مافە دەستووریی و مێژووییەی خۆی دەست هەڵگرێت.

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# تێڕوانینە جیاوازەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان



د. عابد خالد رسول



**بەرایی**

لەدوای گۆڕانکارییەکانی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، کێشەی ناوچەی جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق؛ جێی بایەخی چەند دەقێکی دەستووری دیاریکراو بوون، وەک مادەی (٥٨)ی دەستووری کاتیی ساڵی ٢٠٠٤ کە ناسراوە بە "یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە" و مادەی (١٤٠) ی دەستووری فیدراڵیی ساڵی ٢٠٠٥ کە ناسراوە بە "دەستووری کۆماری عێراق"، کە هەریەک لەم دەقانە چەندین ڕێکار و ئامرازیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە لەخۆ گرتووە، بەڵام لە هیچ دەقێک لەم دەقانەدا واتای تەواو و سنووری جوگرافیی ئەم ناوچانە دیاری نەکراوە، لە ئەنجامیشدا هیچ چەمکێکی یاسایی ورد و پراوپڕ بۆ زاراوەی "ناوچە جێناکۆکان" گەڵاڵە نەکراوە.

ئەم کەلێنەش بووەتە سەرچاوەی چەندین گرفتی یاسایی و پراکتیکی لەبەردەم پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکەدا، کە لە لایەک دەرگای ڕاڤەکردنی جیاوازی بۆ ئەو دەزگا و دامەزراوانە خستووەتە سەرپشت کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵیان لە جێبەجێکردنی ئەو دەقە دەستووریانەدا هەبووە، وەک "لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠" و "دادگای فیدراڵیی باڵا"، لە لایەکی تریش هەریەک لە لایەنە جیاکانی کێشەکە هەوڵی داوە لە بەرژەوەندیی خۆی؛ واتا و سنووری ئەو ناوچانە ڕاڤە و دیاری بکات، هەر ئەم ڕاڤەیەشی کردووەتە بنەمای هەڵسوکەوت و کارکردنی لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا، بەڵکوو هەندێک لایەن ئەم کەلێنەی قۆستووەتەوە بۆ دواخستن و پەکخستنی جێبەجێکردنی ئەو دەقە دەستووریانە.

ئاشکرایە کە ڕیشەی مێژوویی کێشەی "ناوچە جێناکۆکەکان" دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، بەتایبەتییش دوای لکاندنی ئەو ناوچانەی کە لەو کاتەدا بە "ویلایەتی موسڵ" ناسرابوون بە عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٥دا، بەڵام مێژووی یەکەمین بەکارهێنانی فەرمی بۆ دەستەواژەی "ناوچە جێناکۆکەکان"؛ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤، کاتێک لەو ساڵەدا لە بڕگەی "ج"ی مادەی (٥٨) ی "یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە" ئاماژە بۆ دەستەواژەی "الأراضي المتنازع عليها" کرا[١]، ئەمجا لە بڕگەی "دووەم"ی مادەی (١٤٠)ی "دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥"دا ئاماژە بۆ دەستەواژەی "المناطق... المتنازع عليها" کرا[٢]، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا لەنێوان هەردوو زاراوەی "الأراضي المتنازع عليها" و "المناطق المتنازع عليها"، زیاتر دووەمیان بەکار دەهێنرێت، لە زمانی ئینگلیزییشدا بۆ "Disputed Territories" و "Disputed Areas" وەرگێڕدراون، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەپاڵ زاراوەی "ناوچە جێناکۆکان"؛ چەند دەستەواژەیەکی تر بەکار دەهێنرێت وەک: "ناوچە کێشەلەسەرەکان" و "ناوچە دابڕێنراوەکان" و "ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"، کە هەندێکیان گۆشەنیگای سیاسی و حیزبی تایبەتیان لە

پشتەوەیە، هەندێکیشیان تەنها وەرگێڕانن بۆ زاراوە عەرەبییەکە کە "المناطق المتنازع علیها"یە، ئەم توێژینەوەیەش زاراوەی "ناوچە جێناکۆکان" بەکار هێناوە، بەڵام جیاوازییەکان لەمەڕ ئەم چەمکە هەر تەنها ئەم ڕەهەندە زمانەوانییانە نییە، بۆیە لە ڕووی زانستییەوە بنچینەی ڕاڤەکردن بۆ چەمکی "ناوچە جێناکۆکەکان"؛ هەر تەنها مامەڵە لەگەڵکردنێکی زمانەوانی نییە، بەڵکوو شرۆڤەکردنی ڕیشە مێژوویییە قووڵ و ڕەهەندی سیاسییە فراوانەکانیشیەتی.

ئامانج لەم توێژینەوەیە؛ خستنەڕووی تێڕوانینە یاسایی و سیاسی و مێژوویییە جیاوازەکانە لەسەر چەمکی "ناوچە جێناکۆکەکان"، کە هاوکات بریتییە لە تێڕوانینی ئەو لایەن و دەزگا جیاوازانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیدارن بە کێشەی ناوچە "جێناکۆکەکان" و دۆزینەوەی چارەسەر بۆی، بەتایبەت تێڕوانینی هەریەک لە "حکومەتی عێراقی" و "حکومەتی هەرێمی کوردستان" لەگەڵ "نەتەوە یەکگرتووەکان"، ئەمجا دوای خستنەڕووی ئەو تێڕوانینانە، توێژینەوەکە هەوڵی داوە بەپێی چەند پێوەرێک؛ پێشنیاری دیاریکردنێکی زانستیانە بۆ "چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان" گەڵاڵە بکات، بەم شێوەیە:

**یەکەم: تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵیی عێراق بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان**

بەپێی بڕیاری کارگێڕیی "لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری ٢٠٠٥"، ژمارە (١٥٩) لە (٢٠١١/١٢/١١) کە تایبەتە بە "مەرج و دیسپلین و ڕێنماییەکانی پەیوەست بەو کەسانەی حوکمەکانی مادەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە"، ناوچەی جێناکۆکەکان "بریتییە لەو ناوچانەی کە دووچاری تاوان و کردەوە خراپەکانی ڕژێمی پێشوو بوون، کە بریتی بوون لە گۆڕینی دیمۆگرافی و گۆڕینی دۆخی دانیشتووان لە ڕێی ڕاگواستن و دەرکردن و کۆچپێکردنی زۆرەملێی دانیشتووان لە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونیان و نیشتەجێکردن یان نیشتەجێنەکردنی کەسانی تر لە جێیان، لەگەڵ دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵ و زەوییان و بەموڵککردنی بە ناوی کەسانی ترەوە یان سڕینەوەی مافی مامەڵەپێوەکردنیان و بێبەشکردنیان لە مافی کارکردن لە ڕێی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان (تصحيح القومية)، یان لە ڕێی گۆڕین و یاریپێکردنی سنووری کارگێڕیی ئەو ناوچانە بە مەبەستی بەدیهێنانی چەند مەرامێکی سیاسی کە خواستی ڕژێمی پیشوو بوون[٣]".

ئەم پێناسەیەش کە زۆر بەرفراوانە، لە ناوەڕۆکی مادەی (٥٨)ی "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤" هەڵێنجراوە، مەبەست لەم بەرفراوانیی پێناسەکردنەش ئەوەیە کە سنووری ناوچە جێناکۆکەکان؛ پارێزگای "بەغدا" و چەند ناوچەیەکی تری ناوەڕاست و باشووری عێراقیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەرکی زیاتر بکەوێتە ئەستۆی "لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠"، بە شێوەیەک کە توانای جێبەجێکردنی نەبێت، بەمەش پرۆسەی "ئاساییکردنەوە" کە یەکەمین قۆناغە لە سێ قۆناغەکەی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان (ئاساییکردنە،

سەرژمێر، ڕاپرسی)؛ کاتی زیاتر بخایەنێت، هاوکات خەرجیی زیاتر لەوەی پێویست بێت کە بۆی تەرخان کراوە، جگە لەمەش ژمارەی ئەو لایەن و بەرانەش زیاتر بکات کە لەگەڵ کورددا دەکەونە ناکۆکییەوە، هەموو ئەمەش لە پێناو شکستپێهێنانی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکە بووە.

لەبەرامبەر ئەم پێناسە بەرفراوانەدا، "دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق". لە بڕیاری ژمارەی (١١٣)یدا کە لە (٢٠١٧/١٠/٢٩) دەریکردووە؛ پێناسەیەکی زۆر بەرتەسکی پێشنیار کردووە، پوختەی ناوەڕۆکی نووسراوەکە لەم سێ خاڵەدا کورت دەبێتەوە[٤]:

١. "ناوچە جێناکۆکەکان" کە لە بڕگەی "دووەم" لە مادەی (١٤٠)ی دەستووری ٢٠٠٥ هاتووە، ئاماژەیە بۆ ئەو ناوچانەی کە جێی ململانێی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراقین، جا لەبەر ئەوەی بڕگەی (أ) لە مادەی (٥٣) ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (دەستووری کاتیی ٢٠٠٤)؛ دانی بە حکومەتی هەرێمدا ناوە وەک حکومەتی ڕەسمیی ئەو ناوچانەی کە لە (٢٠٠٣/٣/١٩) بەڕێوەی بردوون و دەکەونە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و دیالە و نەینەواوە[٥]، بۆیە ناوچە جێناکۆکەکان ئەو زەوییانەیە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩دا بەڕێوە براون لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دیالە و نەینەوا[٦].

٢. پێوەری ئەوەش کە چ ناوچەیەک جێی ناکۆکییە یان نا؟ بڕگەی (ب) لە مادەی (٥٣)ی دەستووری کاتیی (٢٠٠٤)ە، کە دەڵێت "سنووری هەژدە پارێزگاکە لە قۆناغی گواستنەوەدا بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە".

٣. ئەو لایەنەش کە دەسەڵاتی دیاریکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی هەیە، حکومەتی فیدراڵیی عێراقە.

دیارە ئەم پێناسەیە نە لەگەڵ ڕۆحی دەستوور و دەقەکانی تەبایە، نە لەگەڵ نییەتی یاسادانەریش گونجاوە، نە لەگەڵ ئەو واقیعەش دێتەوە یەک کە لەدوای ڕووداوەکانی (٢٠٠٣)وە هاتووەتە ئاراوە، بەڵکوو لەگەڵ لۆژیکیشدا ناکۆکە، چۆن دەکرێت دەستوور لە مادەیەکیدا (مادەی ١١٧) دان بە هەرێمی کوردستاندا بنێت[٧]، کەچی دواتر لە مادیەکی تردا (مادەی ١٤٠) بە ناوچەی جێناکۆک لەقەڵەمی بدات!

هەر چەندە دادگای فیدراڵیی باڵا دەرکی بەم هەڵەیەی لە دیاریکردنی چەمکی "ناوچە جێناکۆکەکان"دا کرد و لە بڕیارێکی تردا کە بە ژمارەی (٤٣) لە (٢٠١٣/٣/١١) دەریکردووە، دەڵێت: "لە تێڕوانی ئێمەدا، زەوییە جێناکۆکەکان ئەو زەوییانەیە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩دا بەڕێوە نەبراون لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دیالە و نەینەوا[٨]"، بەڵام دواجار ئەم دادگایە لە پێشکەشکردنی پێناسەیەکی ورد بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان و دیاریکردنی سنوورەکەی؛ سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو لەو بڕیارە نوێیەیدا دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی هەموو ئەمانەی داوە بە لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، دیارە ئەم لیژنەیەش، وەک پێشتر

باسمان کرد، پێناسەیەکی هێندە فراوانی بۆ ئەو ناوچانە کردووە کە جێبەجێکردنی مادەکە تەواو ئەستەم دەکات.

**دووەم: تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان**

هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی مافی مێژوویی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕەوایەتیی مافی داواکردنی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەسەری ناکۆکە، بەڵام بەڵگەکانی بۆ دیاریکردنی سنووری ئەم ناوچانە؛ زۆر توندوتۆڵ نین. لە ڕاستییشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا کەمتەرخەمیی گەورەی پێوە دیارە، هەر بۆیە دەبینین وێڕای ئەوەی کە لە ساڵی (٢٠٠٦) ەوە چەند دامەزراوەیەکی حکومی بۆ کاروباری ناوچە جێناکۆکەکان دروست کراوە، لەوانە: "وەزارەتی کاروباری ناوچە دابڕێنراوەکان لە کوردستان"، کە دواتر بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٠) گۆڕاوە بە "دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە" و سەرۆکەکەشی بە پلەی وەزیر دامەزراوە، بەڵام هێشتا هەوڵێکی جددیی ئەوتۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم وەزارەت و دامەزراوانەشەوە بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافی و کارگێڕیی ناوچە "جێناکۆکەکان" نییە، تەنانەت ماڵپەری ئەلکترۆنیی ئەم دەستەیەش کە ناسراوە بە "دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم"، کە ماڵپەڕێکی زۆر لاوازە و زۆر درەنگ ئەپدەیت دەکرێتەوە، هیچ بەڵگەنامەیەک یان توێژینەوەیەک یان نەخشەیەک یان ئامارێک یان وتارێکی تایبەت بە ناساندن و ژمارەی دانیشتووان و سنوور و پێگەی جوگرافی و مێژووی ناوچە جێناکۆکەکان تیا نییە. لە کاتێکدا بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٠)، کە پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو دەستەیە بریتییە لە "کۆکردنەوە و بەدۆکۆمێنتکردنی بەڵگە و ڕووداوی مێژووی پەیوەندیدار بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان[٩]".

بەڵکوو تائێستا لەلایەن هیچ دامەزراوەیەکی هەرێمی کوردستانەوە پێناسەیەکی فەرمیی ورد و ڕوون بۆ ناوچە جێناکۆکەکان نەکراوە، جگە لەو پێناسە گشتی و ئاڵۆزە نەبێت کە لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠دا هاتووە و دەڵێت: "ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەو ناوچانەن کە لە کوردستان - عێراق بە پێچەوانەی واقعی مێژوویی و جوگرافی دابڕێنراون و ڕێکارەکانی بەعەرەبکردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەیانگرێتەوە[١٠]". بەڵام هەروەک وتمان، ئەم پێناسەیە زۆر گشتییە و بەدیاریکراوی ئەو ناوچانە دەستنیشان ناکات کە بە ناوچە جێناکۆکەکان ناسراون.

دەکرێت بۆ دیاریکردنی تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، پەنا بۆ سەرچاوەی ناڕاستەوخۆ ببەین، وەک پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥)، کە جگە لەو ناوچانەی لەو کاتەدا لەژێر دەستی داعشدا بوون، تا ڕادەیەک لە زۆربەی ناوچانەکانی دەرەوەی هەرێم کە بە جێناکۆک ناسراون؛ ئەنجام درا، ئەو ناوچانەش ئەمانە

> **لە تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەندێک لەم ناوچانە؛ "ناوچەی جێناکۆک نین" وەک هەردوو قەزای (عەقرە و مەخموور)**

بوون: لە نەینەوا (شەنگال، بەرتەلە، حەمدانیە، مەخموور، تەلکیف، وانە، ربیعە، عیازیە، بەعشیقە، قەوس، شیخان، زومار)، لە دیالە (خانەقین، جەلەولا، قەرەتەپە)، لە کەرکووک (کۆی کەرکووک، جگە لەو ناوچانەی کە لەو کاتەدا لەژێر دەستی داعشدا بوون)، لە سەڵاحەدین (جەبارە و دوزخورماتوو)[١١]. ئەم ناوچانە بە درێژایی شریتێکی لێکنەپساو کە نزیکەی (١٠٠٠ کم) دەبێت، هەر لە شەنگالەوە تا مەندەلی، ڕاستەوخۆ لکاون بە باشووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە و ژمارەی دانیشتووانی کورد تیایاندا زیاتر لە یەک ملیۆنە.

بەکورتی: لە تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناوچە جێناکۆکەکان (ئەو ناوچانەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچەی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناویان دەبات و لەدوای (٢٠٠٣)وە داوای گەڕاندنەوەیان دەکات بۆ سنووری حوکمڕانیی خۆی و ئەم پێداگرییەی هەرێمییش لەسەر گەڕاندنەوەیان؛ سیفەتی جێناکۆکی پێ داون).

**سێیەم: تێڕوانینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان**

لە ڕوانگەی ئەو دەقەی لە مادەی (٥٨)دا هاتووە و ڕێگە بە سەرۆکایەتیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵیی عێراق داوە کە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتیی بێلایەن دەستنیشان بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە[١٢]، "ئەنجوومەنی ئاسایش"ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧دا بە بڕیارێک دەسەڵاتی بەخشی بە "نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق – UNAMI"، تا بۆ دانانی ڕێکاری پێویست لە پێناو یەکلاییکردنەوەی کێشەکە؛ ڕاسپاردە پێشکەش بە حکومەتی عێراقی بکات[١٣]، بۆ ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی هەردوو لایەنی کێشەکە (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق)، لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠٠٩)، "UNAMI" ڕاپۆرتێکی (٤٧٢) لاپەڕەیی لە دووتوێی دوو بەرگدا بە ناونیشانی لە "سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکان Disputed Internal Boundaries - الحدود الداخلية المتنازع عليها" پێشکەش کرد. بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتەش، "ناوچە جێناکۆکەکان" لە (١٤) قەزا و (٢) ناحیە پێکهاتووە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون[١٤]:

- لە پارێزگای نەینەوا: قەزاکانی (شەنگال، تەلەعفەر، تەلکێف، شێخان، عەقرە، حەمدانیە و مەخموور) و ناحیەی (قەحتانیە)،
- لە پارێزگای کەرکووک: قەزاکانی (ناوندی کەرکووک، دوبز، حەویجە و داقووق)،

- لە پارێزگای سەڵاحەدین: قەزای "دوزخورماتوو".

- لە پارێزگای دیالە: قەزاکانی (کفری و خانەقین) و ناحیەی "مەندەلی".

هەرچەندە لە تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەندێک لەم ناوچانە؛ "ناوچەی جێناکۆک نین" وەک هەردوو قەزای (عەقرە و مەخموور)، هاوکات ئامادەش نەبوو ئەو ڕاسپاردانە قبووڵ بکات کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە پێشکەش کراون، بەڵام دانانی ڕاپۆرتەکەی بەرز نرخاند، بەتایبەت لە هەوڵیدا بۆ دیارکردنی سنووری جوگرافی و کارگێڕیی ناوچە جێناکۆکەکان پاڵپشت بە چەندین بەڵگەنامە و نەخشە و چاوپێکەوتن و سەردانی مەیدانی.

**چوارەم: پێوەرەکانی گەڵاڵەکردنی تێڕوانینێکی زانستی بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان**

بەر لە هەموو شتێ، دەبێت ڕەچاوی ئەو ڕاستییە بکەین کە چەمکی "ناوچە جێناکۆکەکان" هەر تەنها چەمکێکی یاسایی و دەستووری نییە، بەڵکوو چەمکێکی سیاسی و جوگرافی و دیموگرافی و مێژووییشە، بۆیە ناکرێت تەنها بە پێوەری "یاسایی" یان "سیاسی" پێناسەی بکەین، بەڵکوو دەبێت کۆی پێوەرەکان یان زۆربەیان لەم پێناسەکردنەدا ڕەچاو بکەین. لەم ڕوانگەیەوە، بە بڕوای کوردەکانی عێراق، ناوچە کوردستانییەکانی عێراق ئەو ناوچانەن کە لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە لە ١٩٢١؛ زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون، بەتایبەتییش بەر لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧، بەڵام لە سایەی سیاسەتی خراپی حکومەتە یەکلەدوایەکەکانی عێراق بەگشتی و ڕژێمی بەعسیش بەتایبەتی، بەشێکی زۆر لەم ناوچانە دووچاری گۆڕینی دیمۆگرافی بوون بە ڕاگواستن و دەرکردنی دانیشتووانە کوردەکانیان و بە تەعریبکردن و گۆڕینی ناسنامەیان و بە نیشتەجێکردنی کەسانی تر لە جێیان و بە دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵ و زەوییان و کردنی بە ناوی کەسانی ترەوە، هەروەها بە گۆڕینی سنووری کارگێڕیی ئەو ناوچانە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی چڕیی دانیشتووانی کورد تیایاندا. بە درێژایی ئەم ماوەیەش، بەتایبەت لە کاتی هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر کورسیی حوکم لە عێراقدا، کوردەکان لەپاڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی چەکداری دژی ئەم سیاسەتە خراپانە، چەندین جار لەگەڵ حکومەتی عێراقی چوونەتە ناو دانوستان، لە پێناو ڕاگرتنی ئەو سیاسەتانە و دانانی بە کوردیبوونی ئەو ناوچانە و بەخشینی مافی بەڕێوەبردنیان بە کورد خۆی، بەڵام هەمیشە ئەم دانوستانانە شکستیان هێناوە و سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی و کارگێڕی و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو ناوچانە و دانیشتووانیان؛ بەردەوام بووە. لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، بەشێک لەم ناوچانە کەوتنەوە دەستی کورد، دوای دانوستانێکی تری کورد لەگەڵ ڕژێمی بەعس و شکستهێنانی، "حکومەتی هەرێمی کوردستان" وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەشە ڕزگارکراوانە دامەزرا، بەڵام بەشەکەی تری کە زیاد لە نیوەی ناوچە کوردستانییەکانی عێراقە، لەژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا مانەوە تا ٢٠٠٣/٣/١٩، لەدوای ئەم ڕێکەوتەشەوە، ئەو

ناوچانە کە لەدوای ڕاپەڕینەوە لە دەستی بەعسدا مابوونەوە، بوونە جێی ململانێ و ناکۆکیی نێوان "حکومەتی هەرێمی کوردستان" و "حکومەتی عێراق"، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم لەپاڵ ئەوەی داوای گەڕاندنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە دەکات بۆ بەر لە سەرژمێریی ١٩٥٧، کاتێک کورد تیایاندا زۆرینەی دانشتووانیان بووە، هاوکات داوای گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ ژێر سایەی بەڕێوەبردنی خۆی و لکاندنەوەیان بە هەرێمی کوردستانەوە دەکات، بەرامبەر بەم داواکارییەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، حکومەتی عێراق ئامادە نییە دەستبەرداری بەشێک لەو ناوچانە بێت، بەتایبەت کە هەندێکیان ناوچەی دەوڵەمەندن بە سەرچاوە سروشتییە ستراتیژییەکانی وەک نەوت و گاز، هەر لەبەر ئەمەش ئەم ناوچانە لە دەستووری کاتیی ٢٠٠٤ و دەستووری فیدراڵیی ٢٠٠٥ بە "ناوچە جێناکۆکەکان" ناوزەند کران، ئەم ناکۆکییەش تەوەرێکی سەرەکیی ئەو کێشانەیە کە تا ئێستا لەنێوان هەردوو لایەندا بەردەوامە. کەواتە بۆ پێناسەکردنی ناوچە جێناکۆکەکان و دیاریکردنی هەر ناوچەیەکیش لە عێراقدا کە "جێناکۆکە یان نا؟"، دەبێت بە لایەنی کەمەوە ڕەچاوی سێ پێوەر بکەین کە ڕەنگدانەوەی هەرسێ تێڕوانینەکەی "حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان"ە، ئەو سێ پێوەرەش بریتین لەمانە:

١. ناوچەکە بەر لە سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧، زۆرینەی دانیشتووانی کورد بووبێت.

٢. ناوچەکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە (بەتایبەت ڕژێمی بەعس) دووچاری شاڵاوەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی و کارگێڕی و ناسنامەی نەتەوەیی بووبێت.

٣. ناوچەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوای مافی بەڕێوەبردن و لکاندنەوەی بە هەرێمەوە لەسەر بێت.

بە ڕەچاوکردنی هەرسێ پێوەرەکەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین: "ناوچە جێناکۆکەکان ئەو ناوچانەن کە بەر لە ١٩٥٧؛ زۆرینەی دانیشتووانیان کورد بوون و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە (بەتایبەت لە سەردەمی حوکمڕانیی ڕژێمی بەعسدا) دووچاری شاڵاوەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی و کارگێڕی و ناسنامەی نەتەوەیی بوون و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوای مافی بەڕێوەبردن و لکاندنەوەیان بە هەرێمەوە لەسەر هەیە." ئەگەرچی لە ڕووی کردارییەوە هەندێک لەم ناوچانە بۆ ماوەیەک (لە ساڵی ٢٠٠٣-ەوە تا ٢٠١٧) کەوتوونەتەوە دەست هەرێم، وەک کەرکووک و دوزخورماتوو و جەلەولا و هەندێک ناوچەی تر، بەڵام تا ئێستا دان بە گەڕاندنەوەیان بۆ ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەنراوە. سنووری جوگرافی و کارگێڕیی ئەم ناوچانەش، ئەو شریتە زەوییە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لکاوە بە باشووری ئەو سنوورەی هەرێمی کوردستانەوە کە تا ڕێکەوتی (٢٠١٧/٣/١٩) لەلایەن حکومەتی ئەم هەرێمەوە بەڕێوە براوە، ئەم شریتە زەوییە لە شەنگالەوە کە هاوسنووری سووریایە، دەست پێ دەکات و بەرەو "شێخان" لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوات، ئەمجا لەویوە بۆ

باشوور دادەبەزێت و بە درێژایی کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کۆی چوار قەزاکەی "پارێزگای کەرکووک" لەخۆی دەگرێت، تا دەگاتە ناحیەی "مەندەلی" لەسەر سنووری ئێران. بۆیە ئەم شریتە زەوییە، بەپێی هاوسێیەتیی سنووری جوگرافی، ئەم یەکە کارگێڕییانەی خوارەوە لەخۆی دەگرێت:

قەزای شەنگال و تەلەعفەر و تەلکێف و شێخان و عەقرە و حەمدانیە و ناحیەی قەحتانیە لە پارێزگای نەینەوا، هەموو پارێزگای کەرکووک بە هەر چوار قەزاکەیەوە، قەزای ناوەندی کەرکووک و دوبز و حەویجە و داقوق، قەزای دوزخورماتوو لە پارێزگای سەڵاحە دین، لەگەڵ قەزاکانی کفری و خانەقین و ناحیەی مەندەلی لە پارێزگای دیالە.

**ئەنجام**

١. بۆ پێناسەکردنی چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان بە شێوەیەکی زانستیی ورد و بۆ دیاریکردنی هەر ناوچەیەکیش لە عێراقدا کە "جێی ناکۆکییە یان نا؟"، دەبێت بە لایەنی کەم ئەم سێ پێوەرە ڕەچاو بکەین: ١. بەر لە سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧، زۆرینەی دانیشتووانی کورد بووبێت. ٢. لەلایەن حکومەتی عێراقەوە (بەتایبەت ڕژێمی بەعس) دووچاری شاڵاوەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی و کارگێڕی و ناسنامەی نەتەوەیی بووبێت. ٣. لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوای مافی بەڕێوەبردن و لکاندنەوەی بە هەرێمەوە لەسەر بێت.

٢. کەواتە مەبەست لە چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەو ناوچانەن کە بەر لە ١٩٥٧ زۆرینەی دانیشتووانیان کورد بوون و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە (بەتایبەت لە سەردەمی حوکمڕانیی ڕژێمی بەعسدا) دووچاری شاڵاوەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی و کارگێڕی و ناسنامەی نەتەوەیی بوون و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوای مافی بەڕێوەبردن و لکاندنەوەیان بە هەرێمەوە لەسەر هەیە.

٣. بەپێی ئەو سێ پێوەرە و پێناسەکەی سەرەوە، لە عێراقدا ئەم یەکە کارگێڕییانە بە ناوچەی جێناکۆک ئەژمار دەکرێن: قەزای شەنگال و تەلەعفەر و تەلکێف و شێخان و عەقرە و حەمدانیە و ناحیەی قەحتانیە لە پارێزگای نەینەوا، هەموو پارێزگای کەرکووک بە هەر چوار قەزاکەیەوە، قەزای ناوەندی کەرکووک و دوبز و حەویجە و داقوق، قەزای دوزخورماتوو لە پارێزگای سەڵاحەدین، لەگەڵ قەزاکانی کفری و خانەقین و ناحیەی مەندەلی لە پارێزگای دیالە.

**سەرچاوەکان:**

(١) برگەی (ج)ی مادەی (٥٨)ی یاسای قۆناغی گواستنەوەی ٢٠٠٤، دەڵێت: "تؤجّل التسوية النهائية للأراضي المتنازع عليها، ومن ضمنها كركوك، إلى حين استكمال الإجراءات أعلاه، وإجراء إحصاءٍ سكاني عادلٍ وشفّافٍ، وإلى حين المصادقة على الدستور الدائم، يجب أن تتمّ هذه التسوية بشكلٍ يتّفق مع مبادئ العدالة، آخذاً بنظر الاعتبار إرادة سكّان تلك الأراضي".

(٢) برگەی "دووەم"ی مادەی (١٤٠)ی دەستووری ٢٠٠٥ دەڵێت: "المسؤولية الملقاة على

السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية، والمنصوص عليها في المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، تمتد وتستمر الى السلطة التنفيذية المنتخبة بموجب هذا الدستور، على أن تنجز كاملةً (التطبيع، الإحصاء، وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الأخرى المتنازع عليها، لتحديد إرادة مواطنيها) في مدةٍ أقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الأول سنة ألفين وسبعة".

(٣) ورد فى الأمر الادارى الصادر من لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ المرقم (١٥٩) فى (٢٠١١/١٢/١١) أن المناطق المتنازع عليها: "هي المناطق التي تعرضت لممارسات النظام السابق والمتمثلة بالتغير الديموغرافي وتغيير الوضع السكاني من خلال ترحيل ونفي وتهجير الافراد من اماكن سكناهم كهجرة قسرية وتوطين او عدم توطين افراد اخرين مكانهم ومصادرة الاملاك والاراضي والاستملاك واطفاء الحقوق التصرفية وحرمانهم من العمل من خلال تصحيح القومية او من خلال التلاعب بالحدود الادارية لتلك المناطق بغية تحقيق اهداف سياسية كان يبغيها النظام السابق".

(٤) المحكمه الإتحاديه العليا، القرار المرقم (١١٣/اتحادية/٢٠١٧) فى (٢٠١٧/١٠/٢٩)، متوفر على الرابط الآتي: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2017/113_fed_2017.pdf

(٥) بڕگەی (أ) لە مادەی (٥٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ساڵی ٢٠٠٤.

(٦) مادەی (١٤٣)ی دەستووری کۆماریی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، دەڵێت: "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی هەڵدەوەشێنەوە لەپاش پێکهێنانی حکومەتی نوێ، جگە لە بڕگەی (أ)ی مادەی (٥٣) و مادەی (٥٨)."

(٧) مادەی (١١٧)ی دەستوری کۆماریی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، لە بڕگەی "یەکەم"یدا دەڵێت: "ئەم دەستووره لە ڕێکەوتی پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی".

(٨) المحكمه الإتحاديه العليا، القرار المرقم (٤٣/اتحادية/٢٠١٨) فى (٢٠١٨/٣/١١)، متوفر على الرابط الآتي: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2018/43_fed_2018.pdf

(٩) بڕگەی (٥) لە مادەی (٣)ی یاسای دەستەی گشتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەره، ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠١٠.

(١٠) بڕگەی (٥) لە مادەی (٢)ی یاسای ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠١٠.

(١١) شبكة أخبار العراق، تعرف على المناطق المشمولة بالاستفتاء من خارج الإقليم، متوفر على الرابط الآتي: http://aliraqnews.com/تعرف-على-المناطق-المشمولة-بالاستفتاء/

(١٢) بڕگەی (٢) لە مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ساڵی ٢٠٠٤.

(١٣) قرار مجلس الأمن الدولى المرقم (١٧٧٠) فى ٢٠٠٧.

(١٤) بعثه الأمم المتحدة لمساعدة العراق، الحدود الداخلية المتنازعة عليها (تقرير)، الجزء الأول، ترجمة غير رسمية، ٢٠٠٩، ص ص ٢٣ - ٢٧٠.

# ئایندەی کوردستانی سوریا لە نێوان ململانێی نێوخۆیی و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا



هەژار هەمزە سەلیم / توێژەر



**بەرایی**

ڕۆژئاوای کوردستان لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و شەڕ و ململانێی نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا و حکومەتی سووریا دروست بووە، ئەم هەرێمە هەرێمێکی ئەمری واقعە، لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە بەڕێوە دەبرێت و دەپارێزرێت. ئاڵۆزیی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان؛ هەلێکی زێرینیان بۆ کورد و پێکهاتە ئایینییەکانی ئەو وڵاتە خۆش کرد کە هەرێمێکی دیموکراسی بنیاد بنێن، ناوچەکەیان بپارێزن لە شەڕ و ململانێی ناوخۆیی و وێرانبوونی ژێرخان و سەرخانی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا. ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا هەرێمی دیموکراسیی ڕاستەقینەی سووریایە کە توانیویەتی لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکاتە ئایینی و مەزهەبییەکان دەستەبەر بکات. هەموویان بەشداری لە بەڕێوەبردن و بەرگریکردن لە هەرێمەکە بکەن. ئەو ناوچەیە زۆرینەی لە کورد پێک دێت، ساڵانێکی زۆرە بێبەش بوون لە مافی هاوڵاتیبوون و ڕەگەنامەی سووری، لە ئێستادا توانیویانە هەرێمێک و هێزێکی سەربازی بنیاد بنێن کە بەشێکن لە هاوکێشە گرنگ و چارەنووسسازەکانی سووریا و



ناوچەکە. ئایندەی ئەزموونەکەی لەبەردەم چەندین ئەگەری سەرکەوتن و مەترسی و هەڕەشە ناوخۆی و دەرەکییەکاندایە. ڕۆژئاوای کوردستان کە بە بەڕێقبەرییە خۆسەرە باکوورە خۆرهەڵاتە سووریا ناو دەبرێت، سنوورە جوگرافییەکەی هەریەکە لە پارێزگای حەسەکە و ڕەقە و حەلەب و دیرزورو دەگرێتەوە و قامیشلۆ پایتەختەکەیەتی. جوگارافیا و سنوورەکەی، ئاماژەی سەرکەوتنێکی گەورە و ستراتیجیی ئەو هێزەیە لە ڕووی سەربازی و کارگێڕییەوە. وە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتووانەکەی؛ کورد و عەرەب و ئاشووری، کۆمەڵێکی بچووکی تورکمان و لە ڕووی ئایینیشەوە مسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و ئەرمەن پێک دێت[1].

لە ڕووی سەربازییەوە ڕۆژئاواکوردستان لە شەڕی دژی تیرۆر؛ سەرکەوتنێکی گەورە و ستراتیجیی بەدەست هێنا، بەتایبەتی کە داعش لەسەر دەستی هێزەکانی سووریا دیموکرات کوتایی پێ هات. ڕۆژئاڤای کوردستان سەرەڕای ئەو سەرکەوتنەی کە لە ڕووی کارگێڕیی سەربازییەوە هەیەتی، بەڵام لە ڕووی دیبلۆماسی، سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دنیا؛ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست و بەرەنگاریی یەکجار گەورە و چارەنووسساز بووەتەوە و دەبێتەوە.

## سیستمی سیاسی و کارگێڕیی ڕۆژئاوای کوردستان

سیستمی سیاسی و کارگێڕیی ڕۆژئاوای کوردستان، سیستمێکی عەلمانیی دیموکراسیی یەکسانی نێوان ژن و پیاوە، وە داوای لامەرکەزیی فیدراڵی بۆ هەموو سووریا دەکات، هەمەڕەنگیی نەتەوەیی و ئایینی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەشداریی چالاکانەی ژن و بنەماکانی دیموکراسی؛ گرنگترین پایەکانی سیستمی حوکمڕانیی ڕۆژئاوا کوردستانیە[2] بە بەراورد بە ناوچەکانی تری ژێر دەستی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر و ڕژێمی سووریا، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ڕۆژئاوای کوردستان دەگێڕێت. هەموو قەوارە نادەوڵەتییەکان، پێوستیان بە پابەندبوونی مافی مرۆڤ و دیموکراسیی پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەیە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی. ڕۆژئاوای کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووی تەندروستی فەرمانڕەوای پێشکەش کرد، ئەمەش وای کرد کە زیاتر هەرێمەکە لە پێگەی نێودەوڵەتی بەهێزتر بکات و وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو سەیر بکرێت.

هەرێمی ڕۆژئاوا دوای دامەزراندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای سنوورەکانی، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر داهات، جێگیر نەبووە ئەمەش بە هۆی سەرکەوتنەکانی بووە لە ڕووی سەربازییەوە لە شەڕی دژی تیرۆر و داگیرکارییەکانی تورکیا لە ڕۆژئاڤای کوردستان. ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕووی ڕووبەری جوگرافی و ژمارەی دانیشتووان، دیمۆگرافیا و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینیشی گرتووەتەوە. دەکرێت سنووری جوگرافیای ڕۆژئاوا بۆ سێ قۆناغ، بۆ قۆناغی پێش داعش و قۆناغی دوای داعش، قۆناغی دوای پەلامارەکانی تورکیا:

چڵە زەیتوون بۆ سەر عەفرین و کانی ئاشتی بۆ سەر گرێسپی خۆرهەڵاتی فورات دابەش بکرێت. لە سەرەتادا ڕووبەری جوگرافیای هەریەکە لە قامیشلۆ و عەفرین و حەسەکە؛ کۆبانێ بوو، دواتر لە ڕۆژهەڵاتی فورات هەریەکە لە ڕەقە و دێرزور و ئەبوکەمال و باهۆزیشی گرتەوە لە خۆرئاوی فوراتیش؛ مەنبج و بەشێک لە پارێزگای حەلەب لە گەڕەکەکانی شێخ مەقسوودی گرتەوە.

## ژێرخانی ئابووری و سامانی سروشتی

جوگرافیا و ڕووبەری ڕۆژئاوا، ناوچەیەکی گرنگی نەوتی و کشتوکاڵیی ئاویی دەوڵەمەندە و پاڵێوگای نەوتی هەیە، لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و سامانی سروشتیی نەوتی و گازی و ئاوی و کشتوکاڵیی زۆر بەهێز و دەوڵەمەندە بە بەراورد بە هەموو جوگرافیا و خاکی سووریا. ئەو نەوتەی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوادایە، ڕێژەی ٩٠٪ی نەوتی هەموو سووریاییە، لە کاتێکدا یەدەگی نەوتی دڵنیاکراوی سووریا؛ یەک ملیار بەرمیل نەوتە کە دەکاتە 0.18%ی یەدەگی نەوتی دڵنیاکراوی جیهان. لە ساڵی ٢٠١٠دا، بەرهەمهێنانی نەوت لە سووریا ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل بوو، کە ٢٥٠ بەرمیلیان بۆ پێداویستیی ناوخۆی دەوڵەتی سووریا بووە و ١٥٠ هەزاریشی ڕەوانەی دەرەوە دەکرا[٣]. ئێستا هەرێمی ڕۆژئاوا خاوەنی ”ڕێککەوتننامەی نەوتیی نێوان دەلتا کرسنت ئێنرجی ئەمەریکی[٤]“یە، بە مەبەستی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا و پاڵاوتنی نەوتی، کە ئەمە بە یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتە ئابووری و سیاسی و جیۆسیاسییەکانی بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای دادەنرێت و هەنگاوێکی گرنگی دانپێدانانە بە دیفاکتۆبوونی ئەزموونەکەی. هەروەها گرنگترین هەنگاوی ژێرخانی ئابوورییە، کە پێداویستییەکانی وزەی ڕۆژئاوا دابین و مسۆگەر دەکات. لە ڕووی داهاتی ئابوورییشەوە، سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی پەرەپێدانی هەرێمی ڕۆژئاوایە.

سەبارەت بە غاز،

**“ئەو نەوتەی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوادایە، ڕێژەی ٩٠٪ی نەوتی هەموو سووریاییە”**

بەرهەمهێنانی ئەم وزەیە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوا دەگاتە ٤٥٪ی بەرهەمهێنانی هەموو سووریا[٥]. ڕۆژئاوا زۆرینەی بەنداو و پرۆژە ئاودێرییەکانی سەر ڕووباری فوراتی لەژێر دەسەڵاتدایە، وەک بەنداوی فورات و بەنداوی بەعس کە سەرچاوەی گرنگی بەرهەمهێنانی کارەبا و پرۆژەی ئاودێریی کشتوکاڵین. زەوییە کشتوکاڵییەکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە پارێزگای حەسەکە، دێرەزوور، ڕەقە و باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، لە هەرە زەوییە بەپیتەکانی سووریان کە گونجاون بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و نیسک و لۆکە[٦]. لە هەمان کاتدا گەورەترین کارگەی چیمەنتۆ لە سووریا، کارگەی "لافارج"ی فەڕەنسییە لە کۆبانێ کە ڕۆڵێکی گەورە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ئابووریی ڕۆژئاوا دەگێڕێت.

پێش دەستپێکردنی شەڕی سووریا، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە نزیکەی نیوەی داهات و ئابووریی سووریای پێک دەهێنا و ڕێژەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی سووریاش لەم ناوچەیە دەگەیشتە ٤٢٪[٧]. لێرەدا پێگەی جوگرافی و ژێرخانی ئابووریی ڕۆژئاوا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرە و چارەنووسساز دەگێڕێت لە ئایندەی ڕۆژئاوا. بەم شێوەیە پێگەی ئابووری و جوگرافیی ڕۆژئاواکوردستان، لە دوو لایەنەوە گرنگە:

یەکەم: لە پەرەپێدانی ناوخۆیی و پشتبەخۆبەستن بۆ دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، کە دەتوانێت بیکات بە هەرێمێکی بەهێز کە کەمتر پێویستی بە پشتیوانیی ئابووری و هاوکاریی مرۆیی دەرەکی بێت.

دووەم: بەکارهێنانی ناوچە و پێگە نەوتی و ئاوییەکان لە گفتوگۆ و دانوستانەکان، بۆ ئەوەی پێگەیەکی بەهێزی هەبێت لە سەودا و ئاڵوگۆڕ بە ناوچەکان، لە هەمان کاتدا نەوت وەک سەرچاوەیەکی ئابووریی سیاسی سوود لێ ببینێت، تەنانەت نەوت ببێت بە هۆکاری ئەوەی کە ئەمەریکا و هاوپەیمانان پاشەکشێی تەواوەتی لە سووریا نەکەن. دۆناڵد ترەمپ؛ سەرۆکی ئەمەریکا، لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە پەراوێزی لوتکەی ناتۆ، ڕایگەیاند: "ئێمە ناوچەیەکی نەوتیمان لەنزیک سووریا و لە سووریادا هەیە کە سەربازەکانمان لەوێن بۆ پاراستنی[٨]" و لە تویتێکی تردا دەڵێت: "نامانەوێت ببین بە پۆلیس لە ناوچەکە، ئێمە لەوێین بۆ پاراستنی بیرە نەوتەکان. لەبیرتانە هەمیشە دەڵێم نەوت دەپارێزین![٩]" لە هەمان کاتدا وەزیری بەرگریی ئەمەریکا؛ مارک ئیسپر دەڵێت: "ئێمە بیرە نەوتەکانمان لەژێر دەستدایە، داعشمان لێ بێبەش کردووە و بۆ هێزەکانی سووریای دیموکراتمان دابین کردوون، بۆ ئەوەی سوود لە داهاتەکەی ببینن.[١٠]" لە لایەکی ترەوە لیندس گرامی؛ گەورە سیناتۆری کۆمارییەکان، بۆ فۆکس نیوزی وتووە: "نەوت بۆ بەرژەوەندیی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەپارێزین.[١١]" لەبەر ئەم هۆکارانە، نەوت ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە هێشتنەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوا و لە کەوتنی یەکجاریان پاراست. بە هەمان شێوە ڕێککەوتننامەی نەوتی "دیلتا

کریسنت ئینرجی"، ئاماژەیەکە بۆ مانەوەی ئەمەریکا لە سووریا. لەم بارەیەوە مەزلوم عەبدی؛ سەرکردەی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەڵێت: "وەبەرهێنانی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی فورات، ئاماژەی هەنگاوێکی سیاسییە بۆ دانانی بە ئیدارەی سەربەخۆی ڕۆژئاوا و گەرەنتیی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان.[١٢]"

## هێزی سەربازیی ڕۆژئاوا و پاڵپشتیی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهانی

ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕووی هێزی سەربازییەوە بە یەکێك لە بەهێزترین و تۆکمەترین هێزەکانی ناوخۆی سووریادا دادەنرێت و بە هێزەکانی سووریای دیموکرات (قەسەد) ناو دەبرێت. ئەم هێزە لە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پێک هاتووە و لە 60 هەزار شەڕڤان لەخۆ دەگرێت[١٣]. قەسەد خاوەن فەلسەفە و دیسپلینێکی سەربازیی شۆڕشگێڕانەیە و لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێک دێت[١٤]، تۆکمەیی ئەم هێزە لەوەدایە کە توانیویەتی ببێت بە بەشێک لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژەتیرۆر و داعش لە سووریا[١٥]. ئەم هێزە لە ڕووی مەیدانییەوە توانیی خۆی بسەلمێنێت و بە پاڵپشتیی لۆجستیی هاوپەیمانان و ئەمەریکا؛ توانیی ڕووبەرێکی گەورە و ستراتیژی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، کە دەکاتە ٪٣٠ی کۆی ڕووبەری خاکی سووریا . هێزی سەربازیی ڕۆژئاواکوردستان؛ سێ شەڕی گرنگی ئەنجام داوە، یەکەم: شەڕی دژی داعش و تیرۆر کە سەرکەوتوو بوو. دووەم شەڕی دژی تورکیا و هیزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر لە عەفرین کە توانیی ٥٩ ڕۆژ بەرگریی سەخت دژی تورکیای دووەم گەورەهێزی ناتۆ و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر بکات. دواتر عەفرینی لەدەست دا کە دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو لەم شکستە سەربازییە، یەکەم: ناوچەی عفرین کەوتووەتە ڕۆژئاوای فورات ، ناوچەی جێ نفووزی ڕووسیا بوو. ڕووسیاش دوای چەند ڕێککەوتنێکی نهێنیی ئابووری و سیاسی و سەربازی و ستراتیجی، ڕێگای دا بە سوپای تورکیا کە ئەم ناوچەیە داگیر بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە وا تورکیا ئۆپۆزسیۆنی سووریای ناچار کرد لە ناوچەکانی غۆتەی شەرقی و قونەیترە و غۆتەی غەربی بکشێنەوە، وە گرێبەستە سەربازییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا، بەتایبەتی سیستەم بەرگریی ئاسمانیی (S-400) هەر لە بارەی گرێبەست و مامەڵەی (S-400)ی ڕووسیا و تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان وتی: "مامەڵەی سیستەمی بەرگریی (S-400)ی ڕووسی، نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندیی بە ئاسایشی ئەمەریکا و ناتۆ یان پڕۆژەی فڕۆکەی (F-35)وە نییە، بەڵکوو سووربوونمان لەسەر ئەم گرێبەستە؛ ڕوون و ئاشکرایە، بەڵکوو پەیوەندیی بە ئازادیی جووڵەکانمانە لە ناوچەکە و لە سووریادا.[١٧]" قۆناغی سێیەمی شەڕی سەربازیی ڕۆژئاوا کوردستان لەگەڵ تورکیا و گرووپە تیرۆرستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بوو، کە تورکیا بە ناوی کانی ئاشتی هێرشی کردە سەر سەرێکانی و گرێسپی،

ئەمەش هەرێمی ڕۆژئاوای تووشی پاشەکشەیەکی بەرچاوی جوگرافی و سەربازی کرد.

**پەیوەندییەکانی دەرەوە، مامەڵەی ناوخۆیی و هەرێمی**

ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی، تا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی هەرێمی و جیهانی دانی پێدا نەناوە[١٨]، بەڵام مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دژی نەوەستاون. لەم نێوەندەدا ڕۆژئاوا لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی پەیوەندییەکی باشی هەیە و لە چەندین وڵات نووسینگەی دامەزراندووە: نووسینگەی ڕۆژئاوای کوردستان لە وڵاتی چیک لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤، فەڕەنسا: ٢٠١٦/٥، ئەڵمانیا: ٢٠١٦/٥، هۆڵەندا: ٢٠١٦/٩، ڕووسیا: ٢٠١٦/٢ و سوید: ٢٠١٦/٤. بەڵام وەک دانانان بە هەرێمێکی سەربەخۆی فیدراڵی، تاوەکوو ئێستا هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی داهاتووی سووریا نەکراوە، تەنها چەند کۆنفرانس و کۆبوونەوەیەک لەنێوان هێزە ناکۆکەکانی سووریا ئەنجام دراوە. ڕۆژئاوای کوردستان لەو کۆنفرانس و کۆنگرە و ڕێککەوتننامانەی کە لە بارەی سووریاوە بەڕێوە چوون؛ بەشداریی پێ نەکراوە، چ ڕێککەوتننامەکانی جنێف و کۆنگرەکانی ئەستانە و سووچی و چ نووسینەوەی دەستوور[١٩].

هەرێمی ڕۆژئاوا ئەو کاتە تووشی نسکۆ و پاشەکشێ بوو کە لە ڕووی دیپلۆماسییەوە نەیتوانی ڕێگری بکات لە داگیرکارییەکانی تورکیا بۆ هەرسێ ناوچەی عەفرین و جرابلوس و سەرێکانی و گرێسپی، نەیتوانی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە پاڵپشتیی دیبلۆماسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دژی داعش بەدەست بهێنێت بۆ ڕێگری لە داگیرکارییەکانی تورکیا. ئەم پاشەکشێیە سەربازی و جوگرافییە لەو ناوچەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکا ڕێگای دا کە تورکیا بە درێژایی ١٢٠ کیلۆمەتر و بە قووڵایی ٣٢ کیلۆمەتر بێتە ناوەوەی ڕۆژئاوای کوردستان، بەمەش تورکیا توانیی چەندین ناوچەی ستراتیژی لە ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکات لە ڕووی جوگرافییەوە و شارەکانی کۆبانێ و قامیشلۆ و حەسەکە لێک دابڕێت و عەفرین بەتەواوی داگیر بکات و خەونی گەیشتنی ڕۆژئاوا و کورد بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست یان نزیکبوونەوە لێی؛ لەبار بەرێت. بیانووەکانی تورکیا بۆ ئەم داگیرکارییە ئەوەیە کە یەپەگە و یەپەژە سەر بە پارتی کرێکاران (پەکەکە) و دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆی کورد لە ڕۆژئاوا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە خەباتی نەتەوەیی کورستانی باکوور. تورکیا پێی وایە سەرکەوتنی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان؛ مەترسیی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا دەبێت لە ڕووی ئابووری و ستراتیژییەوە، بەوەی کە ڕەنگە ڕۆژئاوا ببێت بە بەدیلی تورکیا لە گواستنەوەی نەوت و غازی دەریای قەزوێن، ئێران، عێراق و سووریا بۆ سەر دەریای ناوەڕاست و ئەورووپا، بەمەش پێگەی ستراتیژیی تورکیا لە ناوچەکە و جیهان لاواز دەکات، لە هەمان کاتدا کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لە ڕووی ئابوورییەوە.

لە لایەکی ترەوە تورکیا هاوکارییەکی ڕاستەوخۆی سەربازی و ئابووری و سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی سووریای کردووە، بەتایبەتی گرووپە چەکدارە ئیسلامییە توندڕەوەکان. تورکیا؛ باکووری سووریا بە ناوچەی جێگە نفووزی خۆی دەزانێت و هێرشی سەربازی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و داگیرکردنی چەندین ناوچەی گرنگ و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە، بۆ ئەوەیە خەونی هەرێمێکی یەکگرتووی جوگرافی و دێموگرافی لەبار بەرێت[٢٠]. تورکیا توانیی هێرشەکانی بکات و سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی بەشێك لە ئامانجەکانی و هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تورکیا توانیی هەریەکە لە ئەمەریکا و ڕووسیا ڕازی بکات بۆ ئەم دەستتێوەردان و داگیرکارییە[٢١]. ڕووسیا لە ڕۆژئاوای فورات لە عەفرین و ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی فورات، ڕێگەیان بە تورکیا دا یان بە لانی کەمەوە بێدەنگ بوون. لە سەرەتادا لە ڕۆژهەڵاتی فورات ڕێککەوتن لەنێوان ئەمەریکا و تورکیا کرا کە ناوچەی ئارام لەنێوان گرێسپی و سەرێکانی لەلایەن هێزی هاوبەشی ئەمەریکی-تورکی چاودێری بکرێت، بەڵام دواتر تورکیا پاشگەز بوویەوە، چونکە ئەمەی بەوە لێک دایەوە کە دانانێکی ڕاستەوخۆیە بە واقیعی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە دوای مانگێک هێرشەکانی دەست پێ کردووە و ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لە کۆبانێ، قامیشلو و نێوان گرێسپی و سەرێکانی کشاندەوە بە قووڵایی ٣٢ کیلۆمەتر.

گرنگترین زیانەکانی گەڕانەوەی جارێکی تری هێزەکانی حکومەتی دیمەشقی سەر بە بەشار ئەسەد، دەرکردن و ئاوارەکردنی کوردەکانی ئەو ناوچەیەیە و جێگیرکردنی عەرەب و تورکمانەکانی ناوچەکانی ئیدلب و حەلەب بوو. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم هێرش و پەلامارانە، سەرەڕای مەترسی و زیانەکانی، لە ڕووی ڕای گشتیی جیهانییەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، یەکێتیی ئەورووپا ئیدانەی پەلامارەکانی کرد و داوایان لە تورکیا کرد کە هێرشەکانی بوەستێنێت و سەرکۆنەی تورکیایان کرد[٢٢]، هەروەها پەرلەمانی ئەورووپا بە هەمان شێوە سەرکۆنەی هێرشەکەی کرد و بە پێشێلکارییەکی ترسناکی یاسای نێودەوڵەتی وەسف کرد[٢٣]. لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا، هەریەکە لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا ئیدانەی هێرشەکانیان کرد و داوای قەدەغەی فرۆشتنی چەکیان کرد بە تورکیا[٢٤]. لە ئەمەریکا و لەسەر ئاستی میدیا، هێرشەکانی تورکیا بە خیانەتی ئەمەریکا لە کوردەکانی سووریا لێک درایەوە و دۆنالد ترەمپ بە هۆکاری ئەم خیانەتە تۆمەتبار کرا و بەپەلە داوای ڕاگرتنی شەڕ کرا. ئەم ورووژاندنە میدیاییە کە دژی ترەمپ و تورکیا دروست بوو، کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا دروست کرد و کار گەیشتە ئەوەی ترەمپ بانگهێشتی مەزلوم کۆبانێ بکات بۆ ئەمەریکا، لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی یاساداناني ئەمەریکا و لە کۆنگرێس هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتەکان یەک هەڵوێست بوون بەرامبەر بە ترەمپ و سیاسەتەکانی

لەهەمبەر سووریا. سیناتۆری دیاری ئەمەریکا؛ لیندسی گرام، ڕایگەیاند: "سوپای تورکیا گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵنەکراوە هێرشی بەرفراوان بکاتە سەر هاوپەیمانەکانمان، ئەگەر هێرشی بەرفراوان بکەن، ئەوە ئەو پەیوەندییە شلۆقەی نێوان ئەمەریکا و تورکیا کۆتایی دێت[٢٥]." هەروەها پرۆژەی سزادانی تورکیا خرایە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران و بە شێوەی فەرمی ئیلهام ئەحمەد؛ سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە)یان بانگهێشتی ئەمەریکا کرد. جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بە سەردانی فەرمی سەردانی تورکیای کرد و لێکتێگەیشتننامەیەکی نوێ[٢٦] ئەنجام درا کە گرنگترینیان ئەوە بوو تورکیا نابێت جگە لە سەرێکانی و گرێسپی، پەلاماری هیچ ناوچەیەکی تر بدات.

سەبارەت بە ڕژێمی بەشار ئەسەد، تا ئێستا لە ڕووی سەربازییەوە هیچ شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان هێزەکانی ڕۆژئاوا و سووریا ڕووی نەداوە، بەڵام سووریا دان نانێت بە هیچ واقعێکی کوردی لە سووریا، کە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی سیاسی و دیپلۆماسی بێت. بۆیە ئایندەی پەیوەندییەکانی سووریا و ڕۆژئاوا، پەیوەستە بەو گۆڕانکارییانەی کە لەنێوان هێزەکان لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسییەوە ڕوو دەدەن. سەبارەت بە ڕووسیا، لە سەرەتادا لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بوو لەگەڵ یەپەگە و ئەم هێزە نوێنەرایەتییان لە مۆسکۆ هەبوو، بەڵام ڕووسیا بەپێی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە؛ مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژئاوا کردووە و دوای ئەوەی ڕێککەوتننامەی سەربازی، ئابووری، سیاسی و ستراتیژیی لەگەڵ تورکیادا ئەنجام دا، سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا گۆڕا و ڕێگەی بە تورکیا دا کە جەرابلوس و عەفرین داگیر بکات. ڕووسیا هەمیشە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پاشەکشەی ڕۆژئاوا، مامەڵەکانی نە لە ڕووی دیپلۆماسی و نە لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە لە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا نەبوون. دوایین مامەڵەی ڕووسیا بریتی بوو لە ڕێککەوتنی نێوان ئەردۆگان و پۆتین لەسەر ناوچەی ئارام کە لەدوای پرۆسەی کانی ئاشتی لە سەرێکانی و گرێسپی و وە فشار دروستکردن لەسەر ڕۆژئاوا بۆ ڕێککەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ ئەسەددا و ڕێگەدان بە گەڕانەوەی هێزەکانی ئەسەد بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕۆژئاوا بووە.

## گرنگترین سیناریۆکانی داهاتووی ڕۆژئاوا

سیناریۆی یەکەم: دوای داگیرکارییەکانی تورکیا بۆ سەر سەرێکانی و گرێسپی و عەفرین، ڕۆژئاوا ناوچەیەکی ئارامی بۆ دروست بووە بە شێوەیەک کە هەمان سیناریۆی هەرێمی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ی هەیە کە بە هۆی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ناوچەی دژەفڕین بۆ هەرێمی کوردستان دابین کرا. ئەو ناوچانەی تورکیا داگیری کردوون؛ وەک ناوچەی کێشەلەسەر دەمێننەوە، بەڵام ناوچەکانی تر مامەڵەیەکی وەك هەرێمی کوردستانی لەگەڵ بکرێت.

سیناریۆی دووەم: تورکیا و

ڕووسیا و ئەمەریکا ڕێککەوتن بکەن بۆ لەباربردنی ڕۆژئاوا و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی و جێگە نفووزی یەکتر، بۆ نموونە؛ تورکیا بەرژەوەندیی ئابووری و سەربازییەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا بپارێزێت و ڕازی ببێت بە گرێبەستی سەدەی ئەمەریکی-ئیسرائیلی و بە شێوەی فەرمی نفووزی خۆی لەناو لایەنە ئیسلامی و عەرەبییەکان بەکار بێنێت، بە مانایەکی تر: سەرکەوتنی گرێبەستی سەدە بەرامبەر بە لەباربردنی ڕۆژئاوا.

سیناریۆی سێیەم: ڕژێمی بەشار ئەسەد هەمان چارەنووسی سەددام حسێنی ببێت و بڕووخێت، بەمەش سووریا وەک عێراق یان دابەش دەبێت بۆ سێ ناوچە، یان دەبێت بە دەوڵەتێکی فیدراڵی ناناوەندیی (لامەرکەزی) دیموکراسی. لەم سیناریۆیەدا ئەگەر دەستی دەرەکی بەتایبەتی تورکیا دەستتێوەردان نەکات، ئەوە ڕۆژئاوا لە باشترین بارودۆخدا دەبێت، بە هۆی ئەوەی بەهێزترین هێزی سەربازی و ژێرخانی ئابووریی سیستمی سیاسیی جێگیری هەیە و دەکرێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.

**ئەنجام**

ڕۆژئاوا توانیی لە ڕووی بەڕێوەبردنی سیاسی و حکومڕانییەوە، سیستمێکی دیموکراسیی سکۆلار بە یەکسانیی ژن و پیاو و باوەڕبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و کولتووری بنیات بنێت کە جیاواز بێت بە بەراورد بە سیستمی سیاسیی ڕژێمی سووریا و هەرێمی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تر. لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتووترین هێزی مەیدانیی هەیە، کە ڕۆژئاواکوردستان لە وێرانبوون و کاولبوون پاراست، بەڵکوو توانیی ڕووبەرێکی گەورەی سووریا لە تیرۆر پاک بکاتەوە، لێرەوە ڕۆژئاوا کاریگەری دەبێت لە ئایندەی چارەنووسی سووریا. ژێرخانی ئابووریی ڕۆژئاوا بە بەراورد بە ناوچەکانی تری سووریا؛ دەوڵەمەندترە لە ڕووی سامانی سروشتیی نەوت و ئاو و زەویی کشتوکاڵی کە ئەمەش خاڵی گەشی ئایندەی ڕۆژئاوایە.

> “ ژێرخانی ئابووریی ڕۆژئاوا بەبەراورد بەناوچەکانی تری سووریا؛ دەوڵەمەندترە لە ڕووی سامانی سروشتیی نەوت و ئاو و زەویی کشتوکاڵی ”

لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسییەوە، ڕۆژئاوا لاوازە و نەیتوانیوە هاوکێشەکانی ململانێی لە سووریا بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندیی خۆی بشکێنێتەوە و نەیتوانیوە بەشدار بێت لە کۆنگرە و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها بە هۆی شکستی دیپلۆماسی، جوگرافیایەکی گرنگ و ستراتیجیی لەدەست دا. دیپلۆماسی ڕۆژئاوای نەیتوانی هیچ بڕیارێکی فەرمیی نێودەوڵەتی بۆ دان نان بە ڕۆژئاوا دەستەبەر بکات و تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو تاوانانەی بەرامبەری کراوە؛ بسەلمێنێت و لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بهێنێت .

**سەرچاوەکان:**


(١) روناهي (٢٠١٨/١١/١٥)، الإدارة الذاتية في شمال وشرق سوريا نموذج لا مركزي http://ronahi.net/٢٠١٨/١١/١٥/، (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(٢) مجلس سوريا الدموقراتية (مسد) (٢٠١٥/١٢/٩)، عقد المؤتمر التأسيسي للمجلس في مدينة ديريك/شمال شرق سوريا/ ٩ كانون الأول/ديسمبر ٢٠١٥، "الوثيقة السياسية لمجلس سوريا الديمقراطية (مسد)".

(٣) بي بي سي عربي (٢٠١٩/١٠/٧)، الثروات الموجودة في مناطق سيطرة الأكراد شرق سوريا، https://www.bbc.com/arabic/middleeast-٤٦٦٩٣٨٦٧ (متاح: ٢٠٢٠/٢/٢٧).

(٤) جريدة شرق لاوسط (٢٠٢٠/٨/١) واشنطن «تعترف» سياسياً بـ«الإدارة الكردية» وتُغضب أنقرة ودمشق. https://aawsat.com/home/article/٢٤٢٢٩٠٦ (المتاح: ٢٠٢٠/٨/٦).

(٥) بي بي سي عربي (٢٠١٩/١٠/٧)، الثروات الموجودة في مناطق سيطرة الأكراد شرق سوريا، https://www.bbc.com/arabic/middleeast-٤٦٦٩٣٨٦٧ (متاح: ٢٠٢٠/٢/٢٧).

(٦) نفس المصدر.

(٧) عبدالناصر عايد (٢٠١٨/١)، خريطة السيطرة في شمال شرق سورية ومستقبل الوجود العربي فيها. المركز العربيّ للأبحاث ودراسة السّياسات https://www.dohainstitute.org/ar/PoliticalStudies/Pages/Northeast-Syria-Forces-on-the-Ground-the-Arab-Population.aspx صفحة ١ (المتاح: ٢٠٢٠/٥/١٠).

(٨) الجزيرة نيت (٢٠٢٠/٣/٦)، باقية هناك للمحافظة على "الكنز".. ترامب يتحدث عن مهمة قواته في سوريا. https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠٢٠/٣/٦ (المتاح: ٢٠٢٠/٤/١).

(٩) نفس المصدر.

(١٠) نفس المصدر.

(١١) الجزيرة نيت (٢٠١٩/١٠/٢١)، لمنح النفط للأكراد وحماية إسرائيل.. خطة أمريكية لإبقاء قوات في سوريا، https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠١٩/١٠/٢١/d٩٨٦%d٩%d٩%٨a%d٨٨%d٩%d٩%٨a%d٨٨%d٨%b١%d٩%٨٣%

(١٢) جريدة شرق لاوسط (٢٠٢٠/٨/١)، واشنطن «تعترف» سياسياً بـ«الإدارة الكردية» وتُغضب أنقرة ودمشق بعد موافقتها على توقيع شركة أمريكية عقداً لاستثمار النفط شمال شرقي سوريا https://aawsat.com/home/article/٢٤٢٢٩٠٦qY

(المتاح: ٢٠٢٠/٨/٨).

(١٣) بي بي سي عربي (٢٠٢٠/١٢/٢٢)، بعد إعلان دونالد ترامب الانسحاب من سوريا، ما هي خيارات الأكراد في المرحلة المقبلة؟ (المتاح: ٢٠٢٠/٠٤/١٠).

(١٤) الحرة(٢٠١٩/١٠/١٩)، ثمانية فصائل تقلق أردوغان.. من هي قوات سوريا الديمقراطية؟، https://www.alhurra.com/ ٩F/٠٩/١٠/٢٠١٩/turkey (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(١٥) ارعربيك (٢٠١٩/١٠/١٠)، من هي "قوات سوريا الديمقراطية"؟، https://arabic. /A٩-١٠٥٠٥١٢/rt.com/world (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(١٦) بي بي سي عربي (٢٠١٨/١٢/٢٢)، بعد إعلان دونالد ترامب الانسحاب من سوريا، ما هي خيارات الأكراد في المرحلة المقبلة؟ https://www.bbc.com/ ٤٦٦٤٨٣٤٠-arabic/middleeast (المتاح: ٢٠٢٠/٥/١٥).

(١٧) سي ئێن ئێن عربي (٢٠١٩/٣/٩)، أردوغان يربط صفقة "إس-٤٠٠" بحرية تحركات تركيا في سوريا، https://arabic. cnn.com/middle-east/ erdogan-/٠٩/٠٣/٢٠١٩/article syria-russia-turkey-s٤٠٠ (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(١٨) ويكيبيديا (٢٠٢٠/٥/١١)، العلاقات الخارجية للإدارة الذاتية لشمال وشرق سوريا https:// ar.wikipedia.org/wiki/.(المتاح: ٢٠٢٠/٥/٢٢)

(١٩) الجزيرة نيّت (٢٠١٧/٥/٧)، النص الكامل لاتفاق "وقف التصعيد" بسوريا https://www. aljazeera.net/encyclopedia/ /٧/٥/٢٠١٧/events (المتاح: ٢٠٢٠/٨/١)

(٢٠) الجزيرة نيّت (٢٠١٩/١٠/٨)، هدفان وسبعة أطراف.. تركيا ترسم خريطة عسكرية جديدة بسوريا ، https://www.aljazeera.net/ /٨/١٠/٢٠١٩/news/politics (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(٢١) خورشيد دلي، هل حان وقت كشف المخفي في العلاقة التركية-الأمريكية؟، https://al-ain. com/article/hidden-turkish- american-relationship (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(٢٢) الحرة (٢٠١٩/١٠/٧)، الاتحاد الأوروبي يعارض العملية التركية في سوريا، https://www.alhurra. /٠٧/١٠/٢٠١٩/com/turkey (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(٢٣) مۆتیكارلۆ (٢٠١٩/١٠/٢٤)، البرلمان الأوروبي يدين التدخل التركي في سوريا ويعتبره انتهاكا خطيرا للقانون الدولي، https:// www.mc-doualiya.com/ %A٧%D٨%-٢٠١٩١٠٢٤/articles %D٩%B١%D٨%A٨%D٨%٨٤%D٩ ٨%D٩%A٧%D٨%٨٥%D٩%٨٤(المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(٢٤) الجزيرة نيّت (٢٠٢٠/١٠/١٤)، الأوروبيون يطالبون تركيا بالانسحاب من سوريا ويشرعون بالعقوبات وأنقرة تستنكر، https:// www.aljazeera.net/news/ ١٤A/١٠/٢٠١٩/politics (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

(٢٥) ڤيتوگيت (٢٠١٩/١٠/٩) عملية تركية وشيكة في سوريا.. ومقرب من ترامب محذرا: "لا ضوء أخضر" https://www. /٣٥٧٧٩٠٦/vetogate.com (المتاح: ٢٠٢٠/٥/٣١).

# قەبارەی گرووپە وەلائییەکانی ئێران لە هاوکێشە ئەمنییەکانی عێراقدا



یاسین تەها / توێژەر

**بەرایی**

**"حەشدی ویلایەت"، یەکێکە لەو زاراوانەی بەم دواییانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەناو ئەدەبیاتی سیاسی و میدیاییدا دەستاودەستی پێ کراوە و لەگەڵ ئاشکرابوونی ناکۆکی و مشتومڕی ئەم جۆرە حەشدە کە باڵەکانی ئێرانن لەگەڵ "حەشدی مەرجەعیەت"، پاشان بەریەککەوتنی چەکدارانی حیزبوڵڵا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی نوێ؛ مستەفا کازمی (ئایاری ٢٠٢٠). پرسیار و گریمانەی زۆر لە بارەی ئایندەی ململانێی ئەم دوو لایەنە سەریان هەڵداوە، بەتایبەت پاش ئەوەی کۆمەڵێك لە چەکدارەکانی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا پاش ئازادکردنیان؛ بە پێڵاوەکانیانەوە چوونە سەر وێنەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق (حوزەیرانی ٢٠٢٠). ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر هێز و پێگەی ئەو باڵە ئێرانییانەی کە بەشێکن لە پرۆسەی "بەرگریکاری ئیسلامی" و هێز و فرمان لە ویلایەتی فەقیهی ئێران وەردەگرن، بەڵام گۆڕەپانی کارکردن و چالاکی و سەرچاوەی داراییان لەناو سنووری دەوڵەتی عێراقدایە.**

### قەبارەی حەشدی ویلایەت

باوەڕێکی زاڵ هەیە کە ئێران سوودمەندی یەکەم بووە لە ڕووخاندنی هەردوو ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەددام حسێن لە عێراق. ئێران لە ئەفغانستان پێگە و نفووز، لە عێراقیش بڵاوبوونەوە و ئاشکراکردنی چالاکیی باڵە سەربازییەکانی دەست کەوتووە[1]، ئەم دەرفەتی پەلکێشانە بۆ تاران لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا (2011) و دەرکەوتنی داعشدا (2014)؛ زیاتر لە جاران فراوان بوو، چونکە بە پاساوی شەڕی ئەم ڕێکخراوە، ئێران توانیی بە شێوەیەکی فەرمی و نیمچەفەرمی، دەوروبەری 100 گرووپی چەکدار



لە عێراق و سووریا و لوبنان چالاك بكات و بڵاویان بكاتەوە[٢]، ئەمانەش ئامرازێكی گرنگن بەدەست دەسەڵاتدارانی تارانەوە لە ململانێی درێژخایەن لەگەڵ ئەمەریكا و وڵاتانی عەرەبی سوننە لە ناوچەكە، لەو شەڕەی كە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەوترێت "شەڕی وەكالەت".

لەدوای كشانەوە سوپای ئەمەریكا لە عێراق (2011)، ژمارەی چەكدارەكانی شوێنكەوتەی ئێران لە ماوەی چوار ساڵدا (2010-2014)، لە 10 هەزارەوە هەڵكشا بۆ 60 هەزار، جگە لەوەش لەدوای (2014) بەشێك لەوانە كە پێشتر بەنهێنی كاریان دەكرد، شەرعیەت و پاساویان دەستكەوت و بوونە بەشداری جەنگی بەرەنگاربوونەوەی داعش، جگە لەوەش توانییان توانا سەربازییەكانی خۆیان لەو شەڕەدا پەرە پێ بدەن و بوونە خاوەنی ئەزموون و چاكە بەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچانەی لە چنگی داعش دەریانهێنا. لەو ڕاپرسییانەی لەو ناوچانە كراوە، لەبریی سەركۆنەكردنەكەی جارانی گرووپی چەكداری نانیزامی، خەڵك وەك ڕەگەزێكی گرنگی پاراستنی ئاسایش تەماشایان كردوون[٣].

بەپێی ئەو ئامار و ڕووپێویانەی ئەمساڵ كراون (2020)، ژمارەی گرووپە جۆراوجۆرەكانی حەشدی شەعبی لەنێوان ساڵانی (2014-2018) بەم جۆرە بووە: 67 گرووپی شیعە، 43 سوننە، 9 لە كەمایەتییەكان (ئێزدی و مەسیحی). لەناو گرووپە شیعەكاندا، شوێنكەوتووانی "عەلی خامنەیی"؛ ڕابەری شۆڕشی ئێران، دەگەنە 44 گرووپ، شوێنكەوتووانی عەلی

سیستانی 17 کۆمەڵ و گرووپ، لە دەرەوەی ئەم دووانەش؛ 6 گرووپی تر شوێنکەوتووی مەرجەعی تری ناوخۆ و دەرەوەی عێراقن[٤]، ئەمە لە کاتێکدا یاسای ژمارە (40)ی ساڵی 2016 سەرجەم هێزەکانی حەشدی شەعبی بە بەشێك لە سیستمی بەرگریی عێراق ئەژمار کردووە، هەروەها وەك پەیکەرێکی سەربازیی سەربەخۆ پەیوەستی کردووە بە سەرۆکوەزیرانەوە[٥].

هەر چەندە بە ڕواڵەت وەها دەردەکەوێت کە حەشدی شەعبی لە پێکهاتەکەیدا فرەڕەنگ و فرەجۆر بێت، بەڵام جگە لەوەی تانوپۆی ئەم هێزە؛ شیعەگەری بەسەریدا زاڵە، شەرعیەتی ئایینی پێکهاتنەکەشی پەیوەستە بە فەتوای "جیهادی کیفائی[٦]"ی ئایەتوڵڵا سیستانییەوە[٧]، لە ڕووی ژمارەشەوە هەر بە هەمان شێوە باڵادەستیی پێکهاتەی شیعە ڕوونە، چونکە لە کۆی 164 هەزار چەکدار و کارمەندی دەستەی حەشدی شەعبی، 110 هەزاریان لە پێکهاتەی شیعەن (67%) و 45 هەزاریان (27%) سەر بە ناوچە سوننەکانن (حەشدی عەشایەری)، تەنها 10 هەزاریان (6%) سەر بە پێکهاتەکانی تری کەمایەتییەکانن، هەروەها لە کۆی 110 هەزار چەکدار و کارمەندی پێکهاتەی شیعە؛ دەوروبەری 70 هەزاریان (42%) لەسەر حەشدی ویلایەت و تاران ئەژمار دەکرێن کە دەکاتە نزیکەی نیوە[٨].

هەر چەندە بەشێك لە شیعەکان بەوە پاساو دەهێننەوە کە عەلی خامنەیی؛ مەرجەعی تەقلیدە و شوێنکەوتنیشی لە شەرعزانیدا؛ مەرج نییە شوێنکەوتنی گشتی بگەیەنێت، بەڵام بەم دواییانە و لە زیاتر لە جومگەیەکدا دەرکەوت بڕیاری ئێرانییەکان و ویستی هێڵی ڕابەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی؛ کاریگەریی تەواوی بەسەر کۆی دامەزراوەی حەشدی شەعبیی عێراقەوە هەیە، نەك تەنها شوێنکەوتووانی خامنەیی لەناو ئەم دامەزراوەیە، ئەمەش بەڕوونی لە هەوڵی سەپاندنی عەبدولعەزیز محەمەداوی (الخال)دا دەرکەوت لە جێگاکەی ئەبو مەهدی موهەندیس کە فەرماندەی جێبەجێکاری حەشدە و جگە لە 8 میحوەری عەمەلیات و 5 یاریدەدەری ئەرکانی پێوە پەیوەستە، تەنها لەبەر ئەوەی محەمەداوی فەرماندەیەکی ناسراوی کەتیبەکانی حیزبوڵڵایە و یەکێك بووە لە متمانەپێکراوترین کەسانی نزیك لە جەنەراڵ قاسم سلێمانی[٩].

جگە لەوەش حەشدەکانی شوێنکەوتەی سیستانی (نەجەف) هەمیشە گلەیی بێبەشکردن و فەرامۆشکردنیان کردووە لە دیاریکردنی پۆستەکانی حەشدی شەعبی، بەدوای ئەوەشدا بڕیاریان دا خۆیان پەیوەست بکەن بە سەرۆکایەتیی وەزیرانەوە[١٠]، چونکە کارکردنی ئەوان لە سایەی هەژموونێکی ئێرانیدا، لەگەڵ بڕیار و شوناسی عێراقیانە دژ دەوەستایەوە بەتایبەت کە حەشدە ئێرانییەکان پەیوەست نین بە سنوور و بەرژەوەندیی عێراقەوە و لە تارانەوە تا بەیرووت بە گۆڕەپانی چالاکیی خۆیان دەزانن.

هەندێ ئاماری تر دەریدەخەن لە کۆی 4 پۆستی باڵای حەشد، 3 پۆستیان بەدەست گرووپە وەلائییەکانەوەیە، لە 10 بەڕێوەبەرایەتی، (7)

یان لای گرووپەکانی حەشدی وەلائییە، لە کۆی 50 پۆستی کادیرە مەیدانییەکانیش، (32)یان هەر هیی حەشدی ویلایەتن، بە جۆرێك دەکرێت بوترێت حەشدی ویلایەت دەستی بەسەر 80% جومگە و پۆستەکانی حەشدی شەعبیدا گرتووە[١١].

**دیارترین گرووپە ئێرانییەکان**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گرووپە وەلائییەکانی ئێران لە عێراق، گۆڕانی ژمارە و ناونیشان و ئەرکیانە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان. لەدوای ساڵی 2014، ماوەیەك هەر مانگێك و میلیشیایەکی نوێ دەرکەوتووە[١٢]، بەڵام بەشێکیان لە هاوتاکانیان ناسراوترن و زیاتر دەردەکەون یان چالاکییان زیاترە، وەك: سریەکانی خۆراسانی (عەلی ئەلیاسری سەرۆکایەتیی دەکات)، بزووتنەوەی نوجەبا بە 1500 چەکدارەوە (ئەکرەم کەعبی سەرۆکایەتیی دەکات)، کەتیبەکانی "سید الشهداو" (ئەبو مستەفا شەیبانی سەرۆکایەتیی دەکات)، سەرجەم ئەمانەش ڕاستەوخۆ لەسەر سوپای پاسدارانی ئێران ئەژمارن، بەرگریکار و هەڵگری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهن و خۆیان بەئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکەن[١٣]، جگە لەمانەش زۆری تر هەن کە هەڵگری ژمارەی لیواکانی حەشدن، لەوانە: فیرقەی ئیمام عەلی (لیوای 4)، کە هەشت هەزار چەکداری هەیە، فەرماندەی ئەم کەتیبانەش کە "شبل الزيدي"یە، لای ئەمەریکییەکان داوا کراوە، چالاکییەکی بەرفراوانی بازرگانییشی هەیە، گرووپەکەشی 50کم لە باشووری خۆرئاوای بەغدا خەریکی دروستکردنی پێگە و بنکەی سەربازین، هەروەها "جند الشام" - لیوای 6، دەوروبەری پێنج هەزار چەکداری هەیە، "جند الشام" - لیوای 6، دەوروبەری پێنج هەزار چەکداری هەیە، "سرايا الطليعة" - لیوای 12، "حركة الأبدال" - لیوای 93، "سرايا الجهاد" - لیوای 17، "لواء الطفوف" - لیوای 13، "أنصار الحجة" - لیوای 29، "أنصار العقيدة" - لیوای 19... هتد[١٤]، جگە لەمانەش زۆری تر هەن ناوەکانیان نزیکە لە یەکترەوە، وەك: الوعد الصادق، سرايا طليعة الخراساني، لواء عمار بن ياسر، لواء أسد الله الغالب، لواء اليوم الموعود، سرايا الزهراء، لواء ذو الفقار، لواء كفيل زينب، لواء المنتظر، لواء أبو الفضل العباس... هتد[١٥].

**سەرچاوە داراییەکان**

گرووپەکانی حەشدی شەعبی بودجەیان لەسەر حکومەتی عێراقە، بەو پێیەی بەشێکن لە دەستەی گشتیی حەشدی شەعبی کە سەر بە سەرۆکایەتیی وەزیرانە، لە ساڵانی جەنگی داعشدا بەشێك لەم گرووپانە لەلایەن "ئەبو مەهدی موهەندیس"ەوە زۆر زیاتر لە هاوتا عێراقییەکانیان خزمەت کراون و پارەیان بۆ تەرخان کراوە، بۆ نموونە: لە بودجەی (2017)ی حەشدی شەعبی کە 1.63 ملیار دۆلار بووە، 100%ی چەکدارەکانی کەتیبەکانی "سید الشهداو" سوودمەند بوون (1500 چەکدار)، لە کاتێکدا ڕێژەی سوودمەندانی چەکدارەکانی "فیرقەی عەباسی جەنگاوەر" کە سەر بە مەرقەدی ئیمام عەباسە لە کەربەلا، لەم بودجە گشتییەدا لە 28% تێپەڕی نەکردووە[١٦]. جگە لەوەش سەرچاوە ئەمنییە عێراقییەکان باس لەوە دەکەن کە گرووپە

ئێرانییەکان؛ مانگانە لەلایەن تارانەوە لەنێوان 500-100 هەزار دۆلار کۆمەك کراون[١٧]، بەپێی سەرچاوە ئەمەریکییەکانیش جگە لە کۆمەك و پیتاکی حکومەت، گرووپە ئێرانییەکانی حەشد پشت بە چەند سەرچاوەیەکی دارایی دەبەستن کە زیاتر بریتییە لە بازرگانیی قاچاغ، سەرانەی سنوور و نزیك مەرزەکان، دانانی بنکە و بازگە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و هەڕەشەکردن لە خەڵك[١٨]، جگە لەوانەش نووسینگە ئابوورییەکانی حەشدی وەلائی لە ناوچە ئازادکراوەکانی دەستی داعش چەند جارێك بووەتە هۆی ڕەخنە و گازندەی چەکدارانی سەدر و شوێنکەوتەکانی سیستانی[١٩]، ئەرکی ئەم نووسینگانەش بەشداریکردنە لە گرێبەست و پڕۆژە حکومییەکانە.

### گرنگیدان بە سنوورەکانی ڕۆژئاوا

گرووپەکانی حەشدی وەلائی لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگی داعش، بە شێوەیەکی سەرەکی کۆنترۆڵی ڕۆژئاوای عێراقیان لە بەری سووریاوە کردووە، ئەم چەکدارانە ڕێگەیەکیان لە ڕێی شارۆچکەی قائیمی ئەنبارەوە بەرەو سووریا کردەوە کە بەکردەیی بۆ یەکەم جار تاران و دیمەشقی پێکەوە گرێ دا و لەم ڕێگایەوە چەك و تەقەمەنی گەیشتە سووریا[٢٠]، ئەم هەنگاوەش کە نمایشێکی ئیعلامیی بۆ کرا، بەشێك بوو لە پراکتیزەکردنی ستراتیژی درێژخایەنی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئاوی دەریای ناوەڕاست لە چوارچێوەی ئەوەی پێی بە پلانی "هیلالی شیعی" بەناوبانگە و لە تارانەوە درێژ دەبێتەوە تا بەیرووت[٢١].

### وێنە نوێیەکانی حەشدی وەلائی

لەپاش کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس (کانوونی دووەم 2020)، لە قۆناغی فەرماندەیی "ئیسماعیل قائانی" بۆ فەیلەقی قودس کە دۆسیەی عێراقی لایە، چەند ناوێکی تری گرووپی چەکدار دەرکەوتن کە بەرپرسیارێتیی بەئامانجکردنی بنکە و بارەگا سەربازییە هاوبەشەکانی عێراق و ئەمەریکییەکانیان گرتە ئەستۆ، ئەم گرووپانە کە پێشەنگیان بریتییە لە "عصبة الثائرين"، "أصحاب الكهف" و "قبضة المهدي"، کە بە نوێترین مۆدێلی حەشدی وەلائی لەقەڵەم دەدرێن، کە سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا بە لقی میلیشیا و گرووپە چەکدارە ناسراوەکانی ئێرانیان دەزانێت کە لە ترسی تۆڵەلێکردنەوەی ڕاستەوخۆیان پەنایان بۆ خۆحەشاردان لەژێر ناوی نوێدا بردووە[٢٢]. هەروەها ئەم مۆدێلە کارکردنە لە گەڕانەوە دەچێت بۆ تەکنیکی ساڵانی بەر لە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا و دەرکەوتنی داعش کە بە "تیمەکانی مەرگ" دەناسران.

یەکێك لەو گرووپانە (عصبة الثائرين)، بەرپرسیارێتیی خۆی لە چەند چالاکییەکی دژە هێزەکانی ئەمەریکا ڕاگەیاندووە، وەك بەئامانجکردنی فڕۆکە و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ڕێگای مووشەکەوە[٢٣]، هەر ئەم گرووپەش وێنەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا و بنکە و بارەگا

ئەمەریکییەکانی لە ئاسمانەوە بڵاو کردەوە، میدیای نزیك لە ئێرانیش ئەوەیان بە پەیام و هەڕەشە بۆ ئەمەریکییەکان لێك دایەوە[٢٤]. هەندێ سەرچاوەش لە زاری کادرانی حیزبوڵڵای عێراقەوە ئەوەیان پشت ڕاست کردووەتەوە کە ئەم "گرووپە نەناسراوانە" لەلایەن ئەوانەوە بە ئاگاداریی بزووتنەوەی عەسایب و نوجەبا و گرووپە دژەئەمەریکاییەکانی تر دامەزراوە، شاردنەوەشی بۆ دوورکەوتنەوەیە لە پەرچەکرداری حکومەت[٢٥]. پەیوەستنەبوونی ئەم گرووپانەش بە هیچ گرووپێکی ناسراوەوە، تێپەڕاندنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و تێپەڕاندنی چوارچێوەی فەرمیی حەشدی شەعبییە کە لە ڕووی تیۆرییەوە بەپێی یاسای (40)ی ساڵی 2016 دەبێت سەر بە فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بێت[٢٦].

**کەتیبەکانی حیزبوڵڵا... دیارترینی وەلائییەکان**

ئەم گرووپە چەکدارییە بە گرنگترین گرووپە ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی لەقەڵەم دەدرێت، لە ڕووی مەشق و پڕچەککردنەوە، لە ساڵانی پێشوودا ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەبو مەهدی موهەندیسەوە سەرپەرشتی کراوە بەر لەوەی ئەمەریکییەکان بیکوژن (یەنایەری 2020)[٢٧]. ئەم باڵە سەربازییە کە هاوناوی حیزبوڵڵای لوبنانە، زیاتر لە 20 ساڵ پاش لەم ئۆرگانە ئێرانییە، لە نیسانی 2007، لە شاری عەمارەی باشووری عێراق لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند گرووپی چەکداریی شیعە ڕاگەیەنراوە کە بریتی بوون لە لیوای ئەبو فەزڵی عەباس، کەربەلا، زەیدی کوڕی عەلی، عەلی ئەکبەر و ئیمامی سەجاد[٢٨]، ئێستا لە چوارچێوەی لیواکانی (45، 56، 57)ی حەشدی شەعبیدا کار دەکات، ژمارەی چەکدارەکانیشی لەنێوان (-2011 2019)دا لە 400 چەکدارەوە گەشتووەتە دەوروبەری 7500 چەکدار، ئەمە جگە لە 2500 چەکداری تر کە لە سووریا بڵاو بوونەتەوە بۆ پاراستنی ڕژێمی بەشار ئەسەد[٢٩].

جیاواز لە زۆربەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی، مێژووی دامەزرانی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە عێراق پەیوەست نییە بە فەتوای جیهادی کیفائیی سیستانییەوە (حوزەیرانی 2014)، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ پاش 2003 کە درووشمی بەرهەڵستکاریی داگیرکاریی ئەمەریکا ڕەواجی زۆری لە ناوەندە ئایینی و میللییەکانی شیعە و سوننەدا هەبوو[٣٠]. هەر چەندە ئەم گرووپەش سەرەتا لە شاری عەمارە دامەزراوە، بەڵام دواتر پەلی هاویشتووە بۆ ناسریە، پاشان بۆ سەماوە، یەکێکە لەو گرووپانەشی ڕۆڵی هەبووە لە بەرەنگاریی ئەمەریکییەکان بەر لەوەی لە 2011 بەشی هەرە زۆری سوپاکەیان ببەنە دەرەوەی عێراق[٣١]. لە کۆتاییەکانی (2019)شدا، ئەمەریکییەکان گورزیان لە بارەگاکانی ئەم گرووپە لەسەر سنووری عێراق-سووریا وەشاند و 28 کەسیان لێ کوشتن[٣٢]، ئەمەش خۆپیشاندانە بەناوبانگەکەی لایەنگرانی حەشدی لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە بەغدا بەدوادا

هات کە سەری کێشا بۆ کوشتنی سلێمانی و ئەبو مەهدی.

**بیروباوەڕ و ئەرکەکانی ئێستا**

کەتیبەکانی حیزبوڵڵا خۆیان بە "گرووپێکی جیهادیی ئیسلامیی بەرگریکار" دەناسێنن و باوەڕیان بەوە هەیە کە "ویلایەتی فەقیه؛ باشترین نموونەی حوکمڕانییە بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتی حکومداری لە سەردەمی شاراوەبوونی ئیمام مەهدی[33]".

ئەم گرووپە ناوچەیەکی دابڕاوی بۆ خۆی پاوان کردووە لە ناوچەی "جرف الصخر"ی پشتێنەی بەغدا لەسەر ڕێگای کەربەلا، پاش بێبەشکردنی دانیشتووانە سوننەکەی لە مافی گەڕانەوە بۆ ئەم ناوچە کشتوکاڵییە چڕە بە پاساوی مەترسیی داعش. ڕاپۆرتەکانیش باس لەوە دەکەن لەم ڕووبەرە ئەمنییەدا، کەتیبەکانی حیزبوڵڵا زیندانی نهێنیی هەیە، قسەوباسی زۆریش هەیە کە گوایە تاپۆی زەوییەکانی لە کشتوکاڵییەوە گۆڕیوە بۆ موڵکی تایبەت بە گرووپەکە[34]، هەر چەندە بە هۆی ئەوەی کە ناوچەکە ئەمنییە و دۆسیەکە ئاڵۆز و نهێنییە پشتڕاستکردنەوەی ئاسان نییە.

بەپێی بەیاننامە و لێدوانە فەرمییەکانی ئەم گرووپە، ئەرکی سەرەکیی حیزبوڵڵا لە ئێستادا لە چەند شتێکدا خۆی دەبینێتەوە کە سەرەکیترینیان دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق[35]، هەروەها خۆی کردووە بە خاوەن پڕۆژەی تۆڵەکردنەوەی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس کە بە ڕای ئەوان یەکێك لە بەشداران و تێوەگلاوەکانی تاوانەکە؛ مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانە[36] کە ئەم گرووپە بەئاشکرا بە نۆکەر و "مسخ - نابوت" ناوی دەبەن[37]، بەر لەمەش کەتائیب هەڕەشەی ئەوەیان کردووە ئەگەر حکومەتی عێراق کار بۆ دەرپەڕاندنی سوپای ئەمەریکا نەکات و "سەروەریی عێراق نەپارێزێت"، ئەوە ئەمان وەك گرووپێکی "بەرگریکاری ئیسلامی" کاروبارەکان دەگێڕنەوە بۆ سەر ڕاستەڕێگای خۆی[38]، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەکارهێنانی هێز لە ململانێ سیاسییەکاندا، لە کاتێکدا ئەمە بنەمایەکی دژەدیموکراسی و ناتەبایە لەگەڵ دەستووری عێراقدا.

کەتیبەکانی حیزبوڵڵا بەم دواییانەش بەفەرمی لەلایەن فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە تۆمەتبار کران بەوەی کە ڕۆکێت ئاڕاستەی ناوچەی سەوز و نوێنەرایەتییە بیانییەکان دەکەن و 14 کەسیان لێ دەستگیر کرا، بەڵام دواتر پاش گرژییەکی ئەمنیی گەورە و هەڵکوتانە سەر ناوچەی سەوز؛ ئازاد کران[39]، وتەبێژی کەتائیب شانازیی بەوەوە کرد کە هەڵیانکوتاوەتە سەر ناوچەی سەوز، هەروەها "کازمی غەدر"یان ناچار کردووە بە ئازادکردنی گیراوەکان[40].

**ڕۆڵە دەرەکییەکانی حیزبوڵڵای عێراق**

لە دەرەوەی هاوکێشە ناوخۆییەکانی عێراق و بەرزکردنەوەی درووشمی دژایەتیی ئەمەریکا، یەکەم جار ناوی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە عێراق، لە دۆسێی بارمتە قەتەرییەکاندا، بە شێوەیەکی فراوان دەنگی دایەوە کە

دواتر لەپای یەك ملیار دۆلار ئازاد کران و سەروکاریکردنی ئەم پرۆسەیەش درایە پاڵ حیزبوڵلای لوبنان و کەتیبەکانی حیزبوڵلای عێراق[٤١]، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە؛ جگە لە وەرگرتنی ملیۆنەها دۆلار وەك فدیە لەلایەن ئەم میلیشیا عێراقییەوە، بە هاوئاهەنگیی حیزبوڵلا و بەرەی نوسرە، دانیشتووانی چوار شاری شیعە و سوننە لە سووریا جێگۆڕکێیان پێ کرا، لەگەڵ زۆر وردەکاریی تر کە پەلکێشان و ڕیشەی هەرێمیی ئەم ڕێکخراوە سەربازییەی ناو عێراق دەردەخات لە دەرەوەی دەزگا شەرعی و دەستوورییەکان[٤٢]. هەر لەم نێوەندەشدا کەتیبەکانی حیزبوڵلای عێراق، فیستیڤاڵی هاوهەڵوێستیی لەگەڵ حوسییەکانی یەمەن ڕێك خستووە و دوژمنایەتیی زۆری خۆشیان دژ بە دەوڵەتەکانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات ڕاگەیاندووە[٤٣]، لە کاتێکدا سیاسەتی فەرمیی ڕاگەیەنراوی عێراق؛ هەوڵی دروستکردنی دۆستایەتی بووە لەگەڵ دەوروبەرە عەرەبییەکەی.

## پەیوەندیی لەگەڵ حیزبوڵلای لوبنان

هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا لەبەر دەستدا نییە لە بارەی پەیوەندیی ئۆرگانیی کەتیبەکانی حیزبوڵلای عێراق و حیزبولای لوبنان، لە ئەدەبیات و بڵاوکراوەی هیچ لایەکیشیاندا باسی ئەوە نییە کە تەواوکەری یەکتر بن، بەڵام درووشم و ئامانجەکانی کەتیبەکانی حیزبوڵلای عێراق؛ وێنەیەکی هاوشێوەن لەوانەی حیزبوڵلای لوبنان، تەنانەت ڕەنگ و لۆگۆی ئاڵاکەشیان چوون یەکە، هەردوو لاشیان بابەتی پیرۆزییەکانی شیعە و مەرگەساتە مێژوییەکانی ئەم پێکهاتەیە بەکار دەهێنن بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری شیعە لەدەوری ئامانجەکانی خۆیان[٤٤]، باوەڕیش وەهایە سەرکردەی ناوداری حیزبوڵلا، عیماد موغنیە، کە لە ساڵی 2008 لە سووریا کوژراوە، سەرپەرشتیاری ئەم گرووپە بووبێت لە چوارچێوەی گرووپەکانی پەیوەست بە هێڵی ویلایەتی فەقیهـ[٤٥]، هەروەها حیزبوڵلای عێراق هەمان بیروباوەڕی حیزبوڵلای لوبنانیان هەیە کە ئەزموونی ئێرانی بە سەرچاوەی ئیلهام دەزانن و زۆر جار حەسەن نەسروڵلا شانازی بە وەلی فەقیهەوە دەکات، جارێکیش لە دیداری ڕەوەندی ئێرانیدا لە بەیروت وتبووی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ لەسەروو دەستووری لوبنانەوەیە[٤٦]، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئینتیمای سنووربەزێنی کەتیبەکانی حیزبوڵلای عێراق کە بەئاشکرا بانگەواز بۆ ویلایەتی فەقیهی ئێرانی دەکات لە عێراقدا.

## سیناریۆی کاری ئایندەی کاری گرووپە وەلائییەکان

گرووپە چەکدارەکانی ئێران ئامرازێکی گرنگی گوشاری تاران لە ململانێی درێژخایەندا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبی سوننە لە ناوچەکە، هەر لەبەر ئەمەشە لە کاتی گرژییەکاندا ڕۆڵ و کاریگەریی و چالاکیی ئەم گرووپانە لە هەموو کاتێك زیاتر دەبێت، لە لایەکی تریشەوە ئەم گرووپانە ئامرازی گوشاری گەورەن لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و سەرکردە سیاسییەکان،

زۆر جاریش لە پاکتاو و هەڕەشە سیاسییەکاندا بەکار هاتوون، بۆیە بەهێزبوون و پاشەکشەی هێزی ئەم گرووپانە پەیوەستە بە بڕیار و ویستی سەرچاوەی سەرەکیی ئاڕاستەکەرییانەوە کە سوپای پاسداران و هێڵی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانە. گرووپە وەلائییەکان ڕەنگە ناوبەناو بکەونە بەر گوشار و تەنانەت هێرشی ئاسمانی و گوزری سەربازی، بەڵام وەك ڕێگرێکی سەرەکی و سەرچاوەیەکی کێشە دەمێننەوە بۆ هەر حکومەتێك کە بیەوێت لە عێراقدا بەرەنگاری بەرژەوەندییەکانی تاران ببێتەوە، بەشێکیشن لە قەرەبووکردنەوەی دابەزینی نفوز و جەماوەری ئێران لەناو شیعەی عێراقدا کە زۆریان هۆگری عێراقچێتی و درووشمەکانی سەروەری و سەربەخۆیی بڕیاری بەغدان، ژمارە و جۆر و ئەرك و سروشتی ئەم گرووپانەش بەپێی قۆناغ لە هەڵکشان و داکشان و گۆڕانکاریدا دەبێت و بنەبڕکردن و کۆتاییهاتنی ئەرکیان لانی کەم لە مەودای نزیك و ناوەڕاستدا لە ئاسۆدا نابینرێت.

## سەرچاوەکان:


(١) مایکل آیزنشتات و مایکل نایتس (5/ 12/2020)، المعركة على الموصل والنفوذ الإيراني في المنطقة، https://www.washinginstitute.org/ar/policy-analysis/view/the-battle-for-mosul-and-irans-region-al-reach

(٢) فيليب سميث (5/2019)، مشروع إعداد خارطة بمواقع انتشار الميليشيات الشيعية، https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/the-shia-militia-mapping-project (متاح: 6/7/2020).

(3) Michael Knights(August 2019) Iran's Expanding Militia Army in Iraq: The New Special Groups, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/irans-expanding-militia-army-in-iraq-the-new-special-groups (accused: 5\7\2020)

(4) Staff writer, How Iran the Mideast's new superpower, is expanding its footprint across the region – and what it means, monitor, https://www.csmonitor.com/World/Middle-East/2017/1217/How-Iran-the-Mideast-s-new-superpower-is-expanding-its-footprint-across-the-region-and-what-it-means؛هشام الهاشمي (1/7/2020)، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، مركز صنع السياسات للدراسات الدولية والاستراتيجية، http://www.makingpolicies.org/ar/posts/internal-dispute-in-alhashd-al-shaabi.php?fbclid= (متاح: 5/8/2020).

(٥) الوقائع العراقية (26 كانون الأول 2016)، قانون هيئة الحشد الشعبي رقم 40 لسنة 2016، العدد 4429، ص23.

(٦) بي بي سي عربية (13/6/2014)، العراق: المرجعية الدينية العليا تعلن الجهاد الكفائي، https://www.youtube.com/watch?v=nGeoCNVQlgg (متاح: 5/7/2020).

(٧) بي بي سي عربية (13/6/2014)، العراق: المرجعية الدينية العليا تعلن الجهاد الكفائي، https://www.youtube.com/watch?v=nGeoCNVQlgg (متاح: 5/7/2020).

(٨) مەبەست لە جیهادی کیفائی ئەوەیە کە ئەگەر کۆمەڵێك بەجێی بهێنن، لەسەر ئەوی تری دەکەوێت و لەسەر تاك تاك فەرز نییە. محمد سعيد المخزومي (17/6/2015)، ماذا لو كانت الفتوى بالجهاد العيني لا الكفائي، https://www.annabaa.org/arabic/authorsarticles/2519 (متاح: 9/8/2020).

(٩) بڕوانە: مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة (26/2/2020)، مغزى تعيين "أبو فدك" رئيساً لأركان "الحشد الشعبي"، https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/5307 (متاح: 5/7/2020).

(١٠) صحيفة الأخبار، (24/2/2020)، لا إجماع على خلافة «أبو فدك»: تجدّد الصراع على قيادة الحشد، https://al-akhbar.com/Iraq/284610 (متاح: 5/7/2020)

(١١) هشام الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو.

(١٢) عثمان المختار (24/6/2015)، عالم الميليشيات في العراق: 53 تشكيلاً بدعم إيراني، https:// www.alaraby. co.uk/%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85- (متاح: 8/8/2020)

(١٣) Michael Knights, Ibid؛ خالد يايموت (9/9/2019)، العراق وهيمنة الميليشيات الإيرانية، الشرق الأوسط، العدد 14895، ص7.

(14) Michael Knights, Ibid.

(١٥) عثمان المختار، مصدر سابق.

(١٦) مايكل نايتس و حمدي مالك (22/8/2017): نموذج «فرقة العباس القتالية»الحد من التأثير الإيراني في قوات الأمن العراقية، معهد واشنطن لدراسات الشرق الادنى، http://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/the-al-abbas-combat-division-model (متاح: 5/8/2020).

(١٧) عثمان المختار، مصدر سابق

(18) Michael Knights, Ibid.

(١٩) هشام الهاشمي، مصدر سابق

(٢٠) وكالة الاناضول (17/12/2017)، إيران تفعّل رسميًا خط "طهران - البحر المتوسط" البري لأغراضها العسكرية، https://www.aa.com.tr/ar/%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%8A/%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A (متاح: 5/8/2020)

(٢١) بي بي سي عربية (31/5/2017)، إيران تسير قدما في إنشاء ممرها البري إلى البحر المتوسط، http://www.bbc.com/arabic/middleeast-40098393 (متاح: 2/7/2020).

(٢٢) موقع الحرة (17/4/2020)، الميليشيات الوهمية لعبه إيران الجديدة فى العراق، https://www.alhurra.com/iraq/2020/04/17/ (متاح: 1/7/2020).

(٢٣) موقع قناه العالم (17/6/2020)، 'عصبة الثائرين' تتبنى 3 عمليات معادية لأمريكا بالعراق، https://www.alalamtv.net/news/4998216/ (متاح: 7/ 7/2020)

(٢٤) موقع قناه الميادين (2/4/2020)، عصبة الثائرين" العراقية توجه رسالة تحذير للولايات المتحدة، https://www.al-mayadeen.net/news/politics/1389817/ (متاح: 5/7/2020).

(٢٥) الجزيرة نت (16/4/2020)، "عصبة الثائرين" تنظيم عراقي شبحي يستهدف المصالح الأمريكية.. فما قصته؟ https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/4/16/ (متاح: 5/8/2020).

(٢٦) هدى رؤوف (1/5/2020)، لماذا تؤسس إيران ميليشيات جديدة بالعراق رغم وجود أخرى؟، https://www.independentarabia.com/node/116246/ (متاح: 4/7/2020).

(٢٧) إيران واير (8/5/2020)، خريطة انتشار الميليشيات الإيرانية في سوريا والعراق، https://iranwirearabic.com/archives/4061 (متاح: 5/7/2020).

(٢٨) بي بي سي عربية (6/6/2020): كتائب حزب الله في العراق: ما طبيعتها ومن يقف وراءها؟، https://www.bbc.com/arabic/middleeast-50945835 (متاح: 7/7/ 2020).

(٢٩) Michael Knights, Ibid ؛ صحيفة الشرق الأوسط: «كتائبحزبالله» في العراق.. جدلية الدين و السياسة، ملحق المنحنيات الاصولية، العدد 18 مايو2015 مـ .

(٣٠) يوسف قليان (9/11/2016)، فرع حزب الله في العراق فرع"حزبالله" التابع لإيران في العراق: دروس من الأحزاب الشيعية في لبنان، معهد واشنطن لدراسات الشرق الأدنى، https://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/irans-hezbollah-franchise-in-iraq-lessons-from-lebanons-shiite-militias، (متاح: 8/8/2020).

(٣١) صحيفة الشرق الأوسط: «كتائب حزبالله» في العراق.. جدلية الدين و السياسة، ملحق المنحنيات الاصولية، العدد 18 مايو2015 مـ .

(٣٢) عربي 21 (29/12/2019)، 28 قتيلا بقصف أمريكا "كتائب حزب الله" بالعراق وسوريا، https://arabi21.com/story/1233411/28- (متاح: 8/8/2020).

(٣٣) كتائب حزب الله ( د.ت)، من نحن، https://kataibhezbollah.com/about (متاح: 7/7 /2020).

(34) Michael Knights, Ibid.

(٣٥) كتائب حزب الله (22/1/2020)، بيان، العدد 4، 1، 020، http://kataibhezbollah.com/statment/3064 (متاح: 7/7/2020).

(٣٦) كتائب حزب الله (10/ 4/ 2020)، بيان، العدد 2، 4، 020، http://kataibhezbollah.com/statment/3081 ( متاح: 7/7/2020).

(٣٧) أبو علي العسكري (26/6/2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/abualialaskary/status/1276448890078797825/photo/1 (متاح: 7/7/2020).

(٣٨) كتائب حزب الله (16/12/2019)، بيان، العدد 2، 12، 19، http://kataibhezbollah.com/statment/3042 ( متاح: 7/7/2020).

(٣٩) بي بي سي عربية، مصدر سابق

(٤٠) أبو علي العسكري (29/6/2020)، تغريدة وقع تويتر، https://twitter.com/abualialaskary/status/1277554604968943622/photo/1 (متاح: 5/7/2020).

(41) the guardian: Qatari jet sits on tarmac in Baghdad as royal hostages await release, 19 Apr 2017, https://www.theguardian.com/world/2017/apr/19/qatari-jet-sits-on-tarmac-in-baghdad-as-royal-hostages-await-release

(٤٢) صحيفة العرب: كشف المزيد من أسرار صفقة إطلاق الرهائن القطري ينفي العراق، الاثنين 2018/04/30، https://alarab.co.uk/%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B2%D9%8A%D8%AF-%D9%85%D9%86-%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D8%A7%D8%B1-

(٤٣) ياسين طه (29/6/2018) أصدقاء طهران يحتفون بالحوثيين داخل معلم"بعثي" في بغداد، https://daraj.com/6558/ (متاح: 8/8/2020).

(٤٤) يوسف قليان (9/11/2016)،فرع حزب الله في العراق فرع"حزبالله" التابع لإيران في العراق: دروس من الأحزاب الشيعية في لبنان، معهد واشنطن لدراسات الشرق الأدنى، https://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/irans-hezbollah-franchise-in-iraq-lessons-from-lebanons-shiite-militias، (متاح: 5/8/2020).

(٤٥) صحيفة الشرق الأوسط، مصدر سابق.

(٤٦) عربي 21 (14/3/2018)، هذه قصة تصريحات نصر الله التي نشرها موقع إيراني ثم حذفها، https://arabi21.com/story/1078453/%D9%87%D8%B0%D9%87-%D9%82%D8%B5%D8%A9-.(متاح: 5/8/2020).

# ژینگەی بەرهەمهێنان و بەردەوامی بیری توندڕەوی لە ناوچە جێناکۆکەکان



سەنگەر یوسف ساڵح، توێژەر لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی



عەبدولسەمیع محەمەد ڕەحمان، توێژەر لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی



**بەرایی**

گرنگیدان بە بونیادنان و پاراستنی ئاشتی و دابینکردنی ئەمن و ئاسایش لە چەند دەیەی ڕابردوودا، زۆرینەی حکومەت و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ناسەقامگیریی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی؛ وای لە هەندێك وڵات و کۆمەڵگا کردووە کە زیاد لەوانی تر باجی گەورە بدەن، بە جۆرێك کە پرۆسەی گەشەی ئابووری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتییش تیایاندا بۆ چەندین ساڵ دوا بکەوێت. عێراق دەکەوێتە خانەی ئەو وڵاتانەی کە بە وڵاتە ناسەقامگیرەکان هەژمار دەکرێن، بەپێی پێرستی ئاشتیی جیهانی (Global Peace Index) بۆ ساڵی ٢٠٢٠، لەدوای هەریەك لە ئەفغانستان و سووریا، عێراق لە ڕیزبەندیی سێیەم دێت لە بەرزیی ڕێژەی توندوتیژی و نەبوونی ئاشتی[١]. سەرباری کەمبوونەوەی کردە تیرۆرستییەکان بە بەراورد بە ساڵەکانی نێوان (٢٠١٤-٢٠١٧)، بەپێی داتاکانی پەیمانگای ئابووری و ئاشتی کە لە چوارچێوەی پێرستی تیرۆرزمی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠١٩ خسوویتیانەتە ڕوو، لەدوای ئەفغانستان، هێشتا عێراق لە ڕیزبەندیی دووەمی ئەو وڵاتانە دێت کە بەرزترین ئاستی کاریگەریی کردەوە تیرۆرستییەکانی لەسەرە[٢]. بە نموونە؛ لە ڕووی ئابوورییەوە عێراق لەنێو ئەو دە وڵاتەیە کە تێچووی توندوتیژییەکان دەکاتە زیاتر لە ٢٥٪-ی داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکە (Gross Domestic Products)[٣].

دەرکەوتنی گرووپە توندڕەو و تیرۆرستییەکان بەتایبەتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣-ەوە، وای کردووە کە بیری توندڕەوی و تیرۆر؛ هەڕەشەیەکی جددی بێت لەسەر سەقامگیریی ئێستا و ئایندەی عێراق، ئەم مەترسییە زیاتر لەو ناوچانە دەبینرێت کە بە ناوچە جێناکۆکەکان ناو دەبرێن[٤]. لەدوای تێکشانی خەلافەتی داعش، ناوچە جێناکۆکەکان لە خانەقینەوە تاوەکوو شەنگال بوونەتە مۆڵگەی پاشماوەی چەکدارەکانی، ئەمەش لە لایەکەوە بە هۆی جوگرافیای ئاڵۆز و لەباری ئەو ناوچانە بۆ خۆحەشاردانیانە[٥] و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی سروشتی ڕووداوە مێژووییەکان، پێکهاتەی دانیشتووان، جۆری ململانێ، بۆشایی ئیداری و ئەمنیی ئەو ناوچانەوەیە. هەر بۆیەش گەڕانەوەی سەقامگیریی ئەمنی، ئیداری، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان، دەکرێت ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت لە کەمکردنەوەی مەترسیی بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەوی لەو ناوچانە بەتایبەتی و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق بەگشتی. پرۆسەی بەعەرەبکردن و گۆڕانی دیمۆگرافی بە درێژایی چەندین دەیە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو، وای کرد کە لەدوای ڕووخانی سەردەمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، گرنگیی تایبەت بەو ناوچانە بدرێت. هەر بۆیە لە دەستووری

عێراقدا مادەی ١٤٠ جێگیر کرا کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە، بەڵام سەرباری چەندین هەوڵی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییە، کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان وا دەردەکەوێت کە کێشەی دوورمەودا بن و لە ئایندەی نزیکدا چاوەڕوانی چارەسەرکردنیان نەکرێت، ئەمەش ئەو گریمانەیە زیاتر بەهێز دەکات کە گرووپە توندڕەوەکان سوود لە ناسەقامگیری ئەو ناوچانە وەربگرن و پێی خۆیانی زیاتر تێدا قایم بکەن، هەر بۆیەش ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ تیشك خستنەسەر بارودۆخی ناوچە جێناکۆکەکان و نیشاندانی مەترسیی هەبوون و بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەوی تێیاندا. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە تەرکیزی ئەم نووسینە زیاتر لەسەر چەمکی بیری توندڕەوییە، وەك پێش مەرج و قۆناغی پێش تیرۆر، چونکە پێمان وایە کە تیرۆر دەرەنجامی ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە توندڕەوییەیە کە لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایینییەوە دروست دەبێت، هەر بۆیەش پێویستە جیاوازی لەنێوان چەمکی بیری توندڕەوی و تیرۆر بکرێت، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان ئەم جیاکردنەوەیە زۆر بەدی ناکرێت، هەروەکوو ئێمە لە توێژینەوەی تر ئەمەمان ڕوون کردووەتەوە[٦].

بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە لە ئێستادا و زانینی ئاستی مەترسییەکانی بیری توندڕەوی و گرووپە توندڕەوەکان، ئەم بابەتە پشتی بەستووە بە کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگای ئەنجامدانی (٨) چاوپێکەوتنی نیمچەکراوەوە لەگەڵ کەسانی شارەزا و بەئاگا لە بارودۆخی ناوچە جێناکۆکەکان. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە پێکهاتەی کورد، ئێزدی و کاکەیین لە هەردوو پارێزگای کەرکووك و موسڵ، هەروەها لە بواری جیاوازدا کار دەکەن، بەتایبەتییش بواری ڕۆژنامەوانی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، سێکتەری پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان. لە هەمان کاتدا پشت بە چەندین دۆکیۆمێنت و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بەستراوە کە تایبەت بوون بە ناوچە جێناکۆکەکان.

**زەمینە**

پاڵنەرە ڕیشەییەکان بەرەو بیری توندڕەوی یان توندتیژیی پەڕگیر، جۆراوجۆرن. پاڵنەرە بونیادییەکان بە پلەی سەرەکی دێن کە بریتین لە ستەمکاری، گەندەڵی و بێکاری، نایەکسانی و جیاکاری، نەبوونی دەرفەتی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، هەروەها ناکۆکی و دوژمنایەتیی مێژوویی نێوان گرووپەکان کە ناسنامەی جیاوازیان هەیە، ئەمە سەرباری دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی نەتەوەکانی تر. هاندەرە کەسییەکان بەشێکی تری پرۆسەی ئاراستەکردنی تاکە بەرەو ڕادیکاڵبوون و دروستبوونی کەسێکی توندوتیژ و پەڕگیر، کە خۆی دەبینێتەوە لە مەبەستی

کەسی، سەرکەشی، هاوسۆزی و ئینتیما و دەستکەوتی ماددی. لەپاڵ ئەم دوو کۆمەڵە هۆکارە، هەندێک هۆکاری تر هەن کە زەمینە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ئەو هۆکارانەی پێشوویان تێدا کۆ بووەتەوە و ئامادەگییان بۆ بوون بە کەسێکی توندڕەو تێدایە، خێراتر بەو ئاڕاستەیە بڕۆن. ئەم هۆکارانەش بریتین لە بوونی کەسێکی ڕێنیشاندەر و ئامۆژگاریکار کە سەرنجی ئەو کەسانە ڕابکێشێت، چوونە ناو گرووپ و تاقمە ڕادیکاڵەکان لە ڕێگای ئونلاین و تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە، دەست گەیشتن بە چەک و هەستکردن بە قوربانی، نەبوونی پشتیوانیی خێزانی و کۆمەڵایەتی. کاتێک هۆکارێک یان زیاتر لە هەر یەک لەم سێ گرووپە هۆکارانە لە کەسێکدا کۆ ببێتەوە، بێگومان ئەو زەمینەیە دەڕەخسێت کە کەسی توندڕەو و پەڕگیر بەرهەم بهێنێت، بەڵام لێرەشدا دیسانەوە دەکەوێتە سەر ئەو ژینگە و کۆمەڵگایەی کە ئەو کەسەی تێیدا دەژیەت. هەر چەندە پرۆسەی ڕادیکاڵبوون تا ئاستێکی فراوان بەرهەمی سیاقێکی دیاریکراوە لە کۆمەڵگادا، بەڵام زۆرێک لە فاکتەرەکانی کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ناوەکیی کەسی و پاڵنەری سایکۆلۆژییەوە هەیە؛ هاوشێوەی یەکدین. هەندێک لە توێژەران پاڵنەرە گشتییە سایکۆلۆژییەکانیان دیاری کردووە بۆ بەشداریکردن لە گرووپ و بزووتنەوە تیرۆریستییەکان کە بریتین لە پێویستیی تاک بە ئینتما و خۆسەلماندن، ئارەزووی تۆڵەکردنەوە، سەرکەشی و پاڵنەری لەرادەبەدەر بۆ ئەنجامدانی کارێک کە هەستێکی جیاواز بە کەسەکە ببەخشێت، ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە لە لێکدانەوەی دیاردەی توندڕەویی پەڕگیر دەبێت لەبەرچاو بگیرێت[٧].

شاڵاوی بەعەرەبکردن لە ناوچە جیناکۆکەکان لەپێش ساڵی ٢٠٠٣، بوو بە بناغەیەک بۆ زۆر ناکۆکی و مشتومڕ لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە. یەکێک لەو کێشانەی کە لەم ناوچانە بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، بریتییە لە خاوەندارێتیی زەویوزار. لە ماوەی بەڕێوەچوونی کەمپینی بەعەرەبکردن، بەشێکی زۆر زەوی‌وزاری کورد و تورکمان و پێکهاتەکانی تر لەلایەن پێکهاتەی عەرەبەوە دەستی بەسەردا گیراوە و خاوەندارێتییان گواستراوەتەوە سەر ناوی عەرەبە هاوردەکان یان بەزۆر پێیان فرۆشراوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن پارت و هێزە کوردییەکانەوە؛ خاوەنەکانیان گەڕانەوە سەر زەوی و موڵکی داگیرکراوی خۆیان. پاشان لەدوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ئەو ناوچانە کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی، بەشێک لە عەرەبە هاوردەکان دیسان گەڕانەوە سەر زەوییەکان. بەم شێوەیە ئەم کێشەیە بەردەوامە و یەکێکە لە سەرچاوەکانی ململانێ و توندوتیژیی نێوان دانیشتووانی ئەم ناوچانە[٨]. سەرباری ئەو هەستیارییە مێژووییەی کە

لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەدا هەبوو کە بە ناوچەی جێناکۆك دادەنرێت، هاتنی داعش کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی خەلافەتی داعشەوە. مانەوەی بەشێک لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە، بەتایبەتی عەرەبی سوننە و پەیوەندی و هاوکارییان لەگەڵ داعش و هەڵهاتنی بەشێکی تریان، بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان هەستیارتر بێت. دوای ئازادبوونی ئەو ناوچانەش، پرسی گەڕانەوەی ئەو خەڵکانەی کە ناوچەکانیان بەجێ هێشتبوو لە کاتی هێرشی داعش و ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی ئەوانەی کە بە جۆرێک پەیوەندییان لەگەڵ داعش هەبوو یان لە حاڵەتی گەڕانەوەشیان؛ قبووڵنەکردنیان بووەتە جۆرێک لە گرژیی کۆمەڵایەتی و ئاستەنگ و بەربەستی دروست کردووە لەبەردەم پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکان. دوور و نزیکی و پەیوەندیی نێوان ئەم پێکهاتانە لەگەڵ هاتنی داعش و هەروەها ڕووداوەکانی پێش هاتنی داعش و ڕادەی قوربانیی هەریەکیان، دیسانەوە بووەتە هۆی ئەوەی سەرکۆنەکردنی یەکتری لێ بکەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە کاتی هاتنی داعش و جەنگ و توندوتیژیی جیاواز بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاوی دانیشتووان بەتایبەتی لە چینی منداڵ و گەنج؛ ئەزموونی بکەن و ببنە شایەتحاڵی ئەو ڕووداوانە. بە هەموو ئەم هۆکارانە، دیسانەوە زەمینەی زیاتریان دروست کردووە کە هەستی ڕقوکینە و دوژمنکاری لە نێوانیاندا دروست ببێت و لە داهاتوودا ئاسان بکەونە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای توندوتیژی و پەڕگیرییەوە، بێگومان ئەگەر بەوردی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت[٩]. حکومڕانی داعش ئەگەر بۆ چەند ساڵێکی کەمیش بێت، لە ناوچە جێناکۆکەکان لێکەوتەی کولتووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە هەر زوو دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە؛ دەستکاریی سیستمی پەروەردەی کرد و پرۆگرامەکانی خوێندنی بە جۆرێك گۆڕی کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای توندڕەوی خۆی بگونجێت[١٠].

بە هۆی فەرامۆشکردنیان لەلایەن هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ژیان لە ناوچە جێناکۆکەکان نارەحەتیی خۆی هەیە، کە دیارترینیان بریتییە لە خراپیی ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان، نەبوونی ژێرخانێکی باش و نەڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیان، هەر ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی هەژاری، بێکاری و بەرزیی ئاستی توندوتیژی[١١]. بەپێی ڕووپێوییەك کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ بڵاوی کردووەتەوە، دەردەکەوێت پارێزگایەکی وەکوو نەینەوا کە بەشێکی ناوچەی جێناکۆکە، بەرزترین ڕێژەی هەژاریی تێدایە کە دەگاتە ٣٧٪[١٢]. بوونی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی؛ سەرچاوەی

سەرەکیی خراپیی دۆخی ئابووری و هەژارییە، نەك تەنها لەو ناوچانە، بەڵکوو لەسەر ئاستی عێراقیش. کە بەپێی توێژینەوەکان، گەندەڵی یەکێکە لە سەرچاوەکانی دەرکەوتنی گرووپە توندڕەوەکان.

بە شێوەیەکی سروشتی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە نێوان دوو دەسەڵاتی جیاواز، دوو حکومەت یان دوو دەوڵەتەوە، لە ڕووی ئەمنییەوە کۆنترۆڵ ناکرێن، چونکە هیچ کام لەو دوو لایەنە ناتوانن کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچەیە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بە مانایەکی تر: بۆشایی ئەمنی هەمیشە لەو جۆرە ناوچانە بوونی هەیە. ئەم حاڵەتە بۆ ناوچە جێناکۆکەکانی عێراقیش ڕاستە، بەتایبەتی لەپاش دەرکەوتنی داعش و کشانەوەی سوپای عێراق لەو ناوچانە لە ساڵی ٢٠١٤، بۆشاییەکی ئەمنیی وا دروست بوو کە وای کرد لە لایەك پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بۆ پاراستنی خۆیان؛ گرووپی چەکداریی نافەرمی دروست بکەن کە بە ئێستاشەوە مەترسین لەسەر سەقامگیری و ئاشتی بۆ داهاتوو[١٤]، هەروەك ئەو گرووپە چەکدارە نافەرمییانەی کە لە ڕابردوودا لە پارێزگایەکی وەك ئەنبار دروست کران بۆ شەڕکردن دژ بە گرووپە توندڕەوەکان، بەڵام دواتر بوون بە بەشێك لەوان [١٥]، لە لایەکی تریشەوە گرووپە توندڕەوەکان ئەو بۆشاییە ئەمنییە دەقۆزنەوە بۆ کار و چالاکییەکانیان و کارکردن بۆ مانەوە و بەهێزبوونەوەیان [١٦].

**شیکردنەوە:**

**پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان و زەمینەی پەرەسەندنی توندڕەوی**

پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی ناوچە جێناکۆکەکان؛ بابەتێکی گرنگە کە لەپێشچاو بگیرێت کاتێک باس لە زەمینەی سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی دەکەین لەم ناوچانە، ئەمە لەو ڕووەوە دەبێتە جێگای مەترسی کە لە لایەک گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوانیان ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی توندڕەویی ئایینی و دینی بەرامبەر بە یەکتر، لە لایەکی تریشەوە ئەم پەیوەندییانە لەلایەن هێزە سیاسی و گرووپە توندڕەوەکانەوە بە ئامانجی بەژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنرێن. ئەو ڕووداوە توندوتیژانەی لەو ناوچانە ڕوویان داوە، ئەوەمان نیشان دەدەن کە سروشتێکی دینی و نەتەوەییان هەبووە و بەپێی قوناغەکە؛ یەکێکیان ئەولەویەتی زیاتری وەرگرتووە. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەکارهێنانی توندوتیژی و کردەی تیرۆریستی لە عێراق بەگشتی و لە ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی؛ زیادی کرد. ململانێی تایفی و مەزهەبی لەدوای ٢٠٠٦ بە جۆرێك دەستی پێ کرد، کە توندڕەوی و تیرۆر وەك تاکە ئامرازی یەکلاییکردنەوەی ململانێکان بەکار هێنران لەلایەن هەندێك پێکهاتەوە بەرانبەر بە یەکتر و ئەوانی تر .

دەستپێکردنی ئەم کردەوە

تیرۆریستییانە بێ پێشەکی نییە، بەڵکوو زەمینە و مێژوویەکی لە پشتەوە هەبووە، چونکە وەک لێکۆڵەرەوەکان لەم بوارەدا باسی دەکەن، بیری توندڕەوی قۆناغێکە دەکەوێتە پێش قۆناغی تیرۆریستییەوە، لەم قۆناغەدا کەسەکە لە ڕووی فکرییەوە ئامادەیی تێدا دروست دەبێت کە ببێتە کەسێکی تیرۆریست و پەنا بۆ خراپترین جۆری توندوتیژی بەرێت کە کوشتنە. بۆیە بێگومان دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی و ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی؛ بێ پێشەکی نییە و ڕیشەکانی لەناو ئەو جۆرە بیرکردنەوە توندئاژۆیانەیە کە لە بیری ئەو کەسانەدا هەن. لە قسەی بەشداربووانەوە ئەوە بەدی دەکرێت کە سروشتی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی ئەم ناوچانە لە ڕابردوو وە لە ئێستاشدا بارگاوییە بە زۆر جۆر لە ململانێی توند و یەکتر قبووڵنەکردن و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندن و کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەی ئەوانی تر، ئەم هۆکارانە هەمیشە پاڵ بە تاکەوە دەنێن کە ئاڕاستەی توندڕەوی لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا بەهێز بکات. ئەم جۆرە پەیوندییە؛ ژینگەیەکی لەبار دروست دەکات کە گرووپ و ڕێکخراوی توندڕەوی بەئاسانی تێیدا گەشە بکات و جێی خۆی بکاتەوە. پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە؛ پەیوەندییەکە کە ڕەگەزی هێزی تێدا زاڵە، هەر پێکهاتەیەک لە ڕووی دەسەڵاتەوە زاڵ بێت، لە پەیوەندییەکانیشیدا لە مەنتقی هێزەوە خۆی دەنوێنێت، ئەمەش هەستی پەراوێزخستن لەلای پێکهاتەکانی تر دروست دەکات. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، پێکهاتەی عەرەبی سوننە ئەو پێگەیان لەدەست دا کە پێشتر هەیانبوو لە ڕووی دەسەڵاتەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانە، بۆیە خۆیان بە پەراوێزخراو و چەوساوە دادەنا، هەر بۆیە پەنایان بۆ زۆر ڕێگا و شێواز برد بۆ گەڕانەوەی پێگەی لەدەستچوویان، لەدوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧) ەشەوە کورد لە هەمان بارودۆخدا خۆی دەبینێتەوە، تورکمانیش بە هەمان شێوە بەردەوام خۆی بە ستەملێکراو و پەراوێزخراو دەبینێت. لە ئێستادا ئەوەی کە وەکوو مەترسی دەبینرێت لەم ناوچانە و لە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان ڕەنگی داوەتەوە، بریتییە لە ململانێی توندی نەتەوەیی، بە جۆرێک وەکوو بەشداربووان ئاماژەیان پێ داوە هەر مەترسییەک لەم ناوچانە سەر هەڵبدات و لە ڕووی توندتیژییەوە هەر بەرگێکی بەبەردا بکرێت، ئەوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ توندڕەویی نەتەوەیی پێکهاتەکان بەرامبەر بە یەکتر.

پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان لە زۆر ڕووەوە کێشەی تێدایە و ئاستەنگی جیاوازی لە پێشە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکانگیری و هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە نزمترین ئاستیدایە. هەر چەند خەڵکی ئەم ناوچانە لە شوێنە گشتییەکان تێکەڵی و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام ئەم مامەڵە شۆڕ نەبووەتەوە بۆ تێکەڵیی خێزانی

و پرۆسەی هاوسەرگیریی نێوان پێکهاتەکان. بە قسەی یەکێک لە بەشداربووانەی کە زانیاریی لێ وەرگیراوە، لەپێش ٢٠٠٣دا ئەم پەیوەندییانە هەبوو، بەڵام لەدوای ٢٠٠٣؛ تا ئاستێکی بەرچاو کەمی کردووە، نموونەی بە خێزانی خۆیان هێنایەوە کە چەندین هاوسەرگیریيان لەگەڵ پێکهاتەی عەرەب و تورکمان هەبووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە ئەم پەیوەندییانە رووی نەداوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان لاوازتر بووە و دووریی نێوانیان قووڵتر بووەتەوە.

بە بۆچوونی بەشێکی زۆر لە بەشداربووان، پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان گرێدراوی کێشەی زەویوزارە لەم ناوچانە، هەتا ئەم کێشەیە بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، ئەم پەیوەندییە بە هیچ جۆرێک بەرەو ئاساییبوونەوە ناچێت، چونکە زەویوزار بۆخۆی فاکتەری ململانێ و بەیەکدادانی نێوان پێکهاتەکانە و بەلای خەڵکی ئەم ناوچانەوە؛ زەوی گرێدراوی ناسنامە و شکۆ و سەرچاوەی ژیان و گوزەرانیانە. دەسەڵاتی سیاسییش ئەجێندای سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی نفوز و دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانە، بۆیە بە درێژایی مێژوو؛ دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان ئەم کێشەیەیان بە بنڕکراوی چارەسەر نەکردووە. بە هەردوو ئاراستەکەدا، ئەم کێشەیە دابڕانی زیاتری نێوان پێکهاتەکانی لێ دەکەوێتەوە و ململانێی نەتەوەیی، بەتایبەتی نێوان کورد و عەرەب؛ زیاتر دەکەن. هەر چەندە بە رای هەندێک لە بەشداربوون ململانێی شیعی و سوننی بەشێک نین لە ململانێی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام یەکێک لە بەشداربووان ئاماژەی بەوە کرد کە چۆن لە رابردوودا پرۆسەی بەعەرەبکردن بەرێوە چووە، ئێستاش لەم ناوچانە بە حوکمی زاڵبوونی دەسەڵاتی شیعە؛ هەوڵێک هەیە بۆ بەشیعەکردنی پێکهاتەکانی کەرکووک، بەڵام ئەم پرۆسەیە وەکوو پێشتر نییە کە بە هێز بسەپێنرێت، بەڵکوو لە رێگای دامودەزگای دینی و سیاسیی تایبەتەوە کاری بۆ دەکرێت و هەوڵی راکێشانی سۆزی پێکهاتەکانی تر دەدەن.

## دەستپێشخەرییەکان بۆ کەمکردنەوەی توندڕەوی

کەمکردنەوەی مەترسیی دروستبوونی بیری توندڕەوی، پێویستی بە کارکردنە لە ئاستی جیاجیادا. ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دەدرێن، پێویستە فاکتەرەکانی دروستبوونی بیری توندڕەوی لەبەرچاو بگرێت و وەڵامدەرەوە بن بۆ هۆکارە بونیادی و پاڵنەرەکانی ئەم دیاردەیە لەو ناوچانە. هۆکارە بونیادییەکان کە پەیوەندیی بە سیستمی سیاسی و ژێرخانی ئابوورییەوە هەیە، تا رادەیەک لە هەموو کونتێکستێکدا هاوشێوەن کە بریتین لە هەژاری و بێکاری و ستەم و پەراوێزخستن و نەبوونی ئازادی. ئەم ئاستە زیاتر پەیوەستە بە گۆڕانکاری و ریفۆرمی سیاسی و ئابووری لە ئاستی کۆمەڵگا و وڵاتدا، بەڵام لە هۆکارە پاڵنەرەکان دەکرێت تەرکیزی

زیاتر لەسەر ئاستی گرووپ و کۆمیونیتی ناوخۆیی ئەو ناوچەیە بێت.

ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە تەماشا بکەین، ناوچە جێناکۆکەکان کێشەی خزمەتگوزارییان هەیە، بە جۆرێك کە کێشە و ململانێکان کاریگەریی خراپیان لەسەر ڕێژەی هەژاری بەجێ هێشتووە. بەپێی ڕووپێوییەك کە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ بڵاوی کردووەتەوە، دەردەکەوێت پارێزگایەکی وەکوو نەینەوا بەرزترین ڕێژەی هەژاریی تێدایە کە (٣٧٪)ە[١٧]، هەر ئەم بارودۆخە وای کردووە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەنجان ڕوو بکەنە هێزە چەکدارەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی ژیان[١٨]. گرووپە تیرۆرست و توندڕەوەکانیش، بەتایبەتی داعش، ئەو بارودۆخەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی قۆستەوە و لە ڕێگای پێدانی مووچەیەکی مانگانە بۆ ئەندامەکانی، توانیی ژمارەیەکی زۆر گەنج و هاوڵاتیی ئەو ناوچانە لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە کە حوکمی دەکردن[١٩].

لە ئێستاشدا پاشماوەکانی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان بوونیان هەیە و چەندین کردەی ڕفاندنی هاوڵاتیانیان لەو ناوچانە ئەنجام داوە و پاشان لەبەرانبەر بڕە پارەیەکی زۆر؛ بەشێکیانی ئازاد کردووە[٢٠]، هەر ئەمەش وای کردووە کە هەندێك لە بەشداربووان ئەم حاڵەتە وەك مەترسی ببینن، چونکە ئەگەری هەیە خەڵکانێك تەنها بۆ بە دەستهێنانی سەرچاوەی ماددی؛ لەو جۆرە کردەوانەوە تێوە بگلێن. هەروەها بوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، هۆکارێکی تری بێزاریی خەڵك و نەمانی ئینتیمایە کە وا دەکات کە خەڵك بەئاسانی پێشوازی لە گرووپە توندڕەوەکان بکات.

سەبارەت بە هەوڵ و دەستپێخەرییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکان، دەکرێت ئاماژە بە هەوڵی ڕێکخراوەکان و میدیا و خەڵکی نوخبە و ڕۆشنبیری ئەو ناوچانە بکەین، بەتایبەتی بۆ دروستکردنی بەهای پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ئەو کێشانەی کە دەرهاویشتەی کێشەی نەتەوەیی و دینی و ئەتنیکیی ئەو ناوچانەیە. یەکێك لە هۆکارەکانی باڵادەستی و مانەوەی گرووپە توندڕەوەکان، بریتییە لە لاوازیی گوتاری بەدیل بەرانبەر بە گوتاری توندڕەوی. هەموو ئەو کەناڵانەی کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن، لە ناویشیاندا دامەزراوە ئایینییەکان، پارتە سیاسییەکان، دامودەزگا پەروەردەییەکان، بە جۆرێك لە جۆرەکان دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە دروستکردنی گوتارێکی بەدیلی بەهێز، بەڵام دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکرێت سەرمەشق بن لەم چوارچێوەیەدا.

پەیوەست بە ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگـەی مەدەنـی، ئەوەی ئامـاژەی پـێ دراوە لە قسـەی بەشـداربووان ئەوەیـە کـە دابەشـبوونێک هەیـە لەنێوان خودی ڕێکخـراوەکان بەسـەر پێکهاتـەکان، بـە جۆرێـک هـەر ڕێکخراوێـک کار بـۆ پێکهاتەکـەی خـۆی دەکات، هـەر لایەنێـک پشـتگیری بـکات؛ لـە بەرژەوەندیـی ئەو کار دەکات. هـەر چەنـدە لـە قسـەی بەشـداربووانەوە ئـەوە دەردەکەوێت کـە هیچ نموونەیەکـی بەرجەسـتە نییە کـە ڕێکخراوێـک هەبێـت تەجـاوزی دابەشـبوونە دینی و نەتەوەییەکانـی کردبێـت و کار لەسـەر چوارچێوەیەک بکات کە پەرە بە پرەنسـیپە مەدەنییەکانی وەکوو هاوڵاتیبوون و یەکسانی و یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیانی کردبێـت، بـەڵام ئەمـە لـەو ڕاسـتییە ناگۆڕێـت کـە لێرە و لـەوێ چەنـد ڕێکخراوێکـی مەدەنیـی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتیـی کـەم هـەن کە هانـی کاری ڕێکخراوەیـی و پرەنسـیپە مەدەنییەکان دەدەن. بـە هـۆی دەرکەوتنـی

داعـش و کێشـەی ئـاوارەی ناوخۆیـی، تەرکیـزی زۆری ڕێکخـراوە ناوخۆیـی و نێودەوڵەتییـەکان کەوتووەتـە سـەر ئـەو ناوچانـە، ئەمەش دەرفەتێکـی بـۆ کاری مەدەنی و بەشـدارییپێکردنی هاوڵاتیانی ئـەو ناوچانـە ڕەخسـاندووە. ئەگـەر تەماشـای کار و پرۆژەی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان بکەیـن، بەتایبەتـی ئەوانـەی کە لـە بـواری گەشـەپێداندا کار دەکـەن، دەبینیـن کـە زۆرێـك لە پـرۆژەکان ڕەهەندی بونیادنانی ئاشـتی و هاوبەندیی کۆمەڵایەتیـی تێدایـە، نموونەی ئەو جـۆرە پرۆژانەش؛ سـەنتەر یاخـود لیژنەکانـی ئاشـتیی خۆجێییە کە لە ڕێگای سـازدانی وۆرکشـۆپ، کـۆڕ و کۆبوونەوە و دیالۆگـی نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵـگای خۆجێییـەوە هەوڵـی بەشـداریکردنی زیاتـری هاوڵاتیانـی ئـەو ناوچانـە دەدرێت لە پرۆسـەی ئاشـتەوایی نێـوان پێکهاتەکان. ڕێکخراوەکانـی وەك ئاشـتی و ئـازادی، مەسـەلە، "UPP"ی ئیتاڵـی و چەندیـن ڕێکخراوی

تـر، نموونەی ئـەو ڕێکخراوانەن کە بـەم ئاڕاسـتەیە کار دەکەن. هەر چەندە توانـا و کاریگەریی ڕێکخراوەکان لە ئاسـت کێشـە و گرفتەکانـی ئـەو ناوچانە زۆر سنووردارە و هێشـتا نەبوونەتە ئەو کارەکتـەرەی کە گۆڕانکاریی ڕیشـەیی دروسـت بکەن، بەڵام هەنگاوێکی باشـە بە ئاڕاستەی بەهێزکردنی گوتـاری جێگرەوە لەبەرانبـەر گوتـاری توندڕەویی گرووپـە توندڕەوەکان. بـە مانایەکـی تر: سـتراتیژیی کاری ئـەم ڕێکخراوانـە لە خـوارەوە بـۆ سـەرەوەیە (Bottom-Up Approach)، کـە تێیـدا ئیـش لەسـەر تواناسـازیی هاوڵاتیان و گەنجانـی ئـەو ناوچانـە دەکرێـت کـە ببنـە هاوڵاتی بـاش و کارەکتـەری ناتوندوتیژ، نـەك ئـەوەی بکەونـە بـەر کاریگەریـی گوتـاری گرووپـە توندڕەوەکان و ببنـە فاکتەری مانـەوەی ئـەو گرووپانـە لەو نا و چا نە .

بەشـێکی تر لـە وەڵامەکان ئەوەمـان پیشـان دەدەن ئاڕاسـتەیەک لەنـاو کەسـانی ڕۆشـنبیر و ڕۆژنامەنـووس لـە

هەموو پێکهاتەکان بەدی دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری پێکەوەژیان و ناتوندوتیژ دژ بە گوتاری ڕقاوی، کە گرووپە توندڕەوەکان بەکاری دەهێنن. بۆ نموونە؛ هەوڵێک هەبووە لە ڕێگای یەکێتیی نووسەرانی عێراق، کە چەندین کۆڕ و سیمیناریان ئەنجام داوە بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە گوتارە، بەڵام ئەم هەوڵانە لە بازنەیەکی بچووکدا ماونەتەوە و نەبوونەتە ئاراستەیەکی باو لەناو ئەو پێکهاتانە، تا ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر واقیعی ئەو ناوچانە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ناکۆکییە سەرەکییەکان لە توندترین ئاستی خۆیاندان لەم کاتەدا، دەستتێوەردانی ناوخۆی و هەرێمی دەکرێت بۆ خۆشکردنی ململانێکان و یەکلاییکردنەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیان. ئەم بارودۆخە پڕ کێشاوییە، هەوڵی لەم شێوەیەی لە پەراوێزدا هێشتووەتەوە.

## شکستی پەروەردە و مەترسیی ئایندە

ئەگەر بڕیار بێت دامودەزگا پەروەردەییەکان ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە ڕەنگرێژکردن و نەخشاندنی بیر و هەڵسوکەوتی تاك و چاندنی بەهای مەدەنیی هاوبەش لە کەسایەتیی فێرخوازدا، ئەوا لە ناوچە کێشەلەسەرەکان سێکتەری پەروەردە وەك باقیی سێکتەرەکانی تر بووە بە قوربانیی ململانێ سیاسییەکان. وەك هەستکردن بە گرنگیی ڕۆڵی پەروەردەش، هێزە بڕیاربەدەستەکان هەوڵیان داوە سیستمی پەروەردە و پڕۆگرامەکانی خوێندن وەك چەکێك بەکار بێنن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و سەپاندنی ئەجێندای سیاسییان. ئەگەر لە سەردەمی بەعسدا هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی پێکهاتەکانی تر و زاڵکردنی ناسنامەی عەرەبی سوننەی مسوڵمان دەدرا (Assimilation) لە ڕێگای سیستمی پەروەردەوە، ئەوا لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە ئەو هاوکێشەیە بە جۆرێك گۆڕا کە پێکهاتەکان لەناو سیستمی پەروەردەدا و لەژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسیدا لە یەك دابڕان و هەریەکە و بە ئاراستەی تۆخکردنەوەی ناسنامەی ئایین و نەتەوەکەی خۆی کاری دەکرد (Segregation)[٢١]، ئەمە دەرفەتێکی زیاتری ڕەخساند بۆ دەستوەردانی هەرێمی کە بەشێکن لە ململانێکانی ناوچە جیاکۆکەکان و ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن لە بەردەوامیی ململانێکان. ئەوەی کە تورکیا دەیکات لە هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەویی خوێندنی تورکمانی و تۆخکردنەوەی ناسنامەی تورکمانی بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووك و موسڵ، نموونەیەکی دیاری ئەو دەستوەردانەیە.

هەروەك بەشداربووان ئاماژەیان پێ دا، ئەمە کاریگەریی نەرێنیی هەیە لەسەر پڕۆسەی پێکەوەژیان و بەرەودان بە کولتووری لێبوردەیی و دروستبوونی بەها هاوبەشەکان. پێشتر فێرخوازێکی کورد، عەرەب، تورکمان و سریانی پێکەوە لە

قوتابخانەیەك دەیانخوێند و فێری زمانی یەكتر دەبوون[٢٢]، پەیوەندیی كۆمەڵایەتی و پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوانیان ڕووی دەدا، بەڵام وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، لەدوای (٢٠٠٣)وە ئەم بابەتە كاڵ بوویەوە. لە وەها بارودۆخێكدا كە دەرفەتی بەریەككەوتنی پێكهاتە جیاوازەكان لەگەڵ یەكتر كەم دەبێتەوە، بەتایبەتی لە ناوەندە پەروەردەییەكان، ئاشنابوون بە كولتوور و مێژوو و باكگراوندی ئەوانی تر؛ سنووردار دەبێت و وەك دەرەنجامێكی چاوەڕوانكراویش گوتاری ڕقلێبوونەوە لە هەر ساتێكدا دەكرێت كاریگەریی نەرێنیی خۆی بەجێ بهێڵێ لەسەر بیر و دونیابینیی گەنجان و فێرخوازان بەرانبەر بە ئەوانی تر.

سەرباری كێشە كەڵەكەبووەكانی پێشووتر لە سێكتەری پەروەردە، لەگەڵ دەركەوتنی داعشیشدا پرۆسەی خوێندن لە ناوچە جێناكۆكەكان تووشی دارمانێكی تر بوو، بە چاوپۆشی لەو زیانانەی كە بەر ژێرخانی كەرتی پەروەردە كەوت، داعش هەر زوو هەوڵی دا لە ڕێگای سیستمی پەروەردەوە كار لەسەر نەوەی داهاتوو بكات و لە ڕێگای گۆڕینی پرۆگرامەكانی خوێندنەوە هەوڵی دا فێرخوازان بە بیری توندڕەوی تەڵقین بكات (Indoctrination). ئەو پەرتووكانەی كە داعش لە سەردەمی خەلافەتەكەی بۆ قوتابخانەكانی دانا و قوتابییەكانی بە بیری توندڕەوی گۆش دەكرد، چاوەڕوانی و مەترسیی دروستبوونی نەوەیەكی توندڕەوی لێ دەكرێت. هەر چەندە بەپێی زانیاریی ئێمە؛ هیچ توێژینەوە و داتایەكی بەردەست نییە ئەوە بخاتە ڕوو كە تا چەند قوتابخانەكانی سەردەمی خەلافەتی داعش كاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕەفتار و هەڵسوكەوتی فێرخوازان، بەڵام دەتوانین وەك سەرچاوە و مەترسیی توندڕەوبوون پێشبینییان بكەین، چونكە وانە پراكتیكییەكانی تایبەت بە جیهاد و دروستكردنی هاوسۆزی بۆ كەسانی توندڕەو لە ڕێگای وانەكانەوە؛ پاڵپشتیی ئەو ئارگیومێنتە دەكات. ئەمە سەرباری ئەوەی كە زۆرێك لە هاوڵاتیانی ناوچە جێناكۆكەكان ئاوارە بوون، منداڵەكانیان بۆ ماوەیەكی زۆر یان لە خوێندن بێبەش بوون، یاخود خرانە بەر خوێندن لە ئاوارەیی. بە هۆی ڕووداوەكانی دوای ڕیفراندۆمیشەوە، خوێندنی كوردی لە ناوچە جێناكۆكەكان گرفتی زۆری بۆ دروست بوو. لە هەندێك ناوچە، بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا و قەزای سنجار، قوتابخانە كوردییەكان بۆ ماوەیەك داخران، ئەمەش دیسانەوە شكستێكی ترە كە چۆن پەروەردە بووە قوربانیی ململانێ سیاسییەكان، لە كاتێكدا دەكرێت دامودەزگا پەروەردەییەكان ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە دروستكرنی تاكێكی هۆشیار و ڕەخنەگر و بەهێز بۆ ئەوەی بەئاسانی نەكەونە بەر كاریگەریی گوتاری توندڕەوییەوە كە بە ئێستاشەوە ئەو گوتارە لە ناوچە

جێناکۆکەکان بوونی هەیە.

سەرباری هەموو ئەو کێشانە، ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن کەموکوڕیی زۆریان تێدایە، هەروەك هەندێك لە بەشداربووان ئاماژەیان پێ کرد و توێژەرانی تریش بەو ئەنجامە گەیشتوون [٢٣] کە بابەتەکانی خوێندن، بەتایبەتییش کتێبی مێژوو، خوێندنی ئیسلامی؛ یارمەتیی فێرخواز نادەن تا ئاشنا بێت بە کولتوور و مێژووی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و ڕێگا خۆش ناکەن بۆ دروستبوونی بەها مەدەنییە هاوبەشەکان، ئەمە سەرباری هەموو ئەو تێبینییانەی کە لەسەر توانای مامۆستا و پەروەردەکاران و ڕێبازەکانی وانەوتنەوە هەیە لە قوتابخانەکاندا.

## مامەڵەی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان

لە سایەی شکستی حوکمی یاسا لە ناوچە جێناکۆکەکان، دەسەڵاتی هێزە ئەمنییەکان و دامودەزگاکانی پۆلیس بە شێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنرێت. ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (٢٠٢٠) ئاماژە بەوە دەکات کە هاوڵاتیانی عێراق، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ئەنبار، بەسرە، موسڵ (لە ناویشیاندا حەمدانیە کە بە ناوچەی جێناکۆك هەژمار دەکرێت)؛ زیاتر متمانەیان بە هێزەکانی دەرەوەی دامودەزگا حکومییەکانە [٢٤]، ئەم بێمتمانەییە هۆکارەکەی هەر چی بێت، بەشێکی پەیوەندیی بەو تاوان و پێشێلکارییانەوە هەیە کە بەشێك لە هێزە ئەمنییەکان دژ بە هاوڵاتیان ئەنجامی دەدەن، لە ناویشیاندا گرتنی هاوڵاتیانی بێتاوان بە بیانووی تیرۆر و هاوکاریکردنی گرووپە توندڕەوەکان. ئەمە ئەو خاڵە بوو کە سەرجەم ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، لەسەری کۆك بوون. ڕەنگە ئەوەی زیاتر دەستی هێزە ئەمنییەکانی واڵا کردبێت، یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٥) بێت، کە چەمکی تیرۆری بە شێوەیەکی فراوان پێناسە کردووە و زۆر جار کەسانی بێتاوان لەژێر ناوی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا دەستبەسەر دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، ئەمەش هەستکردن بە چەوساندنەوە زیاد دەکات و ئەگەری هەیە سەر بکێشێ بۆ توندڕەوی و پەنابردن بۆ تۆڵەکردنەوە.

هۆکارێکی تر پەیوەندیی بە پێکهاتەی هێزەکانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی ترەوە هەیە، کە هێزی گشتگیر نیین تا ئەندامەکانی لە هەموو پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە پێك بێن و بێلایەنانە مامەڵە بکەن. هەندێك کات ئەو هێزانەی لەو ناوچانەن، خەڵکی ناوچەکانی تری عێراقن و شارەزای ژیان و پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە نین، هەر بۆیەش بەئاسانی لە ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێن و دەبن بە تەرەف بۆ پشتگیریکردنی پێکهاتەیەك دژ بە پێکهاتەیەکی تر، ئەمە هەستی چەوساندنەوە لای ئەو پێکهاتانە زیاد دەکات کە

پێشــێلکارییان بەرانبەر دەکرێت و مەترسـیی ئــەوە دروســت دەکات کە بۆ پاراســتنی خۆیان؛ پەنا بــۆ گرووپە تونــدڕەوەکان بەرن.

بابەتێکــی تــر، خــراپ مامەڵەکردنــە لەگــەڵ کەســوکاری ئــەو کەســانەی کە ئەندامــی گرووپــە توندڕەو و تیرۆرســتییەکانن. لــە چــاوی کاربەدەســتانی هێــزە عێراقییەکانەوە ئەگەر کەسێك تاوانبــار بێــت، ســەرجەم ئەندامانــی خێزانەکــەی وەك گوناهبــار مامەڵــەی لەگــەڵ دەکرێــت[٢٥]. بەپێــی ڕاپۆرتــی ڕێکخراوەکانی مافــی مرۆڤیش، چەندین کەیســی پێشــێلکاری دژ بــە کەســانی گومانلێکراو و ئەندامانــی خێزانەکانیــان لــە ناوچە جێناکۆکــەکان تۆمار کراوە [٢٦]. ئەم جــۆرە مامەڵەکردنانەی هێــزە چەکــدار و ئەمنییەکان، مەترســیی بەردەوامــی بیــری توندڕەوی زیاد دەکات و ئەگەری ئــەوەی لــێ دەکرێــت کــە ئەندامانی تری ئــەو خێزانانەش بــەرەو بیری تونــدڕەوی بڕۆن و لە کردەی تیــرۆر و یارمەتیدانی گرووپە تیرۆرســتییەکانەوە تێوە بگلێن .

ســەرەڕای هەمــوو ئــەو کێشــانە، بابەتــی گەندەڵــی لــە کەیســی دەســتگیرکردن و بەرەڵاکردنی ئەو تیرۆرســتانەی کــە تاوانــی تیرۆریــان بەســەردا ســاغ بووەتــەوە؛ وەك ســەرچاوەی مەترسـیی بەردەوامــی توندڕەوبــوون و کــردەی تیرۆرســتی لەقەڵــەم دەدرێن، چونکە وەك بەشــێکی زۆری بەشــداربووان ئاماژەیــان پــێ کــرد کــە هەندێــك لــە کاربەدەســتانی هێــزە ئەمنییەکان و پۆلیــس لە ڕێگای ڕێککەوتنــی ژێربەژێــرەوە و لەبەرانبــەر بــڕە پارەیەکــی زۆر؛ چەندیــن ســەرکردە و گەورەتیرۆرســتیان بــەرەڵا کردووە کە دواجار ســەرچاوەی مەترســین بــۆ توندڕەوکردنــی ئەوانی تــر. هەر چەنــدە هیچ کام لە بەشــداربووان کەیسێکی دیاریکراویان وەبیــر نەهێنایەوە کە پاڵپشــتیی ئەم قسانە بکات، بــەڵام ئــەوان ئاماژەیــان بەوە کــرد کە لــە شــەقامی عێراقی و لەنــاو هاوڵاتیــان؛ دەنگــۆی تێوەگلانــی ئەو کاربەدەســتانە زۆر بــڵاوە، بــە ڕادەیــەك کە دەوڵەمەندبوونــی هەندێــك بەرپرســی ئەو هێزانــە؛ ئاماژەی ڕوونــە بــۆ ئــەو بابەتە.

**ئەنجام**

بارودۆخــی ناوچــە جێناکۆکــەکان بــە جۆرێکە کە هێشــتا زەمینەی ســەرهەڵدان و گەشەســەندنی بیــری توندڕەویــی تێــدا بــەدی دەکرێت. ئەو ناوچانە تا ئێســتا ژینگەیەکــی لەبارن بــۆ گرووپە تونــدڕەوەکان، کــە بەردەوامی بــە کار و چالاکییەکانیــان بدەن و ڕەگــی مانــەوەی خۆیان لەناو بۆشــاییە سیاســی و ئەمنــی و کۆمەڵایەتــی و ئابوورییەکانــی ئــەو ناوچانــە بەهێــز بکەن، چونکــە هــۆکار و پاڵنەرەکانی بیری تونــدڕەوی لــەم ناوچانە؛ تا ئاستێکی مەترســیدار بوونیان هەیــە، دەرەنجامەکەشــی لەو ململانــێ و بەریەککەوتنانــەوە دەردەکەوێــت کــە ڕۆژانــە لەنێــوان پێکهاتەکانــی ئــەم ناوچانــە ڕوو دەدەن تــا دەگات بــەو چالاکییانــەی کــە گرووپە تونــدڕە و تیرۆریســتییەکان

ئەنجامی دەدەن. بە بەراورد بە ڕادەی مەترسییەکان، هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان زۆر لاواز و ناکاریگەرن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بیری توندڕەوی و تیرۆر بەرهەم دەهێنن. بۆیە ئاسانە پێشبینی ئەوە بکرێت کە بیری توندڕەوی زیاتر لەم ناوچانە تەشەنە بکات و لە هەر ساتێکدا بە هۆی بوونی ئەم زەمینانەوە؛ سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆرستییەکان ئەگەرێکی بەهێز بێت، چونکە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە بە خراپترین دۆخی خۆیدا تێپەڕ دەبێت، هەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان بە پاڵنەری سیاسی تا ئاستێکی مەترسیدار قووڵ کراونەتەوە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکانگیرییەك بەدی ناکرێت، بەمەش پایەکانی بیری توندڕەوی زیاتر قایمتر دەبێت، لە بەرامبەردا هەوڵێکی جددیی ئەوتۆ لە ڕێگای دامەزراوەی پەروەردەیی و دەزگای ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی مەدەنییەوە نەدراوە کە زەمینەی هاوبەشی پێکەوەژیان و ئاشتی لەم ناوچانە دروست بکرێت. بە هۆی بەسەربازیکردنی ئەو ناوچانەوە، مەترسیی سەر چالاکییە مەدەنییەکان، بەتایبەتییش کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان، تا دێت زیاتر دەبێت. لە ڕووی پەروەردەییشەوە دابڕانی زیاتر بەدی دەکرێت، خەریکە دەگاتە ئاستی ئەوەی زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نەبێت کە لە یەکتری تێبگەن، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت لە داهاتوودا زیاتر بە یەکتر نامۆ بن، ئەمە جگە لەوەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە نەبووەتە بەرهەمهێنەری بەها و بنەمای مەدەنیی هاوبەش لە نێوانیاندا. ئەوەی بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزتر کردووە، بارودۆخی ئەمنی و ڕۆڵی دەزگا ئەمنییەکانە لەو ناوچانە. سەرەڕای ئەوەی سەقامگیرییان دروست نەکردووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ بارودۆخەکە؛ بۆخۆی سەرچاوەی ناسەقامگیری و قووڵکردنی ململانێی نێوان پێکهاتەکانە کە پێشبینی ئەوە ناکرێت لە ئایندەی نزیکدا باشتر بێت.

سەرچاوەکان:

(١) Institute for Economics and Peace. ٢٠٢٠. Global Peace Index. Retrieved from http://visionofhumanity.org/app/uploads/٠٦/٢٠٢٠/GPI_٢٠٢٠_web.pdf [accessed on July ٢٠٢٠ ,٥]

(٢) Institute for Economics and Peace. ٢٠١٩. Global Terrorism Index. Retrieved from http://visionofhumanity.org/app/uploads/١١/٢٠١٩/GTI٢٠١٩-web.pdf [accessed on July ٢٠٢٠ ,٦]

(3) Institute for Economics and Peace. ٢٠٢٠. Global Peace Index.

(4) The U.S. Department of State.2020. Country Reports on Terrorism 2019. Retrieved from https://www.state.gov/wp-content/uploads/2020/06/Country-Reports-on-Terrorism-2019-2.pdf

(٥) فەتاح، ئومێد ڕەفیق، ڕەسووڵ، عابد خالد، مستەفا، جەلال حەسەن، میکە، هەردی مەهدی، ٢٠١٩، سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆرستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی.

(٦) ساڵح، سەنگەر و ڕەحمان، عەبدولسەمیع، ٢٠٢٠، بیری توندڕەوی: فاکتەر و میکانیزمەکانی ڕێگریردنی لە

هەرێمی کوردستان. وەرگیراوە لە http://pfo-ku.org/index.php/raport/2017-05-19-16-00-33/645-2020-08-13-09-53-38?fbclid =IwAR2k0ibpYCprDxa15AKPM7qYSVpaZ4SSQKeNlNgSmiUwEk1ElaP OEL8xcYY ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی. هەولێر.

(7) Holmer, G., ٢٠١٣. Countering violent extremism: A peacebuilding perspective. US Institute of Peace.

(8) Guiu, R. Ameen, A., And Siddiqui, N., ٢٠١٧. Scenarios of Fragility in Northern Nineveh; Baseline assessment for the sub-districts of Wana, Zummar, Rabbia, and Sinuni. Social Inquiry. Retrived from https://issuu.com/social-inquiry/docs/report__4 [accessed on July 29,2020].

(9) Sanad for Peacebuilding and Social Inquiry. 2018. "Ideas are more dangerous than deeds": Street-level perspectives of violent extremism in Nineveh Governorate, Iraq" retrieved from https://static1.squarespace.com /static/5bbb4e4c29f2cc31b47 ff50f/t/5d5eb954141bba000113d623/15664 88929024/Ideas+are+more+Dangerous+than+Deeds.pdf [ accessed on July 28, 2020]

(10) Kelsey Shanks (2016) The changing role of education in the Iraqi disputed territories: assimilation, segregation and indoctrination, Globalization, Societies and Education, 14:3, 422-433, DOI: 10.1080/14767724.2015 .1128807

(11) Abdel-Razek, O. and Puttick, M., 2016. Majorities and minorities in post-ISIS Iraq. Contemporary Arab Affairs, 9 (4), pp.565-576.

(١٢) وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ٢٠٢٠، https://mop.gov.iq/news/view/ details?id=٣٦٠،(بەردەستە: ٢٠٢٠/٨/١)

(13) Mansour, R., 2017. Iraq after the Fall of ISIS: The Struggle for the State. Chatham House. Retrieved from https://www.chathamhouse.org/sites/default/files/publications/research/2017-07-04-iraq-after-isis-mansour-final2.pdf [Accessed on July 13, 2020].

(14) Daniel Meier . 2020. 'Disputed territories' in northern Iraq: The frontiering of in-between spaces, Mediterranean Politics, 25:3, 351-371, DOI: 10.1080/13629395.2019. 1681733

(15) O'Driscoll, D. 2019. The Islamic State in Iraq. K4D Helpdesk, Brighton, UK: Institute of Development Studies.

(16) The U.S. Department of State.2020. Country Reports on Terrorism 2019.

(17) Van Veen، Erwin & al-Shadeedi, al-Hamzeh. 2018. In the eye of the storm? (In) stability in Western Iraqi

(18) Kurdistan. Retrieved from https://www.clingendael.org/sites/default/files/2018-07/in-the-eye-of-the-storm.pdf [Accessed on June 25,2020].

(١٩) پیرە، جەمال، ٢٠١٩، سەردەمی داعش، بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی.

(٢٠) ئەڤرۆ نیوز، ٢٠٢٠، لە ماوەی یەك هەفتەدا؛ داعش ٩ هاوڵاتیی فراندووە. لە/http://evronews.net/ku ماوە%E2%80%8Cی-یە%E2%80%8Cك-هە%E2%80%8Cفتە%E2%80%8Cدا-داعش-٩-هاو/١٦٨٤٢٠/.

(21) Kelsey Shanks (2016) The changing role of education in the Iraqi disputed territories: assimilation, segregation and indoctrination, Globalization, Societies and Education, 14:3, 422-433, DOI: 10.1080/14767724.2015 .1128807

(٢٢) ئەوەی زۆر جار لەناو خەڵکدا دەوترا کەرکووکییەکان سێ مەوجن، مەبەست ئەوە بوو کە بە هۆی تێکەڵاوبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەشێك لە خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکان دەیانتوانی بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی قسە بکە ن .

(23) Barany, L., 2013. Teaching of religious education in Iraqi state schools and the status of minorities in Iraq: a critical review. International Journal of Arts & Sciences, 6(4), p.451.

(24) International Organization for Migration. 2020. Perceptions of security and police in Iraq - Baseline Survey Findings. Retrieved from https://uniraq.org/ index.php?option=com_k2&view=item&id =12120:perceptions-of -security-and -police-in-iraq- baseline-survey-findings &Itemid =626&lang=en [Accessed on July 20,2020].

(25) Potter, Alex. 2018. The Government is Constructing a New Generation of Isis.

(26) Human Rights Watch. 2018. Retrieved from https://www.hrw.org/world-report/2018/country-chapters/iraq

(27) [Accessed on August 5, 2020].

ئایندەناسی

# وەرگێڕان

# ڕێگرییەکانی لکاندنی کەرکووک به حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە


د. زەهرا ئەحمەدی پور - مامۆستای جوگرافیای سیاسی/زانکۆی تەربییەت مودەڕیس

مەحموود موبارەکشاهی - ماستەری جوگرافیای سیاسی/زانکۆی تەربییەت مودەڕیس



وەرزنامەی جیۆپۆلەتیک - ساڵی یانزەهەم، ژمارەی دوو، هاوینی ٢٠١٥.


وەرگێڕان: لوقمان سەیفور ئەسکەندەر



**پوختە**

پارێزگای کەرکووک وەک یەکێک لە گرنگترین ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق ئەژمار دەکرێت، لە مێژووی دروستبوونی ئەم وڵاتەوە تاوەکوو ئێستا؛ کاریگەریی لەسەر هەموو دانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان حزبە کوردییەکان و دەوڵەتی ناوەندی بەجێ هێشتووە و چارەنووسی ئەم پارێزگایە بەردەوام یەکێک بووە لە پرسە جێناکۆکەکانی نێوان کوردەکان و حکومەتی ناوەندیی عێراق. کوردەکانی عێراق؛ کەرکووک بە بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی کوردستان دەزانن و ڕێبەرانی کوردی عێراق؛ نازناوی "دڵی کوردستان" و "قودسی کوردستان"یان داوە بە کەرکووک و چەندین جار لە دەربڕینی هەڵوێستە سیاسییەکانیاندا وتوویانە لەسەر چارەنووسی کەرکووك ئامادەی سازشکردن نین. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی ناوەندیی عێراق، ئەم پارێزگایە وەک بەشێکی ناوچە کوردستانییەکان ئەژمار ناکات و ئامادە نەبووە خواستی کوردەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کە کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان؛ پەسەند بکات. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم بنەمایە دارێژراوە کە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی نەلکاندنی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە، پێگەی جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووکە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەییدا، ئەم توێژینەوە لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکی و بە شێوەی وەسفی-شیکاری و بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکانی کتێبخانە و بەدواداچوونی مەیدانی، ئەو هۆکار و ئاستەنگانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کەرکووک نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان؛ خستووەتە ڕوو.



**کلیلەوشەکان: جیۆپۆلەتیک، جیوئیکۆنۆمیك، قورسایی جیۆپۆلەتیک، کوردستان، کەرکووک**


---

**تێبینی: لەبەر درێژی توێژینەوەکە و ناپێویستی و پەیوەستنەبوونی بە دۆسێی ئەم ژمارەیەی ئایندەناسییەوە، چەند بەشێکی ئەم توێژینەوەیە وەرنەگێڕدراوە.**

---

**بەرایی**

لەو وڵاتانەی کە جیاوازیی نەتەوەیی و ناتەبایی بوونی هەیە، پەیوەندییەکانی نێوانی گرووپێکی نەتەوەیی باڵادەست بەسەر گرووپەکانی تر؛ لەو بابەتە گرنگانەیە کە بووەتە مایەی لێکۆڵینەوەی جوگرافیناسانی سیاسی. وڵاتی عێراق یەکێک لەو وڵاتانەی کە لەسەر پێکهاتەیەکی زۆر ناتەبای نەتەوەیی و مەزهەبی دامەزراوە و بە دروستکراوی سیاسەتەکانی وڵاتی بەریتانیا لە سەدەی بیست و یەکدا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمار دەکرێت.

کوردەکان وەک دووەم گرووپی گەورە لە ڕووی نەتەوەیی[1] و ڕەگەزی لە عێراقدا ئەژمار دەکرێن و لە مێژووی دروستبوونی ئەو وڵاتەوە تا ساڵی ١٩٩١، بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا تێکۆشاون. لە ساڵی ١٩٩٢، لەلایەن هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا ناوچەی ئارام بۆ کوردەکان دابین کرا و بۆ یەکەم جار لە بەشێکی کوردستان؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرا. ئەو ناوچانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لێ پێک هێنرا، پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆکی لەخۆ دەگرت کە نزیکەی نیوەی ئەو ناوچانە پێک دێنن کە کوردەکانی عێراق بە درێژایی مێژووی داوایان کردووە. ئەو ناوچانەی کە کوردەکان داوای دەکەن، لە خۆگری پارێزگای کەرکووک و بەشێک لە پارێزگاکانی موسڵ و دیالە و سەلاحەدینە. لەم نێوەندەدا پارێزگای کەرکووک بە یەکێک لە ناوچە گرنگە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق ئەژمار دەکرێت. بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق تا ئێستا، کاریگەریی لەسەر هەموو ئەو دانوستان و ڕێککەوتننامانە هەبووە کە لەنێوان حزبە کوردییەکان و حکومەتی ناوەندی ئەنجام دراون.

پرسیاری توێژینەوە: گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم لکاندنی کەرکووک بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (عێراق) چییە؟

گریمانەی توێژینەوە: وا دەردەکەوێت کە قورسایی جیوئیکۆنۆمیی کەرکووک لە ئاستی نیشتمانی و ناوچەییدا، لە گرنگترین ئاستەنگەکان بن لە نەلکاندنی کەرکووک بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

## هەڵکەوتەی جوگرافیایی پارێزگای کەرکووک

لە ڕوانگەی پێوەری بیرکارییەوە، پارێزگای کەرکووک دەکەوێتە سەر هێڵی ٣٤ پلە و ٢٠ خولەک تا ٣٦ پلە و ٢٠ خولەک پانیی باکوور و ٤٢ پلە ٣٠ خولەک تاوەکوو ٤٦ پلە و ٢٠ خولەکی درێژیی خۆرهەڵات. شاری کەرکووکیش دەکەوێتە سەر هێڵی ٣٥ پلە و ٣٠ خولەک پانیی باکوور و ٤٤ پلە و ٢١ خولەکی درێژیی خۆرهەڵات (Mohamad Khorshid, ٢٠٠٧: ٧٥).

پارێزگای کەرکووک لە ڕوانگەی هەڵکەوتەی ڕێژەییەوە، دەکەوێتە ناوەندی باکووری عێراق و باشووری کوردستان. ئەم پارێزگایە لە باکوور و ڕۆژئاوا؛ هاوسنوورە لەگەڵ هەولێر و لە ڕۆژهەڵاتەوە بە سلێمانی و لە باکووریشە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای سەلاحەدین.

ڕووبەری پارێزگای کەرکووک بە سەرنجدان لە پێکهاتەی کارگێڕی و سیاسی لە ساڵی ١٩٥٧، بریتیە بووە لە ٢٠٣٥٥کم چوارگۆشە، بەڵام لەپاش جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و جیاکردنەوەی ئەو قەزایانەی کەرکووک کە

زۆرینەی دانیشووانەکەیان کورد بوون، وەک: کفری، دوزخورماتوو و چەمچەماڵ و لکاندنیان بە پارێزگاکانی دەوروبەری کەرکووکەوە، ڕووبەری پارێزگاکە زۆر بچووک بوویەوە بە شێوەیەک کە لە ساڵی١٩٩٠، ڕووبەری ئەو پارێزگایە بۆ کەمتر لە نیوەی ڕووبەری ڕابردووی بچووك بوویەوە (Aref hasan, ٢٠٠٩: ١٠٦).

لەسەر بنەمای ئەو سەرژمێرییەی کە لە ساڵی ١٩٥٧ حکومەتی عێراقی ئەنجامی دابوو، کۆی دانیشتووانی شاری کەرکووک بەنزیکەیی ٣٧٣٤٤٠ کەس بووە. بە سەرنجدان لە نەبوونی ئامارێکی فەرمی لە عێراق لە سەردەمی سەددامەوە تاوەکوو ئێستا، تەنها ئامارێکی بەردەست لە ساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی دانیشتووانی کەرکووکی بە ٨٥٠٧٨٧ کەس دیاری کردووە (Wikipedia, ٢٠١٠). لەم بەشەدا بە سەرنجدان بە پێدراوەکانی بەر دەست، گرنگترین ئاستەنگەکانی لکاندنی کەرکووک بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕوون دەکەینەوە، لە ڕاستیدا ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی کێشەکانی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی

**خشتەی ژمارە (٢)**

**پێکهاتەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووکە، لەسەر بنەمای سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧**

| پێکهاتەی نەتەوەیی | ڕێژەی سەدیی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک | ڕێژەی سەدیی دانیشتووانی شاری کەرکووک |
|---|---|---|
| کورد | ٤٨,٣ | ٣٣,١ |
| عەرەب | ٢٨,٢ | ٢٢,٥ |
| تورکمان | ٢١,٤ | ٣٧,٦ |
| کلد و ئاشووری | ٠,٠٠٤ | ٠,٠١ |

**خشتەی ژمارە (٣)**

**سەرچاوە سروشتییەکانی کەرکووک**

| بنەما ژینگەییەکان | سەرچاوەی سروشتی |
|---|---|
| - خاکی بەپیت و دەوڵەمەند<br>- ڕێژەی گونجاوی بارانبارین<br>- دەوڵەمەندی لە ڕووی سەرچاوە ئاوییەکان (تێپەڕبوونی ڕووبارە پڕئاوەکانی وەک سیروان، زێی بچووک، خاسە و عورفە لەم پارێزگایەوە) | - کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک یاخود بابەگوڕگوڕ<br>- کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن<br>- کێڵگە نەوتییەکانی کۆمار<br>- سەرچاوە غازییەکانی عەین زالە، بوتما و بای حەسەن |

عێراق، چ پێش لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و چ لەپاش ئەو، مۆدێلی بەڕێوەبردنی سیاسیی ناوچەکە بەتەواوی لەژێر کاریگەریی بونیادە ژینگەییەکان و سەرچاوەکانی ژێرزەوی و سەرزەوی بووە کە هەر کام لە لایەنە ناکۆکەکان، بە کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگە مێژوویی و کولتووری و سیاسییەکانی جێی مەبەستی خۆیان، لەم پرسەدا هەوڵی بەڵگە و لێکدانەوەی تایبەت بە خۆیان هێناوەتەوە.

## گرنگی و ڕۆڵی جیوپۆلەتیکیی کەرکووک لە ڕوانگەی حکومەتی عێراقەوە

کەرکووک بە یەکێک لە ناوچە گرنگ و ستراتیژییەکانی عێراق ئەژمار دەکرێت، کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی عێراقەوە خاڵی ناکۆکی نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بووە. دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بەردەوام دژی داواکاریی کوردەکان بووە سەبارەت بە لکاندنی کەرکووک بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانەوە، هۆکارە گرنگەکانی دژایەتیکردنی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بەکورتی دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە ئەماژەی پێ بدرێت:

١. لکاندنی کەرکووک بە کوردستانەوە، دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی نەتەوەیی لە عێراقدا، قورسایی جیۆپۆلەتیکیی کوردستان لە ئاستی نیشتمانیی عێراقدا زیاد دەکات.

٢. لکاندنی کەرکووک بە کوردستانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکان بەشێکی گەورە لە سەرچاوەکانی وزەی عێراقیان دەست بکەوێت.

٣. لکاندنی کەرکووک بە کوردستانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکان سەربەخۆیی ئابووری بەدەست بهێنن و کەمتر پێویستیان بە دەوڵەتی ناوەندی بێت و ڕێخۆشکەری دەکات بۆ ئەوەی زیاتر لە ناوەند دوور بکەونەوە.

٤. ئەگەر کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان، بەشێکی گرنگ لە داهاتی نەوتی عێراق کەم دەبێتەوە و ئەم پرسە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی ئابووری لە

> **“لکاندنی کەرکووک بە کوردستانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکان بەشێکی گەورە لە سەرچاوەکانی وزەی عێراقیان دەست بکەوێت”**

ناوچەکانی تری عێراقدا.

٥. ئەگەر کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق جگە لەوەی کە دەسەڵاتی لە سەرچاوەگەلی زۆری وزە کەم دەبێتەوە، بەڵکوو بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی ئاو و خاکی بەپیت و هەروەها یەکێک لە ناوەندەکانی بازرگانی و ڕێگاکانی پەیوەندی لەژێر سنووری چاودێریی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق نامێنێت.

٦. ئەگەر کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان، گرژییەکانی نەتەوەیی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی عێراق زیاد دەکات و زەمینەخۆشکەر دەبێت بۆ ناوچە شیعەنشینەکانی باشوور کە لە ناوەند دوور بکەونەوە، ئەم پرسە لەلایەن ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق و بەغداد کە لەژێر دەسەڵاتی سوننەکاندایە؛ بەتوندی دژایەتی کراوە و دەوڵەتەکانی عێراق کە زۆرینەیان سوننی بوون، هەر لەم ڕوانگەیەوە دژایەتیی ئەوەیان کردووە کە کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان.

٧. لە بارودۆخی ئێستادا و لەپاش بیست ساڵ لە حکومڕانیی کوردەکان لە هەرێمی کوردستان و تۆخبوونەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کوردەکان، ئەگەر کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان؛ گریمانەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، زیاتر لە هەموو سەردەمەکانی تر دەوڵەتی عێراقی تووشی ترس کردووە.

## ڕۆڵی کەرکووک لە زیادبوونی قورسایی جیۆپۆلەتیکی کوردستان

ئەگەر کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دارشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای ناوچەکە؛ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، هەروەها ڕووبەری ئێستای کوردستان بەنزیکەیی دوو ئەوەندەی ڕووبەری ئێستای گەورەتر دەبێت، واتە لە ٤٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەوە دەبێتە ٨٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، خودی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگ لە سەرچاوەکانی وزە و هەروەها سەرچاوەکانی ئاو و خاکی عێراقی دەست بکەوێت. لکاندنی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر بە هەرێمی کوردستانەوە، دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لە پێنج ملیۆن و نیو بۆ شەش ملیۆن و نیو. قورسایی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی کوردستان، دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە دەرئەنجامگەلێکی ئەرێنیی دیکەی بەدواوە بێت بۆ کوردستان، وەک: زیادکردنی بەشەبودجەی حکومەتی هەرێم و هاوسەنگیی سیاسی لە ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردندا.

ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوچە جێناکۆکەکان و کەرکووک، لە ڕووی ڕووبەری جوگرافی، سەرچاوە سروشتییەکان بەتایبەتی نەوت، سەرچاوەکانی

ئاو و خاک و ژمارەی دانیشتووان؛ لە دۆخێکی باشدا نییە و لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکی لە ئاستی گشتیی وڵات و ناوچەکە گرنگییەکی شایانی باسی نییە، دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیش لەو کاتەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە لە ساڵی ١٩٩١، سەبارەت بە سنوورەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادات. لە ڕوانگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە، پێگەی جیوئیکۆنۆمی کەرکووك بەراورد بە ناوچەکانی تری کوردستان؛ گرنگتر بووە و بەهایەکی زۆر زیاتری هەبووە و گرنگترین ناوچە بووە کە سیاسەتەکانی بەعەرەبکردنی تیایدا جێبەجێ کراوە. ئەگەر ناوچە جێناکۆکەکان نەخرێنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم هەرێمە لە ڕووی ئابووری و پێگەی سیاسی، لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیدا قورساییەکی ئەوتۆی جیۆپۆلەتیکیی نابێت و دەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە هاوسەنگیی سیاسیی عێراقدا؛ توانای مانۆڕی سیاسی لەدەست دەدات. هەر چەندە لەم ساڵانەی دواییدا لە سنووری ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کۆمپانیاکانی نەوتی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرکەوتوو بوون لە دۆزینەوەی کێڵگە گرنگەکانی نەوت و غاز و کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو کێڵگانەی دۆزراونەتەوە؛ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە توانایاندایە وزەی پێویست بۆ کوردستان و پارەی پێویست دابین بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان بەبێ کەرکووک؛ لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکەوە گرنگییەکی کەمتری دەبێت، بیرخستنەوەی ئەم خاڵە پێویستە کە بە هۆکاری بەردەستنەبوونی ئامار و داتای پەیوەندیدار بە ڕێژەی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان، ناتوانرێت کە هەڵسەنگاندن بۆ یەدەگی نەوتی هەرێم کوردستان و یەدەگی نەوتی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی عێراق بکر یت .

## گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووک لە ئاست هەموو عێراقدا

گرنگترین ئاستەنگی لکاندنی کەرکووک بە دەوڵەتی هەرێمی کوردستانەوە لای دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، بریتییە لە گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و قورسایی پێگەی جیۆئیکۆنۆمی کەرکووک. بە سەرنجدان لە پێشینەی مێژوویی ئەم پرسە، ئامادە نەبووە داواکاریی کوردەکان پەسەند بکات لەسەر ئەوەی کەرکووک بخەنە سەر کوردستان. گرنگترین ئەو هۆکارانە کە قورسایی و پێگەی جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووک لە ئاست هەموو عێراقدا بەرجەستە دەکات، بریتین لە:

١. گرنگیی ستراتیژیی کەرکووک لەلای داگیرکەرانی بەریتانی و دەوڵەتی تازەدروستکراوی عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکوو ئێستا، لەسەر بنەمای پێگەی جیۆئیکۆنۆمیی ئەم شارە لە ئاستی هەموو عێراقدا.

٢. بوونی گرنگترین و گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لە کەرکووک و تێچووی کەمی دەرهێنانی نەوت، بە هۆی پێکهاتەی خاکەکەی لە ڕووی زانستی زەویناسییەوە.

٣. بوونی بەشێکی گرنگی یەدەگی غازی سروشتی عێراق لە پارێزگای کەرکووک.

٤. پشکی باڵای بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی عێراق لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، هەر لە سەرەتای دەرهێنانی نەوتی ناوچەکە و ڕۆڵی گرنگی لە بودجەی نیشتمانیی عێراقدا.

٥. کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک؛ گەورەترین دابینکەری نەوتی خاوی پاڵاوگەکانی عێراقن، بەتایبەتی پاڵاوگەی بێجی کە گەورەترین پاڵاوگەیە لە باکووری عێراق.

٦. جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و سڕینەوەی شوناسی غەیرەعەرەبی لە پارێزگای کەرکووک، پاش دەرکەوتنی گرنگیی ئابووریی ئەم شارە لە دەیەی ١٩٣٠، خستنەکاری پرۆژەی ئاودێریی حەویجە و نیشتەجێکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە عەرەبی بیابانتشین لە پارێزگای کەرکووک و دەرکردنی بەکۆمەڵی کورد و تورکمانەکان لەم ناوچەیە.

٧. گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە دابەشکاریی سیاسی و کارگێڕیی پارێزگای کەرکووک و جیاکردنەوەی قەزا کوردییەکان لەم پارێزگایە و لکاندنی قەزا عەرەبییەکان پێوەی، هەروەها گۆڕینی ناوە مێژووییەکەی پارێزگای کەرکووک لە وشەی مێژوویی "کەرکووک"ەوە بە "التامیم" و گۆڕانکاریی بەربڵاوی کولتووری لە شاری کەرکووک، بە ئامانجی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی جگە لە عەرەب.

٨. گرنگیی بازرگانیی کەرکووک و ڕۆڵی بەیەکگەیاندنی لە پەیوەندیی باکوور بە ناوەند و باشووری عێراق و هەروەها وڵاتانی دراوسێ.

٩. گرنگیی لەڕادەبەدەری کەرکووک لە ڕووی توانای کشتوکاڵی، باخداری و ئاژەڵداری، بە سەرنجدان لە سەرچاوەی ئاو و خاکەکەی.

**ڕۆڵی کەرکووک لە ڕەوتی دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و کوردەکانی ئەم وڵاتە لە مێژووی دروستبوونیەوە تا ساڵی (١٩٩١)**

لە سەرەتای دروستبوونی وڵاتی عێراقەوە، کوردەکانی ئەم وڵاتە داوای مافە سیاسییەکانی خۆیان کردووە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) و فیدراڵی. لە ڕەوتی خەبات و ڕاپەڕینی کوردەکان لە دژی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە چەند قۆناغێکدا، هەردوو لایان لەسەر چارەسەرکردنی ئەم پرسە دانوستانیان کردووە و دەگەیشتنە کۆمەڵێك ئەنجام، بەڵام بەبێ چارەسەر مانەوەی پرسی کەرکووک، دانوستانەکانی تووشی شکست دەکرد کە هۆکاری سەرەکیی ئەوەش گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و پێگەی جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووک بوو لەسەر ئاستی عێراق. ئەو نموونانەی کە پرسی کەرکووك هۆکاری شکستی دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و کوردەکان بووە لە

ماوەی نێوان دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تاوەکوو ساڵی ١٩٩١، بریتین لە:

١. شێخ مەحموودی بەرزنجی کە یەکێک بوو لە ڕێبەرانی کورد لە عێراق، لە سەردەمی زاڵبوونی بەریتانیا بەسەر دەوڵەت و وڵاتی عێراقدا، داوکاریی پێکهێنانی ئیالەتی کوردستان بوو کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی عێراق لەگەڵ پارێزگای دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکووک لەخۆ بگرێت. ئەم خواستەی شێخ مەحموود بە هۆی بانگەشەی لکاندنی کەرکووك بە کوردستانەوە، لەلایەن بەریتانیا و دەوڵەتی دەستکردی عێراقەوە دژایەتی کرا، لە سەرەتادا بەریتانیا ڕەزامەندییان پیشان دا لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی شێخ مەحموود لە سلێمانی، بەڵام ئەو پانتاییە جوگرافیاییە بەربڵاوەی کە ویستی شێخ مەحموود بوو و پارێزگای دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکووکیشی دەگرتەوە، بەتەواوی بەریتانیای نیگەران کرد. هەر بۆیە خواستی شێخ مەحموود بە هۆی ئەوەی کە لەخۆگری یەکێک لە گرنگترین ناوچە نەوتییەکانی عێراق بوو، ڕووبەڕووی دژایەتیی جیددیی بەریتانیا بوویەوە.

٢. لەپاش شکستهێنانی شۆڕشی شێخ مەحموود، ئەم جارەیان ڕاپەڕینی کوردی؛ بەشی باکووری کوردستانی عێراقی لەخۆ گرت کە دەکەوتە جوگرافیای عەشایەری ناوچەی بارزان. بنەماڵەی بارزانییەکان لە مێژووی خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە، کە دیارترین کەسایەتییان مەلا مستەفای بارزانی بووە.

لە پێداچوونەوە بۆ خەباتی مەلا مستەفا بارزانی؛ ڕێبەری کوردەکانی عێراق، لە گرنگترین ئەو هۆکارەی کە بووە هۆی شکستهێنانی دانوستانەکانی نێوان بزووتنەوەی کوردی و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، ڕەزامەندنەبوونی دەوڵەتی عێراق بوو لە لکاندنی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە.

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، پێدەچێت گرنگترین دەستکەوتی کوردەکانی عێراق بێت تا پێش هاتنی بەهاری ساڵی ١٩٩١، لەبەر ئەوەی کوردەکان بە تێکۆشانی بەردەوامی خۆیان؛ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیان ناچار کرد مل بۆ خواستەکانیان بدات، بەڵام دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان؛ گەورەترین ئاستەنگ بوو لەنێوان ڕێبەری کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندی. کوردەکان خواستی ئەوەیان هەبوو کە کەرکووک بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەوەیان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی کوردستان ئەژمار دەکرد، لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بە هۆی بایەخی جیۆپۆلەتیکیی کەرکووک بۆ دەوڵەتی ناوەندی و بە بیانووی پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز لە کەرکووک، بەتوندی دژایەتیی ئەوەی دەکرد کە کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان.

٣. لە ساڵی ١٩٨٤، دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی

ناوەندیی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی؛ سەبارەت بە سنووری ئۆتۆنۆمی و پرسی کەرکووک بوو. لەم ساڵەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراق لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی کەوتە گفتوگۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەتی ناوەندی لە کاتی شەڕ بوو لەگەڵ ئێراندا و وا چاوەڕێ دەکرا بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەو وڵاتە؛ هێز و توانای لە گۆڕەپانی باکر بەرامبەر ئێران بەهێزتر بێت. بەڵام لەبەر گرنگیی ستراتیژیی کەرکووک بۆ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، عێراق پێی باش بوو لەگەڵ ئێراندا بجەنگێت تا ئەوەی کە کەرکووک لەدەست بدات لە بەرژەوەندیی کوردەکان.

٤. لەپاش ڕاپەڕینی کوردەکان لە باکووری عێراق و گەڕانەوەی حزبە کوردییەکان بۆ ناو کوردستان، بەرەی کوردستانیان پێک هێنا لە زۆرینەی حزبە کوردییەکان، وەک پێشاندانی نیازپاکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، بە مەبەستی گفتوگۆکردن؛ نوێنەریان نارد بۆ بەغداد.

لە دانوستانەکانی مانگی چواری ١٩٩١، دەوڵەتی بەغدا لە سەرەتادا هەموو ئەو بابەتانەی پەسەند کرد کە گفتوگۆیان لەسەر کردبوو، تەنانەت ئەو خاڵانەشی کە پەیوەندیی بە چارەنووسی کەرکووک و خانەقین و شەنگالەوە هەبوو؛ پەسەند کرد، بەڵام حکومەتی عێراق لەناکاودا هەموو ڕێککەوتنەکانی خستە ژێر پێی و لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بوویەوە، لەپاش نۆ دانیشتن و تێپەڕبوونی ٥ پێنج مانگ، دانوستانەکان گەیشتنە بنبەست.

## قورسایی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووک

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی شکستهێنانی دانوستانەکانی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق تا دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، پرسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بوو. گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووک لە عێراق و ناوچەکەدا، کاریگەریی بنەڕەتیی لەسەر ڕێکنەکەوتنی نێوان لایەنە ناکۆکەکان لە چارەسەرکردن و گفتوگۆکان و دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە هەبووە و دەشیبێت. لەم ڕوانگەیەوە کە هۆکارە جوگرافییەکان وەک پێگەی جوگرافی، شێوەی خاک، بارودۆخی تۆپۆگرافی، پانتایی، بنەما ژینگەییەکان (سەرچاوەکانی ئاو و خاک و... هتد) و سەرچاوە سروشتییەکان و سەرچاوەکانی وزەی سامانە سروشتییەکان(انرژی فسیلی) ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتیان لە بەرهەمهێنانی توانا و زیادکردنی قورسایی جیۆپۆلەتیکی دەبینن. هەڵکەوتەی جوگرافیایی، سەرچاوەی دەوڵەمەند بە نەوت و سەرچاوەی گرنگی ئاو و خاک لە کەرکووکدا، لە

مێژە قورسایی جیۆپۆلەتیکی ئەم پارێزگایەی بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە شێوازێکی بەرچاو دەرخستووە، لەم نێوەندەدا ڕۆڵی سەرچاوەکانی سروشتی سەبارەت بە زیادکردنی قورسایی جیۆپۆلەتیکیی پارێزگای کەرکووک لە عێراقدا، لە هۆکارەکانی دیکە زۆر زیاتر دەردەکەوێت.

پارێزگای کەرکووک سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕابردوودا وەک ناوەندێکی بازرگانیی گرنگ لە عێراق و کوردستان ئەژمار دەکرا، بەڵام لەپاش دۆزینەوەی نەوت لەو پارێزگایە لە ساڵی ١٩٢٧، ئەم سنوورە بوو بە ڕێگای سەرەکیی ئابووریی عێراق.

لە زۆرینەی ڕەوتی گفتوگۆکانی پەیوەندیدار بە باروودۆخی کەرکووک، سەرەتا و ناوەندی قورسایی ئەو گفتوگۆیانە سەرچاوە دەوڵەمەند بە نەوتەکەی بووە، لە کاتێکدا کە کوردەکان لە ڕوانگەی مێژوویییەوە ئەم خاکە بە هیی خۆیان دەزانن، زۆرێک لە ڕێبەرە کوردەکان دژی ئەو بۆچوونەن کە گوایە ئامانجی ڕیفراندۆم بۆ کەرکووک، مەبەست لێی سەروەت و سامانی نەوتەکەی بێت.

چڕبوونەوەی بەشێکی گرنگی یەدەگی وزەی عێراق لە کەرکووک، یەکێک بووە لە هۆکارە گرنگەکان کە ویلایەتی موسڵ بلکێنرێت بە عێراقەوە، کەواتە دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکووک، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە ناوچەکەدا.

حزبە کوردییەکانی عێراق باوەڕیان وایە کە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان؛ خواستێکی مێژووییە و بەردەوام کەرکووک بە بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان دانراوە، بەڵام پرسی نەوت بووە بە بەڵگەیەک بۆ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق کە بە هۆی ئەوەوە ئاستەنگ دروست دەکات بۆ کوردەکان سەبارەت بەوەی لە کەرکووکدا حکومڕانی بکەن.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق و داهاتی بەدەستهاتووی لە ساڵی ١٩٧٠دا**

| ناوی کۆمپانیا | ڕێژی بەرهەمهێنان | داهاتی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| کۆمپانیای نەوتی عێراق (کەرکووک) | ٥٧٨٠٢٨١٦ تەن | ١٤٣٣٢٥٩٣٦ دینار |
| کۆمپانیای نەوتی بەسرە | ١٧٣٤٠١٠٦ تەن | ٣٦٦٩٣٦١٩ دینار |
| کۆمپانیای نەوتی موسڵ | ١٣٠٢٠٤٦ تەن | ٣٠٨٨٦١٩ دینار |
| کۆی گشتی | ٧٦٤٤٤٩٦٨ تەن | ١٨٣١٠٨٢١٥٦ دینار |

Sourece: Mohamad Khorshid, ٢٠٠٧

### گرنگیی جیۆپۆلەتیکیی کەرکووک لە ڕوانگەی نەتەوەکانی دانیشتووی کەرکووک

پارێزگای کەرکووک وەک یەکێک لە پارێزگا زۆر گرنگەکانی عێراق، بەهایەکی جیۆپۆلەتیکیی تایبەتی لەسەر ئاستی عێراقدا هەیە، کەواتە هەریەک لە نەتەوەکانی دانیشتووی کەرکووک و بەتایبەتی کوردەکان و تورکمانەکان دەڵێن کەرکووک هیی ئێمەیە و هەوڵ دەدەن ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بەسەر ئەو پارێزگایەدا بسەپێنن. ئەوەی کە زۆر دیار و ڕوونە، دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک لە بەرژەوەندیی هەر کام لەم نەتەوانەی دانیشتووی پارێزگای کەرکووک، دەبێتە هۆی زیادبوونی قورسایی و پێگەی جیۆپۆلەتیکییان لە ئاستی گشتیی عێراق و ناوچەکەدا. تێڕوانینی کوردەکان و تورکمانەکان سەبارەت بە ناسنامە و چارەنووسی کەرکووک، بەکورتی و لە چوارچێوەی خشتەی ژمارە (٥) دا دەخرێتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ناسنامە و پێگەی کەرکووک لە ڕوانگەی کوردەکان و تورکمانەکانەوە**

| ناوی کۆمپانیا | ڕێژی بەرهەمهێنان | داهاتی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| کۆمپانیای نەوتی عێراق (کەرکووک) | ٥٧٨٠٢٨١٦ تەن | ١٤٣٣٢٥٩٣٦ دینار |
| کۆمپانیای نەوتی بەسرە | ١٧٣٤٠١٠٦ تەن | ٣٦٦٩٣٦١٩ دینار |
| کۆمپانیای نەوتی موسڵ | ١٣٠٢٠٤٦ تەن | ٣٠٨٨٦١٩ دینار |
| کۆی گشتی | ٧٦٤٤٤٩٦٨ تەن | ١٨٣١٠٨٢١٥٦ دینار |

### ڕوانگەی تورکیا سەبارەت بە لکاندنی کەرکووک بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

تورکیا وەک یەکێک لە گرنگترین ئەکتەرەکان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی عێراق و وەک یەکێک لە کاریگەرترین وڵاتانی ناوچەکە لەسەر کاروباری کوردستان، بەم هۆکارانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دراوە، بەتوندی دژی لکاندنی کەرکووک بە کوردستانی عێراقەوە بووە و دە بێت :

- زیادبوونی قورسایی جیۆپۆلۆتیکیی کوردستان لەسەر ئاستی گشتیی عێراق و ناوچەکە.
- ڕێخۆشکەری بۆ زەمینەسازیی سەربەخۆیی کوردستان لە عێراق.
- دروستبوونی مەترسی لەسەر سەروەریی خاکی تورکیا.

- وروژاندنی سیاسیی کوردەکانی تورکیا لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان لە عێراقدا.
- زیادبوونی مەترسییەکانی حزبی کرێکارانی کوردستان (P.K.K).
- دروستبوونی مەترسی لەسەر پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکمانەکان لە عێراقدا.

بە تێڕاوانینێکی گشتی و بە سەرنجدان لەو بابەتانەی باس کران، پارێزگای کەرکووک لە ئاستی گشتیی نیشتمانیی عێراقدا، خاوەنی تایبەتمەندیی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیی بەرچاوە، کە لە ڕوانگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و دەوڵەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە چوارچێوەی خشتەی ژمارە (٦)دا دەخرێتە بەرچاو.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**گرنگیی جیۆپۆلەتیکیی کەرکووک لە ڕوانگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و دەوڵەتی هەرێمی کوردستانەوە**

| لە ڕوانگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق | لە ڕوانگەی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان |
|---|---|
| - گرنگیی ستراتیژیی کەرکووک لە مێژووی دروستبوونی عێراقەوە تاوەکوو ئێستا. | - گرنگیی ناوچەکە لە ڕوانگەی سیاسی و مێژووییەوە. |
| - گرنگترین و گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لە سنووری کەرکووکدایە. | - پێگەی جیۆئیکۆنۆمی لەسەر پێشکەوتنی قورسایی جیۆپۆلەتیکیی کوردستان. |
| - گرنگیی ناوچەکە لە ڕوانگەی جیۆئیکۆنۆمی لە ئاستی گشتیی نیشتمانیی عێراقدا. | - زیادبوونی قورسایی جیۆپۆلەتیکیی کوردستان لە ڕوانگەی ڕێژەی دانیشتووان و ڕووبەرەوە. |
| - گرنگیی بازرگانی و بەستنەوەی ڕێگاکان پێکەوە. | - پێشکەوتنی سیاسی و کەمبوونەوەی پێویستی بە دەوڵەتی ناوەندی. |
| - گرنگیی ناوچەکە لە ڕوانگەی هاوسەنگیی سیاسی لەنێوان نەتەوەکانی دانیشتووی عێراقدا. | - جێگیربوونی هێزی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و هەرێمیدا. |

## شێکردنەوە و لێکدانەوەی پێدراوەکانی لێکۆڵینەوەکان

بەدواداچوون و شیکرنەوە و لێکدانەوەی پێدراوەکان بە سەرنجدان لە پرسیار و گریمانە، لێکۆڵینەوە بەم شێوەی لە خوارەوە هاتووە؛ دەخرێتە بەرچاو.

١. پرسی ئاڵۆزی گفتوگۆکان سەبارەت بە چارەنووسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و دەوڵەتی هەرێمی کوردستان؛ بنەمایەکی مێژوویی هەیە و لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٣، کوردەکانی ئەو وڵاتە، واتە دانیشتووانی ڕەسەنی ویلایەتی موسڵی عوسمانی

یاخود کوردستانی باشوور، بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ دابڕان بە ئامانجی داواکارییە سیاسییەکانی خۆیان بەرامبەر بەو ڕژێمانەی کە دەسەڵاتدار بوون لە عێراق؛ خەباتیان کردووە و لە تێکۆشانەکانیدا پرسی حکومڕانی لە پارێزگای کەرکووک؛ گرنگترین تەوەرەکانی دانوستانەکان بووە لەنێوان دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و بزووتنەوەی کوردی.

بە هەمان شێوە کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، گرنگترین هۆکاری شکستی دانوستانەکانی نێوان مەلا مستەفای بارزانی؛ ڕێبەری کوردەکانی عێراق و حکومەتی بەعسی حەسەن بەکر لە مارچی ١٩٧٠دا، پرسی دیاریکردنی سنووری کارگێڕی-سیاسیی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمیی کوردستان بوو کە پارێزگای کەرکووکی لەخۆ نەدەگرت و هەر ئەم بابەتەش بووە هۆی شکستی دانوستانەکانی ساڵی ١٩٧٤ و سەرلەنوێ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق شەڕی لەگەڵ کوردەکاندا دەست پێ کردەوە. هەروەها گرنگترین تەوەری دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا، هەروەها دانوستان لەنێوان بەرەی کوردستانی (پێکهاتوو لە حزبە سیاسییە کوردستانییەکان) لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا، لەسەر دیاریکردنی سنووری جوگرافیای کوردستان بەتایبەتی چارەنووسی پارێزگای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر بوو.

لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا و گەڕانەوەی گرووپە نەیارە عێراقییەکان بۆ وڵات و پێکهێنانی ئەنجوومەنی حکومەتی کاتی و دەوڵەتی کاربەڕێکەر، یەکێک لە بابەتە بنەڕەتییەکان لەنێوان دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییە عێراقییەکان (شیعە و سوننی)، چارەسەری ئاشتییانەی پرسی چارەنووسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بووە کە ڕەنگدانەوەی ئەمە دەتوانین لە مادەی (٥٨)ی یاسای کاتیی دەوڵەت لە قۆناغی ڕاگوزەر و هەروەها مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی ببینین. بە هەمان شێوە کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، حزبە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێبەرەکانیان، پارێزگای کەرکووک لە ڕوانگەی مێژوویی و جوگرافییەوە بە بەشێکی دانەبڕاو لە کوردستان دەزانن. سەرەڕای پێداگری لە کوردستانیبوونی کەرکووک، لەگەڵ ئەوەشدا دژی بوونی کەمەنەتەوایەتییە ڕەسەنەکانی وەک تورکمان و ئاشووری و کەلدان و عەرەبەکان لەم هەرێمەدا نین. کەواتە داوای چارەسەرکردنی ئاشتییانەی دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی فیدراڵی دەکەن.

٢. لە وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە: "گرنگترین ئاستەنگی لکاندنی کەرکووک بە دەوڵەتی هەرێمی کوردستانەوە چییە؟"، بە سەرنجدان لەو بەدواداچوونانەی کراوە لە

بەشــە پێدراوەکانی توێژینەوەکە، دەکرێــت ئەنجامەکانــی خوارەوەمــان دەســت بکەوێت:

ا. لــە بەدواداچوونــی پرســی مێژوویــی کەرکــووک و بــە ســەرنجدان لــە ناوەڕۆکی دانوســتانەکانی نێوان بزووتنەوە سیاســییە کوردییــەکان و دەوڵەتــە حکومڕانەکانــی عێــراق، گرنگتریــن هــۆکاری ڕازینەبوونــی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق ســەبارەت بــە لکاندنی کەرکــووک بــە کوردســتانەوە، قورســایی جیۆپۆلەتیکی و پێگەی جیۆئیکۆنۆمیــی ئــەم ناوچەیە لــە عێراقدا بووە. لەبــەر ئەوەی بەشــێکی گرنــگ لــە یەدەگی نەوتــی عێراق لــە کەرکووکدایە، هەڵکەوتەی جوگرافیای کەرکووک و بەســتنەوەی ناوەند و باشوور پێکەوە، هەروەهــا توانای زۆری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی ناوچەکە، بووەتــە هــۆکاری زیادبوونــی قورســایی جیۆپۆلەتیکیــی ئەم ناوچەیە سەبارەت بە ناوچەکانی دیکــەی عێــراق. کەواتــە لــە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی سیاسیی بەغداوە، لکاندنــی کەرکووک بە کوردســتانەوە؛ تەنیا نابێتە هۆی ئــەوەی کە دەوڵەتــی ناوەندیی عێراق تووشــی قەیرانی ئابووری بــکات، بەڵکــوو دەبێتــە هۆی ئــەوەش کە بارودۆخێکــی لەبار بگونجێنێــت بۆ ســەربەخۆیی کوردســتان لــە عێــراق و ســەروەریی خاکی عێراق بخاتە ژێر مەترســییەوە.

ب. لــە بەدواداچــوون بــۆ ســەرچاوەکانی کتێبخانــە و ئەنتەرنێــت و هەروەهــا لێکۆڵینــەوەی مەیدانــی کە لە چوارچێــوەی توێژینەوەکــەدا ئەنجــام درا، ئەنجامــی بەدەســتهاتوو دەریدەخــات کە گرنگتریــن ئاســتەنگی بــەردەم لکاندنی کەرکووک بــە دەوڵەتی هەرێمی کوردســتانەوە، قورسایی جیۆپۆلەتیکــی و جیۆئیکۆنۆمیی کەرکووکــە.

## ئەنجام

چارەنووســی پارێــزگای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان، دەکرێــت وەک گرنگتریــن خاڵی ناکۆکیــی نێــوان دەوڵەتــی هەرێمی کوردســتان و دەوڵەتی ناوەندیــی عێراق بێــت لەپاش ڕووخاندنــی ڕژێمــی بەعس لە عێراق. لە ڕوانگەی کوردەکانەوە، پارێزگای کەرکووک وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ناوچــە کوردییەکانی عێراق ئەژمــار دەکرێت و هەموو دانوســتانەکانی نێــوان دەوڵەتی ناوەندیــی عێــراق و بزووتنەوە کوردییــەکان لــە عێراقــدا بــە مەبەســتی چارەســەرکردنی پرســی کورد، لەژێــر کاریگەریی دیاریکردنی چارەنووســی پرسی کەرکووکــدا بــووە و هەمــوو دانوســتانەکانی نێوان کوردەکان لەگــەڵ دەوڵەتــی ناوەنــدی لــە ســەردەمی ڕژێمەکانــی پاشایەتی و بەعســی لە عێراقدا، بــە هــۆکاری ڕێکنەکەوتــن لەســەر پرســی پەیوەندیدار بە کەرکــووک تووشــی شکســت بــووە. چارەســەرنەکردنی ئاشــتیخوازانەی پرسی کەرکووک، دەکرێــت ببێتــەوە هــۆکاری دروســتبوونی کێشــە لەنێــوان دەوڵەتــی ناوەندیــی عێــراق و دەوڵەتــی هەرێمی کوردســتان، بە شــێوەیەک نــەک تەنیا وڵاتی عێراق بەڵکوو وڵاتانی دراوســێی عێراقیــش بــە شــێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ تووش بکات. کەواتــە دەکرێت گرنگیی پرســی کەرکــووک و توێژینەوە

لەسەر تەوەر و ئاستەنگەکانی ڕێکنەکەوتنی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و کوردەکان لەو وڵاتەدا، وەک یەکێک لە بابەتە بنەڕەتییەکانی بابەتی توێژینەوە بێت لە سنووری پەیوەندیدار بە سنووری جوگرافیای سیاسییەوە.

کوردستانی عێراق، یاخود بە شێوەیەکی تر: سنووری جوگرافیایی جێی مەبەستی کوردەکانی عێراق، لەخۆگری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای موسڵ و دیالە و سەڵاحەدینە، کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە هەرسێ پارێزگای هەلێر و سلێمانی و دهۆک لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە حکومڕانیی دەکەن و بەفەرمیی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق؛ هیچ جۆرە توانا و دەسەڵاتێکی لەو ناوچانەدا نییە کە ئاماژەمان پێ دا. لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق و هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە ئاگاداریی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی؛ دەستیان کرد بە ئازادکردنی کەرکوک و بەشێکی زۆر لە کوردە ڕاگوێزراوەکانی کەرکووک لە سەردەمی سەددام گەڕانەوە بۆ کوردستان. لەپاش پێکهێنانی یەکەم حکومەتی کاتی لە عێراقی پاش سەددام، گرنگترین و سەرەکیترین داواکاریی کوردەکان؛ دیاریکردنی چارەنووسی پرسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بوو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا، کە بە هەوڵ و یەکگرتوویی هاوپەیمانیی کوردی لە ئەنجوومەنی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، مادەی ٥٨ لە دەستووری کاتیی خولی ڕاگوێزەر و مادەی ١٤٠ لە دەستووری بنەڕەتیی هەمیشەیی عێراق، تایبەت کرا بە چارەسەرکردنی قۆناغ بە قۆناغی چارەنووسی پارێزگای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ١٢ ساڵ تێپەڕ بووە بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بە لەبەرچاوگرتنی مادەی ١٤٠ی دەستووری بنەڕەتیی عێراق، دەبوو چارەنووسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەی کێشەلەسەر تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧؛ دیاری بکرایە، بەڵام تا ئێستا پرسی کەرکووک چارەسەر نەکراوە و ئاماژە و هەڵسەنگاندنەکان دەرخەری ئەوەن کە لایەن و گرووپە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی ناوەندیی عێراق؛ ئاستەنگ و کێشە دروست دەکەن سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری بنەڕەتیی عێراق.

بە سەرنجدان لە شیکاری و شرۆڤە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە لە بارودۆخی ئێستای وڵاتی عێراق و بە سەرنجدان لە کێشە نەتەوەییەکان و هەروەها یەکگرتوویی توندی نەتەوەیی و ناوچەیی لەبریی یەکگرتوویی نیشتمانی و دروستکردنی کێشە لەبەردەم جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری بنەڕەتیی عێراق لەلایەن گرووپە نەتەوەییە جیاوازەکانی عێراقەوە و دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی

وڵاتی تورکیا سەبارەت بە پرسی کەرکووک و ڕێکخستنی کەمایەتیی نەتەوەی تورکمانی کەرکووک لە چوارچێوەی "بەرەی تورکمانی عێراق"دا و پابەندنەبوونی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە جێبەجێکردنی تەواوی ناوەرۆکی دەستووری بنەڕەتیی ئەو وڵاتە بەتایبەتی سەبارەت بە چارەنووسی پرسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، بە سەرنجدان لەو بابەتانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد؛ دانی پێدا دەنرێت کە ئەستەمە کەرکووک بخرێتە سەر دەوڵەتی هەرێمی کوردستان.

**پەراوێز:**

(١) توێژەران وشەی "قوم"یان بەرامبەر بە نەتەوە بەکار هێناوە، کە ئەمە وشەیەکی دەقیق نییە و کەمزخاندنی پرسی نەتەوەکانە و بە مانای ئیتنیک و گرووپی داخراوی خێڵەکی دێت، بۆیە گۆڤاری ئایندەناسی بۆ وشەی "قوم"ی نووسەران، وشەی "نەتەوە"ی لە دەقەکەدا بەکار هێناوە.

## سەرچاوەکان:


١. Abdulla, Xebat(٢٠٠١), the basic theory of military geographic in Southern Kurdistan. Suleimani Tishk, publication [in Kurdish].

٢. Asadi Ali Akbar (٢٠٠٨), Iraq after saddam and the regional actors, vice of grope for middle east and Persian golf forcing policy researches [in Persian].

٣. Ase Sard, Farid(٢٠٠٠), Kurdistan and national security problems, Suleimani, the center of Kurdistan strategic researches [in kurdish].

٤. Azizi, Star (٢٠٠٦), Minority protection in international law, Hamadan, Noor E Elm publication [in Persian].

٥. Crisis Group (٢٠٠٧), Iraq and the Kurd: Resolving The Kirkuk Crisis, Middle East Report, N٦٤.

٦. Dafild Jan, S (٢٠٠٥), Oil & Iraq, translated by; Kambiz Pataziyan, andishe bahgahe publication [in Persian].

٧. Derasdel Alasdayer ,Ach Blick,Jerald, the Middle East and north Africa: A political geography ,translated by: Darre Mirhaydar, fourth published, Tehran,foring ministary publishing [in persian].

٨. Eissa Mella Omer, Salih (٢٠٠٠), super power's crisis creation in iraqi kurdistan, Tehran, Tawakoli publication [in persian].

٩. Eizzadi, Mehrdad(٢٠٠٠), kurdistan environment, sulaimani, the center of kurdistan stratigice researches [in Kurdish].

١٠.Elizabeth Ferris(٢٠٠٨), Senior Fellow and co- Direto, The Future of kirkuk: Reeerendum and Its Potential Impacton Displacement, Unversity of bern.

١١.Entesar, Nader (٢٠٠٦), power mafia, explanation of Kurds race nation Nationalism, translated by: Erfan Qaneiy Fard, Tehran, Publisher, aouthore [in persian].

١٢.Ezati, E (٢٠٠٥), an explanatory on Iran & Iraq geopolitics. Tehran, the office inter national and political publication [in persian].

١٣.Ezzati, E (٢٠٠٣), an explanatory on African geoeconmy effects on Iranian security, tehran, season publication for study about Africa [in Persian].

١٤.Faraj Fatih, latif(٢٠٠٢), Kurd & Kirkuk, translation: Mohammad Sadiqi, political, cultural, & community season publishing, Rave , no ٣ [in persian].

١٥.Ghefur, Abdulla(٢٠٠٥), The geography of Kurdistan. Erbil. The ministry of literature publication [in Kurdish].

١٦.Hafeznia, Mohammad Raza (٢٠٠٧), the affection of northern Iraq Kurds self-governing on neighboring countries, seasonal geographic researches, no.٨٣[in persian].

١٧.Heme Tahir, Abdurehman, Axjelery, Pishko (٢٠٠٧), Kirkuk city between (١٩٢٦-١٩١٧). sulaimani, the center of wisdom & inteligent.(PUK).

encounters with Kurdistan,Translated by: ebrahim yonesi, tehran, panyz publication [in persian].

٣٤.Shwani, Rafiq(٢٠٠٧), kirkuk problem and the way to solve. Erbil aras poblication [in Kurdish].

٣٥.Solovyev, G. Eduard (٢٠٠٤), Geopolitics in Russia- Science or Vocation, Moscow, Russia.

٣٦.Summary, Event(٢٠٠٨), Article ١٤٠ and The Future of Iraq, the Washington Kurdish Institute(wki).٧:Nakip, mahir, The identity of kirkuk, ٢٠٠٤, Columbia University Turkmen symposium.

٣٧.Talabani,Noori (٢٠٠٢), the policy of race basic changesin kirkuk in the past till now, translated by: Azad Arami, political,cultural,& community seasone publishing, Rave, No ٣ [in persian].

٣٨.Talib, Tufiq, Jeza(٢٠٠٠), rate of geopolitical population iraqi Kurdistan, sulaimani, the center of kurdistan stratigice researches [in Kurdish].

٣٩. Verma,Shiv Kumar(٢٠٠٧), Energy Geopolitics and Iran- Pakistan-India Gas Pipeline, India, new delhi.

٤٠. www.crisisgroup.org.

٤١. www.k.r.g.org.

٤٢. www.perleman.org.

٤٣. Zaki, Mohammad Amin(١٩٩٨), the historic research about Kurds & Kurdistan, translated by: Habib Alla Tabani, Tabriz, Aydin publication [in persian].

Geoplitical and geo-economics logics of power, Dublin,Ireland.

٢٧.Mir Heydar, Dorrh (١٩٩٢), the basis of political geography, Tehran, SAMT publication [in persian].

٢٨.Mojtahed Zadeh, Pirouz(٢٠٠٢), the pollitical geography and geopolitics ,tehran,SEMAT [in Persian].

٢٩.Mokhtari Hashi, Hosain and Ghaderi Hajat, Mostafa(٢٠٠٨), the middle east hydropolitice in the horisson of ٢٠٢٥, exposed study.the Dijle & Forat area,and jordan & nile river, tehran, geopolitics season publication. Fourth year, no. first [in persian].

٣٠.Nami, Mohammd Hassan & MohamadPor, Ali (٢٠٠٨), the geography of the Iraq with the Emphasis on geopolitical Issues, tehran, the publication of geographice millitary forces organization [in persian].

٣١.Omar Gol, Maaruf (٢٠٠٢), the basis of organizing kurdish government in southern kurdistan, translated by: mohammad bayezidi, political,cultural,& community seasone publishing, RAVE , no ٣ [in persian].

٣٢.Rabiai, Hossain (٢٠٠٥), Iraqi Oil: the power's competition and the future of Persian Gulf , Tehran, the second congress almanac articalrs of iranain geopolitice society [in persian].

٣٣.Rendel, Janatan (٢٠٠١), Aftar such Knowledge, what forgiveness? My

١٨.Henry D, Astarjian(٢٠٠٧), The struggle for kirkuk , The Rise of Hussein,Oil, and the Death of Tolerance in Iraq, London, Praeger Security international.

١٩.International Crisis Group(٢٠٠٦), Iraq and kurds,The Brewing Battle over kirkuk,Executive Summary and Recommendations, middle East, N.٥.

٢٠.Kandal & Others(١٩٩٤), the kurds, translation: Ebrahim Yunesi, Tehran, Roozbehan publication. [in persian].

٢١.Karimi Pur, Yadulla (٢٠٠٠), A perface on Iran and neigberhood, tehran, the publication of "jahad daneshgahi" the universty of tarbiyat modares[in persian].

٢٢.Khoshnaw, Tufiq, Jasim (٢٠٠٢), kurdish caseand intentional law, sulaimani, the center of kurdistan stratigice researches.

٢٣.Kinan, Drek(١٩٩٧), the kurds & kurdistan, , translation: Ebrahim Yunesi, tehran, Negah publication [in persian].

٢٤.Kochera, Kress(١٩٩٤), kurdish national movement, translation: Ebrahim Yunesi, Tehran, Negah publication [in persian].

٢٥.Lima Anderson and Careth Stansfield(٢٠٠٤), The future of Iraq, Dictatorship, Democracy, or Division?, New york, Palgrave Macmillan.

٢٦.Mercille,Julien(٢٠٠٨), The radical geopolitics of U.S foreign policy:

# چارەسەری کێشەی ئاسایش لە کەرکووک

وەرگێڕان و ئامادەکردن: پێشەوا جەلال محەمەد



سەرچاوە: گرووپی نێودەوڵەتیی قەیرانەکان

https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq/215-iraq-fixing-security-kirkuk

گرووپی نێودەوڵەتیی قەیرانەکان، لە ساڵی ١٩٩٥دا لە وەڵامدا بۆ کێشەکانی سۆماڵ و ڕواندا و بۆسنە دامەزرا، بە مەبەستی ئاگاداریدان دەربارەی کێشە مەترسیدارەکان پێش ئەوەی لە کۆنترۆڵ دەربچن. ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە، کار دەکات بۆ ڕێگرتن لە جەنگەکان و داڕشتنی سیاسەت بە ئاراستەی بنیاتنانی ئاشتیی جیهانی.

کەرکووک زۆر جار وەکوو عێراقی بچووککراوە وێنا دەکرێت، بە هۆی فرە نەتەوەیی و ئایینی و دەوڵەمەندیی نەوت. شارەکە چەقی ململانێی حکومەتەکانی عێراق و جووڵانەوەکانی کورد بووە. لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دۆزینەوەی نەوت و دەرکەوتنی وەکوو مەکینەی گەشەی ئابووریی عێراق، هەروەها هێڵی ئاڵۆزیی نێوان کورد و عەرەب؛ هەمیشە جێی بایەخی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بووە. لە چاوی بەغداوە، کەرکووک سەنتەرێکی گرنگی نەوتە و لای کوردیش جگە لە نەوت؛ ڕەهەندی تری سیاسیی هەیە. شارەکە لەدوای دەسەڵاتی بەعسییەکان، لە ساڵی ١٩٦٨ ڕووبەڕووی پرۆسەی بەعەرەبکردن بووەوە، چەندین شارۆچکەی لێ دابڕێنرا و خرانە سەر پارێزگانی تر. دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، زۆر گۆڕانکاریی تری بەسەردا هات و کوردەکان بە هێزەوە دەرکەوتنەوە و هەوڵی گەڕانەوەی خێزانە ڕاگوازراوەکانیان دا و دەسەڵاتیان زیادی کرد کاتێک داعش پەلامارەکانی بۆ سەر پارێزگاکە زیادی کرد و حکومەتی عێراق سەرکەوتوو نەبوو لە پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە. لەدوای تێکشاندنی داعش لە عێراقدا لە ٢٥ی سێپتەمبەر، کورد ڕیفراندۆمی کرد بۆ جیابوونەوە لە عێراق و ڕیفراندۆمەکە ئەو ناوچانەشی گرتەوە کە لە دەوەرەی هەرێمی کوردستان بوون و کێشەلەسەرن لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم. ئەوەش کاردانەوەی بەغدا و هەرێمی بەدوادا هات و لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، حکومەتی فیدراڵی سوپای جووڵاند و توانیی ئەو ناوچانەی کێشەلەسەرن؛ بگەڕێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. کوردەکان کە گەورەترین نەتەوەی پارێزگاکەن، جارێکی تر خۆیان لە کەمیی نوێنەرایەتیکردن لە پارێزگاکە بینییەوە کە گرنگییەکی سیاسیی زۆری بۆیان هەیە. ڕووداوەکانی پەیوەست بە ڕیفراندۆم، دووبەرەکیی زۆری خستە نێوان هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لاوازیی زیاتری کوردی لێ کەوتەوە.

ئەگەر تەماشای ململانێی بەردەوامی کورد لەسەر کەرکووک لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقی فیدراڵ و ئەو بارودۆخە بەردەوام گرژەی ئێستا هەیە بکەین، هەمیشە ئەگەری گەڕێکی تری ململانێی ئێتنیکی دەردەخات. لەگەڵ ئەوانەشدا کەمیی هەماهەنگیی هێزەکانی ئاسایش لە کەرکووک و دەوروبەری، لەمپەری دروست کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە حەویجە و ڕۆژئاوای شارەکە.

> **لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا، تێکچوونی باری ئاسایش زیاتر دەرکەوت دوای ئەوەی نووری مالیکی زۆر بەتوندی دژی خۆپیشاندانەکانی ناوچە سوننییەکان وەستایەوە**

## گۆڕانکارییەکانی ئاسایشی کەرکووک

### ١. پێش داعش (٢٠٠٣-٢٠١٤)

ساڵانی دوای ٢٠٠٣، وەکوو خولگەیەکی ململانێکان دەبینرێت لە عێراقدا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا عێراق کەوتە ناو شەڕێکی تایفییەوە کە تا سێ ساڵ کۆتایی نەهات و دواتریش بە شێوەی ڕێژەیی سەقامگیری هەبوو، لە ساڵی ٢٠١١ کۆتایی هات. لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١١، خۆپیشاندانەکان لە ناوچە سوننەنشینەکان دەستی پێ کرد دژی حکومەتی زۆرینە شیعە بە هۆی هەستکردن بە فەرامۆشکردنیان، بۆ نموونە؛ لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک، حکومەتەکەی نووری مالیکی زۆر بەتوندی سەرکوتی کردن و ئەمەش کێڵگەیەکی بەپیتی بۆ داعش دروست کرد و دواتریش سوودی لێ وەرگرت.

لەنێوان ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٩، ئاسایشی کەرکووک لەژێر فەرمانداریێتیی ئەمەریکا بوو. لە ٢٠٠٣دا، هێزە تایبەتەکانی ئەمەریکا لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ پێشمەرگە کرد بۆ تێکشاندن و کۆنترۆڵکردنی ڕژێم لە باکووری عێراق و کانە نەوتەکانی. کوردەکان خێرا هەنگاویان نا بەرەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بە هۆی نەمانی ڕژێمەوە لە پارێزگاکە دروست بووبوو. دواتریش عەبدولڕەحمان مستەفا بە پارێزگاری شارەکە هەڵبژێردرا لە ئەنجوومەنی پارێزگا، بە چاودێریی دەسەڵاتی هاوپەیمانان. لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، لیستی برایەتی زۆرینە کورد؛ ٢٦ لە کۆی ٤١ کورسیی هێنا و زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگاکەی پێک هێنا، لە کاتێکدا عەرەبەکان بایکۆتی پرۆسەی سیاسییان کرد.

لەدوای دەستکردن بە بنیاتنانەوەی سوپای عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی کرد بە ڕادەستکردنەوەی ئاسایشی ناوچەکە بە سوپای عێراق، جگە لە ناو شاری کەرکووک و ناوچەی حەویجە. لە ناوچەی حەویجە هێزی ڕابوونی خێڵە عەرەبییەکانی دروست کرد، تا نەبێتە شوێنی پێکدادانی تایفی. هەر چەندە ئاستی توندوتیژی لە پارێزگاکە هەرگیز نەگەیشتە ئەوەی لە بەشەکانی تری عێراق ڕووی دا، بەڵام چەندین جار گرژی ڕووی دا، بەتایبەت لەنێوان کورد و عەرەبدا، هۆکاری سەرەکییش شکستی حکومەت بوو لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

لەو سەروبەندەدا ئەمەریکا و عێراق دوو ڕێککەوتننامەیان

واژۆ کرد، کە یەکێکیان بۆ پەیوەندییە دوولایەنییە سیاسی و ئابوورییەکان بوو، ئەوی تریش لەسەر ئاسایش بوو. بەپێی ڕێککەوتنەکە، پێویست بوو لێپرسراوێتیی هێزەکانی ئەمەریکا بدرێت بە هێزەکانی عێراق. لە ناوچە کێشەلەسەرەکانیش، فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق؛ جەنەراڵ ڕایمۆند ئۆدێرنۆ پێشنیاری هەماهەنگیی سوپای عێراق و پێشمەرگەی کرد بە دانانی سەنتەری هاوکاریی هاوبەش و بازگەی هاوبەش لەژێر چاودێریی ئەمەریکا.

جێبەجێکردنی پلانەکە تووشی کێشە بوو، کاتێک لایەنەکان داواکارییەکانیان لەسەر بنەمای ململانێ بوو. حکومەتی عێراق داوای دەکرد کە لیوای ١٠ی پێشمەرگە کە لە باکووری شارەکە جێگیر کرابوون؛ بەتەواوی بکشێنەوە، کوردەکان دژی وەستانەوە و سکاڵای ئەوەیان کرد کە ژمارەیەکی زۆری سوپای عێراق بوونیان هەیە لە ناوچەکە، عەرەبەکانیش سوپای ئەمەریکایان بە پشتگیری کورد تۆمەتبار دەکرد، کوردەکانیش گومانیان لە نیازپاکیی ئەو فەرماندانە هەبوو کە پێشتر لە سوپای ڕژێمدا بوون. سەرەڕای ئەم کێشانە، میکانیزمەکە بە نێوەندگیریی ئەمەریکا سەری گرت. سەنتەری هەماهەنگی و بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا، لە کۆبوونەوەی هەفتانەی تایبەت بە ئاسایش لەنێوان سوپا و پێشمەرگە و پۆلیس جیبەجێ کرا. لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا، تێکچوونی باری ئاسایش زیاتر دەرکەوت دوای ئەوەی نووری مالیکی زۆر بەتوندی دژی خۆپیشاندانەکانی ناوچە سوننییەکان وەستایەوە. هەر چەندە ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام هەرێم نیگەرانییەکانی زیادی کرد لەبەرامبەر زیادکردنی توندوتیژییەکانی موسڵ و کەمتەرخەمیی بەغدا.

### ٢. ماوەی دەرکەوتنی داعش (٢٠١٤-٢٠١٧)

لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر موسڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٤، هێزەکانی عێراق تێک شکان و کشانەوە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان. لە ١٢ی حوزەیران، هەموو هێزەکانی حکومەتی فیدراڵ لە کەرکووک کشانەوە. هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ڕۆژهەڵات و باکووری شارەکە جێگیر بوون، بەرەو ناو شارەکە و دەوروبەری جووڵەیان کرد. داعش هێرشی کردە سەر شارەکە و پێشمەرگە بە یارمەتیی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا بەرپەرچی دانەوە، بەڵام باشووری ڕۆژئاوای ڕێگای ٨٠ کە ڕێگای دبسە، ١٥کم لە باکووری شارەکە و حەویجە کەوتن و داعش کۆنترۆڵی کرد. پارتی و یەکێتی دەستیان گرت بەسەر ئاسایشی شارەکەدا و لەلای باشوور و ڕۆژهەڵاتی شارەکە بەرەو پارێزگای سلێمانی، هێزەکانی یەکەی ٧٠ی یەکێتی کۆنترۆڵی کرد و باکوور و ڕۆژئاوا بەرەو پارێزگای هەولێر، لە ناویشیاندا بیرە نەوتە سەرەکییەکان، هێزەکانی ٨٠ی پارتی کۆنترۆڵیان کرد.

ئاسایشی دوو حیزبەکە ئەرکەکانیان لەپاڵ پێشمەرگە پێ سپێردرا، لە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و یارمەتیی پۆلیس بۆ پاراستنی شار و دەستگیرکردنی داواکراوان. زۆربەی ڕاپۆرتەکان لەسەر ڕووداوەکان دەدران بە ئاسایش لەجیاتیی پۆلیس، هەر چەندە عەرەب و تورکمانەکان ترسیان هەبوو بە هۆی ئەوەی ئاسایش تاوانبار دەکرا بە خراپ بەکارهێنانی هێز و هەراسانکردنی خەڵکی مەدەنی و کاری نایاسایی. ترسەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لە ماوەی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٧، بە لایەنی کەم ٣٠ کەس لە کارمەندانی کۆمپانیای نەوت و سیاسیی عەرەب و تورکمان کوژران و ئەنجامدەرانی نەدۆزرانەوە و خەڵکانێکی زۆریش ئاوارە بوون.

**٣. دوای داعش (٢٠١٧ تا ئێستا )**

لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧، هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی لە هەرێم و ناوچە کێشەلەسەرەکان کرد و لایەنگرانی ڕیفراندۆم بە ئەنجامێکی یەکجار زۆر براوە بوون. بەغدا ئەمەی بە نادەستووری دانا و کۆمەڵی نێودەوڵەتییش بە لایەنی کەمەوە بە کاتێکی نەگونجاویان دانا، وڵاتانی ئێران و تورکیای دراوسێ هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق؛ بە هەڕەشەیان زانی لەسەر خۆیان، بەتایبەت هاوسۆزی لەناو کوردەکانی ئەو وڵاتانە دروست دەکات. کاتێک یاریکەرە سەرەکییەکانی وەک ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا و ئێران و تورکیا ڕیفراندۆمیان ڕەت کردەوە، دەرفەتی ڕەخساند بۆ حکومەتی عێراق کە لەگەڵ قۆناغی کۆتایی داعش دەست بگرێتەوە بەسەر کەرکووکدا. لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا، سوپا و پۆلیسی فیدراڵی و حەشدی شەعبی جووڵەیان کرد بەرەو شارەکە و خستیانە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. لە جێگای پارێزگاری شارەکە، کەسێکی عەرەب بە ناوی ڕاکان جبوری دانرا و زۆرێک لە ئەندامانی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگا؛ شارەکەیان بەجێ هێشت.

جیاوازیی گەورە لەنێوان بۆچوونی کوردەکان لە لایەک و عەرەب و تورکمانەکان لە لایەک هەیە، ئەمانەی دووەمیان لایان وایە بە هۆی کۆنترۆڵکردنی شارەکە لەلایەن کوردەوە لەدوای داعش، توانیویانە زۆربەی بەشی بەڕێوەبردن و ئاسایش بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. سیاسییە کوردەکان بەپێچەوانەوە بڕوایان وایە لە بەڕێوەبردن و ئاسایشدا کەنار خراون، چونکە پارێزگاری بەوەکالەت، ئەو ئەندامە کوردانەی کە لە کۆمیتەی ئاسایشی پارێزگاکەن؛ دوور خستووەتەوە و لە ئەنجامدا توانیویانە عەرەب بگەڕێننەوە بۆ پارێزگاکە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان. پارێزگاری بەوەکالەت نەک تەنها لەلایەن کوردەکانەوە، بەڵکوو لەلایەن بەشێک لە عەرەب و تورکمانەکان بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە

بۆ بەرژەوەندیی خۆی و خێڵەکەی کار دەکات، هەروەها دەستی کردووە بە دەرکردنی ئەو خێزانە کوردانەی کە لە گەڕەکی عەرەفە هەن، بە بیانووی ئەوەی ئەوانە لەلایەن دەسەڵاتی پێشووەوە هێنراون و خەڵکی ڕەسەنی کەرکووک نین .

## بژاردەکانی دابینکردنی ئاسایش بۆ کەرکووک

لە گفتوگۆکانی دەربارەی ئاسایشی کەرکووک، دوو بژاردەی زاڵ هەن: یەکەمیان: دروستکردنی هێزی هاوبەشی کوردی-حکومەتی فیدراڵە، کە هاوشێوەی ئەو مۆدێلەیە جەنەراڵ ئۆدێرنۆ لە ساڵی ٢٠٠٩ خستیە ڕوو. دووهەمیان: زیادکردنی هێزێکە لە نەتەوەکانی شارەکە بۆ مۆدێلی یەکەم. ئەم بژاردانە لەناو وتوێژەکاندا بوون لەسەر دوو هێڵی جیاواز، ئەوانیش کۆبوونەوەی لیژنەی بەرپرسە باڵاکانی ئاسایشی بەغدا و هەولێر و گفتوگۆکانی نوێنەرانی سیاسیی نەتەوەکانی کەرکووک بە چاودێریی یۆنامی (نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - عێراق). ئەم دوو شێوازە گفتوگۆکردنە لە سەرەتای ٢٠٠٩ دەستیان پێ کرد، دوای دروستکردنی کابینە نوێیەکەی حکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی. بە هۆی خۆپیشاندانە گەورەکانی بەغدا و هەندێ شوێنی تری عێراق، گفتوگۆکان وەستێنران، پاشان هەڵوەشانەوەی حکومەتی بەدوادا هات. لە ئێستاشدا موستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانە و حکومەتی گرتووەتە دەست، هەندێ کێشە بەرۆکی گرتووە، لەوانەش: کورتهێنانی بودجە کە پێدەچێ ببێتە پێشینەی کارەکانی.

پێدەچێت بژاردەی دووەم بۆ ئارامکردنەوەی گرژییەکان گونجاوتر بێت، بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستای بەغدادا مەحاڵە، چونکە چوارچێوەیەکی یاسایی و پشتگیریی زۆرتری دارایی لە بژاردەی یەکەم پێویستە، ئەمە سەرەڕای ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵ.

لەبەر ئەوەی هەنگاوی بەپەلە پێویستە بۆ هەڵوەشانەوەی ئاسایشی کەرکووک، وا باشترە بەغدا بژاردەی یەکەم پەسەند بکات و ئامادەکاری بکات بۆ بژاردەی دووەم. پێویستە ئەرکەکە بە سوپای حکومەت بسپێرێت لەجیاتیی پۆلیسی فیدراڵ و حەشد، لە هەمان کاتدا ڕەزامەندی دەرببڕێت لە بارەی میکانیزمی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگەدا. بە لایەنی کەمەوە پێویستە ئەو فەرماندانە ڕابسپێرن کە پیشەگەرن، چونکە مامەڵەیان کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و ئاستی هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی تردا، هەروەها پشتگیریی خۆیان بۆ دروستکردنی هێزێکی فرەنەتەوە لە داهاتوودا دەرببڕن. نیشاندانی ئەم ئاماژانە، ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گفتوگۆکان بە ئاڕاستەی دروستکردنی هێزێکی لەو جۆرە لە ئەگەری باشتربوونی بارودۆخی بەغدا.

**بژاردەی یەکەم: ڕێکخستنەوەی ئاسایشی یەکگرتوو**

پێشتر بەڕێوەبردنی دوولایەنەی ئاسایش لەلایەن بەغدا و هەولێرەوە؛ بە شێوازی جۆراوجۆر بوونی هەبووە، ئەوەش لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە ئەمەریکا میکانیزمەکانی ئاسایشی یەکگرتووی لە ناوچەکانی کەرکووک و دیالە بنیات نا لە ساڵی ٢٠٠٩. لایەنی کەم ئەم ڕێکخستنە؛ ژووری ئۆپەراسیۆنی یەکگرتوو بۆ هەماهەنگیی ناوخۆیی و گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەی لێ کەوتەوە، ئەمە جگە لە هاوکاریی لایەنەکانی تری ئاسایش لە ناوچەکە. لەوەش گرنگتر، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١١، دوو لایەنەکە بەردەوام بوون لە ئێشکگری و دانانی بازگە و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش. دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراقی بەشداریی کرد لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە لایەنگرانی داعش لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان (لە ناوچە کێشەلەسەرەکان)، تەنانەت لە دەرەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان، وەکوو شەڕی تکریت لە ساڵی ٢٠١٥. پێش ٢٠١٤، هەردوو هێزەکە هەندێ بازگەیان دانابوو لە کەرکووک، بە درێژایی ئەو هێڵەی نێوان سنووری باکووری ژێر دەستی پێشمەرگە و باشووری ژێر دەستی سوپای عێراق، ئەمە میکانیزمەکەی ئۆدێرنۆی خستبووە دۆخێکی ناسکەوە.

لە ماوەی یەک ساڵی کارکردنی، عادل عەبدول مەهدی هەنگاوی نا بەرەو گەڕانەوە بۆ ئەم مۆدێلە. لە سێپتەمبەری ٢٠١٩، سەرۆکوەزیران بە بڕیارێکی تایبەت فەرمانی کرد بە بەشدارپێکردنی نوێنەرایەتیی پێشمەرگە لە فەرماندارێتیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق. ئەمە جووڵەیەکی گرنگ بوو بە ئاراستەی ئاساییکردنەوەی هەماهەنگیی ئاسایش لەنێوان بەغدا و هەولێر. لەگەڵ ئەوەی ئەمە



ڕەنگە خواستی دروستکردنی متمانە نیشان بدات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم لێککەیشتنانە درێژمەودا بن، نەخشەڕێگایەک پێویستە لە بارەی چۆنێتیی هاوکاریی نێوان هێزەکانی حکومەتی فیدراڵ و هێزە کوردییەکان.

کاتێک بەغدا کاری کرد بۆ چارەسەری کێشەی ئاسایش لە وڵاتدا، لەوانەش پشێوییەکانی پارێزگاکانی باشوور، پێشینەیەکی تری دوورخستنەوەی داعش بوو بەو هێزانەی لەبەر دەستین، هێزی کۆکراوەی پێویستی نەبوو بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز لەو بارودۆخە تایبەتەی کەرکووک. ڕێککەوتنی حوزەیرانی ٢٠١٩ لەنێوان بەغدا و هەولێر کرا بۆ جێگرتنەوەی پۆلیسی فیدراڵی بە سوپای عێراق، هێشتا لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردندایە. عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک بەتایبەتی سوننییەکان، ترسیان لە پلانەکانی داهاتوو بەتایبەتی لە ئامادەیی پێشمەرگە کەمتر نییە لە پشتگوێخستنیان لە گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەولێر. ئەوان پێیان وایە خواستەکانی کورد پشتگیری دەکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا حکومەتێکی شیعیی ئیسلامی بە نوێنەری خۆیان نازانن.

هەردوو لایەنی عەرەبی و تورکمانی بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ مۆدێلەکەی ئۆدیرنۆ ڕەت دەکەنەوە کە پێشمەرگە لەناو هێزە هاوبەشەکەدا بێت، چونکە وەکوو هەنگاوێک دەیبینن بەرەو باڵادەستیی لایەنە کوردییەکان لە کەرکووک. هەر چەندە دەڵێن کە پاڵپشتیی هێزی هاوبەشی فیدراڵی و کوردەکان دەکەن لە ناوچە سنوورییەکان، بەڵام بوونی پێشمەرگە لەناو پارێزگاکە ڕەت دەکەنەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو هێزانە بەپێی دەستوور "پاسەوانی هەرێمی کوردستانن".

لەوانەیە هەندێ ڕێگا هەبێت بۆ بچووککردنەوەی ئەو بۆشاییە فیزیکییەی نێوان هێزەکانی فیدراڵ و کورددا، لە هەمان کاتدا ڕەچاوی نیگەرانییەکانی عەرەب و تورکمانەکان بکرێت. بۆ نموونە؛ لە بارەی هێزە بەسیاسیکراوە کوردییەکانەوە، حکومەتی هەرێم بڕیاری دا تەنها یەکە یەکگرتووەکانی پەدەکە و یەنەکە بخاتە ئەرکەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی پێشمەرگە نەک ئەرکدارکردنی هەر هێزێکی سەر بە ٧٠ یان ٨٠، کە هەریەکەیان ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ئەو دوو حیزبەن. عەرەبەکان و تورکمانەکان ئەمەیان ڕەت کردووە، چونکە بڕوایان وایە ناتوانرێ پێشمەرگە لە سیاسەت دابماڵرێ. ڕێگایەکی تر بۆ چارەسەری کەمیی نوێنەرانی عەرەب و تورکمان لەو هێزە هاوبەشە، لەوانەیە بەشداریی مەدەنییانە بێت هەروەکوو چۆن ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا هەفتانە ئامادە دەبوون لە سەنتەری هەماهەنگیی کەرکووک.

بەغداش پێویستە بیر

لـە سـنووردارکردنی ئامادەیی سـەربازی بکاتـەوە لەنـاو شـارەکاندا و لە هەر شـوێنێک بکرێـت، بەتایبەتییـش لەنـاو شـاری کەرکـووک و بنکـە سـەربازییەکان لـە دەرەوەی شـار جێگیـر بـکات. دواتـر کار بکرێـت بۆ ڕادەسـتکردنی لێپرساوێتییەکانـی ئاسـایش بـە پۆلیسـی ناوخـۆ. لەگەڵ ئەمانەشـدا حکومەت پێویستە پلانـی درێژخایەنـی هەبێت بۆ بەهێزکردنـی پۆلیـس، چونکە لـە ڕابـردوودا ناڵاندوویەتـی بەدەسـت کەمیـی ڕاهێنـان و کەلوپـەل و ڕێکخسـتن و نەیتوانیوە ڕووبەڕووی هێرشـی داعـش ببێتـەوە لـە شـار و شـارۆچکەکاندا.

**بژاردەی دووەم: دروستکردنی هێزی ئاسایشی فرەنەتەوە لە خەڵکی ناوچەکە**

دەکـرێ بوترێت بژاردەیەکی باشـتر پێشـنیار کـرا لـە گفتوگـۆکان بە سەرپەرشـتیی یۆنامـی لە سـاڵی ڕابـردوودا، ئەویش دروسـتکردنی هێزێکی ٦ بـۆ ١٠ هـەزار کەسـی لـە خەڵکـی فرەڕەنگـی ناوچەکە بـۆ پاڵپشـتیی میکانیزمی هێزی هاوبەشی فیدراڵی و پێشمەرگە، بـەم شـێوەیە دەبێتـە هێزی دووەمـی پاراسـتنی ئاسـایش. هێزی یەکەم، پۆلیسـی شـار و هێزی سـێیەمیش ئێشکگرەکانی فیـدراڵ و پێشـمەرگە دەبن لە سـنووری پارێزگاکە. ئـەم هێزە ئەرکی پۆلیسـیان دەبێت، بەڵام توانایەکـی سـەربازییان دەبێت لـە گونـد و ناوشـارەکان، بەم شێوەیەش ئەو بۆشـاییە نامێنێ لەنێـوان کۆنترۆڵی سـەربازی لە سـنووری پارێزگاکـە و هێـزی یاسـا لـە شـارەکاندا. بەغـدا یارمەتیی دارایـی دابین دەکات بـۆ هێزەکـە لـە بودجـەی حکومەت و تەنها ئەو کەسـانە تۆمـار دەکات کە لە سـنووری پارێزگاکـەن، هەروەهـا ڕێگـە دەدرێت حەشـد و پێشمەرگەش لەخـۆ بگرێـت. پێـش ئەوەی خۆپیشـاندانە گەورەکانـی سـەرەتای ئۆکتۆبـەری ٢٠١٩ ڕوو بـدات، لـە گفتوگۆکانـدا پێشـنیاری ئـەوە کـرا کـە لە ماوەی ١٢ بـۆ ١٨ مانگ؛ هێزەکە دروسـت بکرێ ئەگەر پەرلەمان ڕەزامەنـدی دەرببڕێت لەسـەر بودجەکە. سـەرۆککۆمار بەرهەم سـاڵح پشـتگیریی بیرۆکەکەی دەکرد، بـەڵام سـەرۆکوەزیران عـادل عەبدولمەهـدی هێشـتا بڕیارەکـەی دەرنەکردبـوو، لە مانگی نۆڤەمبەر دەسـتی لە کار کێشا یە و ە.

هەموو لایەنەکانی کەرکووک پێشـوازییەکی باشـیان لـەم بژاردەیە کرد وەکوو پاڵپشتییەک بۆ ئاشـتی و پێکەوەژیان، بەڵام لایەنـەکان گومانی خۆیشـیان نەشـاردەوە. یەکێ لە گومانەکان لەسـەر ئاڵوگـۆڕ و ڕیزبەندیی هێزەکانـە، بـۆ نموونـە؛ سـەرکردەیەکی تورکمانی حەشد لە چاوپێکەوتنێکـدا دەڵێت کە یەکەکەی هەڵدەوەشـێنێتەوە و ڕێگە دەدات بە ناونووسـکردنی ئەندامەکانـی ئەگەر سـەرکردە کـوردەکان هەمان شـت بکەن. پرسێکی تر لەسەر فەرماندەیی و کۆنترۆڵە. عەرەب و تورکمانەکان دەڵێـن کاتێـک هێزێکـی لەو جۆرە قبـووڵ دەکـەن، ئەگەر تەنهـا حکومەتـی فیـدراڵ سەرپەرشـتی بـکات. یەنەکـە ئـەو مەرجـەی قبووڵـە، بەڵام پەدەکـە ئـەوەی ڕاگەیاندووە

کە پێویستە هێزەکە لەژێر دەسەڵاتی پارێزگادا بێت. هەردوو لایەنی یەنەکە و پەدەکە دەیانەوێت پارێزگاری داهاتووی شارەکە کورد بێت.

خاڵێکی تر کە جێی نیگەرانی زۆرە، پێکهاتەی هێزەکەیە. لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە هیچ سەرژمێرییەکی پشتپێبەستراو نییە، بۆیە قەبارەی هەر پێکهاتەیەک نەزانراوە، ئەمەش ئالنگاریی دروست کردووە لەبەردەم دابەشکردنی قەبارەی هێزەکە بەسەر لایەنەکاندا. نوێنەرانی تورکمان دەڵێن پێویستە هەر لایەنە و ٣٢٪ پشکی هەبێت و ٤٪ بۆ مەسیحییەکان بێت، بۆ ئەوەی هیچ لایەنێک نەبێتە لایەنی زاڵ. لایەنە کوردییەکان شێوازی دابەشکاریی ٣٢+٣٢+٣٢+٤ ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کورد پێویستە بە لایەنی کەم پشکی ٤٠٪ی هەبێت. ئەم ڕێژانە تا ئێستاش لەبەردەم گفتوگۆدان.

سەرکەوتنی ئەم هێزە پەیوەستە بە پێکهاتەی فەرماندارێتی و کۆنترۆڵییەوە. پێویستە سیاسەتدارێژەران بزانن چۆن پێشمەرگە و حەشدی ئەو ناوچانە لەو هێزە فرەنەتەوەیە جێگە دەکەنەوە. خاڵی لاواز بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، مەترسیی دووبەرەکییە لەسەر بنەمای ئیتنی و لایەنگریی حیزبی. سروشتی بەسیاسیکراوی زۆربەی هێزە عێراقییەکان وایە، کە زۆر جار فەرماندە سەربازییەکان دوای بەرژوەندیی تەسک دەکەون زیاتر لەوەی ئاسایش دابین بکەن. بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو ئالنگارییەدا، پێویستە بەغدا و هەولێر کاری پێکەوەیی بکەن تا هێزەکە وەڵامی بۆ یەک فەرماندەیی هەبێت. پێویستە ناوتۆمارکردن لەسەر بنەمای تاک بێت. لەوەش زیاتر، وەزارەتی پێشمەرگە پێویستە ئەو هێزانە ئەرکدار بکات کە تێکەڵن لە هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ و لەژێر فەرمانی وەزارەتدان نەک پاشکۆی یەنەکە و پەدەکە، بۆ ئەوەی پردی متمانە دروست ببێت لە کەرکووک. حکومەتی فیدراڵیش پاشەکشە بە هەر هێزێک بکات کە متمانە بگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی کشانەوەی پۆلیسی فیدراڵی و حەشد و جێگرتنەوەیان بە هێزی فرەنەتەوەی کەرکووک.

هەروەها ناڕوونی هەیە لە چۆنێتیی دابەشکردنی هێزەکە لە ڕووی جوگرافییەوە، نوێنەرانی عەرەب و کورد پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە دابەشکردنەکە ڕەنگدانەوەی دیمۆگرافیای ناوچەکە بێت، بۆ نموونە؛ ئەو هێزانەی زۆرینە عەرەبن؛ ئەرکی پاراستنی ئاسایشی حەویجەیان پێ بسپێردرێ، ئەم بیرۆکەیە ئالنگاری بۆ پێکهاتەی هێزەکە دروست دەکات کە پێویستە چارەسەر بکرێت. بۆ نموونە؛ ئایا ئەو ناوچانەی کە یەک نەتەوەی تیا دەژیەت؛ لەلایەن هێزی فرەنەتەوەوە ئاسایشی بپارێزرێت، لە کاتێکدا ئەو ناوچانەی تێکەڵن وەکوو دبس و داقوق و بەشەکانی کەرکووک، پێویستیان بە هێزی تێکەڵە؟

ئەگەر بەغدا ڕێکارە یاسایی و ئابوورییەکانیش جێبەجێ بکات، پرسیاری ئەوە دەمێنێتەوە کە ئایا کێ مەشق

بەو هێزە دەکات و پێکهاتەی ئەفسەر و پلەدارەکان چۆن دەبێت. بۆ مەشق و پێکهاتەکەی، وا باشترە سوود لە پشتگیریی نێودەوڵەتی وەربگیرێت و بخرێتە گفتوگۆکانی پرۆگرامەکانی داهاتووی مەشقی هێزە عێراقییەکانەوە. بۆ ئەوەی کۆلێجێکی دیکەی ئاسایش دروست نەکرێت، هێزەکە کە پێویستی بە مەشقی پۆلیسی و سەربازییە، هاوشێوەی ئەو هێزانەیە کە لەژێر چەتری وەزارەتی ناوخۆن، دەتوانرێ وەکوو لقێکی تایبەت بخرێتە سەر وەزارەت. ئەمە وا دەکات فرەیی لە وەزارەت دروست ببێت، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی سەرەکی شیعە لە پۆلیسی فیدراڵیدا باڵادەستە.

ڕۆڵی داهاتووی ئاسایش، کێشەیەکی ترە؛ بەلای کوردەوە، گەڕانەوەی پێشمەرگە، پێویستە هێزی ئاسایشی پێشوو بگرێتەوە، بەڵام عەرەب و تورکمان ئەو سیناریۆیە ڕەت دەکەنەوە. کارێکی ژیرانە دەبێت هەروەکوو پێشمەرگە، بۆ ئاسایشیش بەرپرسە بێلایەنەکان ئەرکدار بکرێن.

ڕێگرییەک نییە لە دروستکردنی هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و فیدراڵ، بەڵام دروستکردنی هێزێکی فرەنەتەوە نەک تەنها پێویستی بە چوارچێوەی یاسایی و دارایی هەیە، بەڵکوو ڕەزامەندیی بەغدادیشی دەوێت. هەر چەندە یۆنامی بە شێوەیەکی باش ئەم بژاردەیەی بەرەوپێش بردووە لەگەڵ بەرپرسانی کەرکووک لە ساڵی ٢٠١٩، بەڵام حکومەتەکەی کازمی پێویستە سیاسەتی خۆی ڕوون بکاتەوە لەو بارەیەوە. نەتەوەکانی کەرکووک ڕەزامەندن لەسەر چوارچێوەی گشتی بۆ هێزی هاوبەش و دروستکردنی هێزی فرەنەتەوە، بۆیە ئەمە هەلێکی باشە بۆ بەغدا و هەولێر، بە هاوکاریی نێودەوڵەتی نەخشەڕێگایەک دابنێن بۆ بنیاتنانی ئەم هێزە وەکوو بەشێک لە کێشەی ئاسایش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، لە ناویشیاندا سەرهەڵدانەوەی داعش و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان.

پاڵپشتیی نێودەوڵەتی زۆر گرنگ دەبێت لە دروستکردنی ئاسایشێکی دادگەر و نوێ لە کەرکووک. یۆنامی پێویستە هەوڵەکانی بخاتەوە گەڕ بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکانی کەرکووک و گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی و پێشکەشکردنی بە حکومەتەکەی کازمی. نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت نوێنەر دیاری بکات بۆ بینین و ناساندنی پلانەکە. ئەمەریکا دەتوانێت پاڵپشتیی ئەم هەوڵە بکات لە ڕێگەی سەرکردایەتیی هاوپەیمانان بۆ تێکشکاندنی داعش، هەروەها دەتوانێت ڕۆڵی نوێ بۆ ناتۆ دابنێت، لە کاتێکدا پێدەچێت لێپرسراوێتیی هێزەکانی هاوپەیمانان کەم بێتەوە. ئەرکیان هەر چی بێت، پێویستە پاڵپشتیی دروستکردنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە و سوپا و هێزی فرەنەتەوە لە خەڵکی

ناوچەکە بکەن. یۆنامی و وڵاتانی ناتۆ، پێویستە فشار بخەنە سەر سەرکردایەتیی نیشتمانی و لۆکاڵی، تا دوور بکەونەوە لە بەسیاسیکردنی مەسەلەی ئاسایش لە ڕێگەی دابینکردنی هاوکاری و هاندانی چاکسازی کە دەزگا حکومییەکان بەهێز دەکات، نەک لایەنە سیاسییەکان کە بانگەشەی دابینکردنی ئاسایش دەکەن.

## ئەنجام

ئالنگارییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، لەوانەش داعش و دەرکەوتنی هێزی نوێی ئاسایش، لەمپەری لەبەردەم پێکەوەژیان لە کەرکووک دروست کردووە. پێکهاتەی ناجێگیری ئاسایش، گرژیی زیاتری دروست کردووە کە سەرچاوەی لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانەوە گرتووە. تاوتوێکردنی بارودۆخەکە ئاڵۆزە و کاتی زۆری دەوێت، بەڵام هیچ هۆکارێک نییە کە کار بۆ چارەسەر و نێوەندگیری و ڕێکاری بۆ دامەزراندنی ئاسایشی نوێ نەکرێت. بۆ تەواوکردنی ئەم کارە، حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم پێویستە پێکەوە کار بکەن و دەنگی خەڵکی ناوچەکە بەهەند وەربگرن، هەروەها سوود ببینن لە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی.

باشترین چارەسەری پێشنیارکراو، دروستکردنی هێزی هاوبەشی بەغدا و هەولێرە لەگەڵ هێزی فرەنەتەوە، بەڵام بە یەک ڕێکخستن کار بکەن. عەرەب و تورکمانەکان بەتوندی دژی ئەو میکانیزمە کۆنەی هێزی هاوبەشن، کە زیاتر پشتی دەبەست بە هێزە کوردییەکان و توانای بەخشیبووە ئەو هێزانە دەست بگرن بەسەر ئاسایشدا کاتێک سوپای عێراقی هێزەکانی کشاندەوە لە ٢٠١٤دا. بڕوایان بە بەغدا نییە کە هاوشانیان بوەستێت لە قەیرانی داهاتوودا. هەروەها دەرکردنی هێزی کوردییش لە ئاسایشی شارەکە، کارێکی نەکردەیە. بێبەشکردنیان نەک هەر دادگەرانە نییە، بەڵکوو حکومەتی فیدراڵ بێبەش دەبێت لە زانیاریی هەواڵگرییان و توانایان و ڕووبەڕووبوونەوەکان لە ناوچە سنوورییەکان.

دابینکردنی فەرماندارێتیی هاوبەشی ئاسایشی بەغدا-هەولێر؛ سنوورەکانی پارێزگاکە دەپارێزێت، هێزی فرەنەتەوەش دەتوانێت ئەو بۆشاییەی حوکمی یاسا پڕ بکاتەوە لەناو شارەکان و پاڵپشتیش بێت بۆ هێزە ئێشکگرەکان لە سنوورەکان. ئەم هێزە دەتوانێت لێپرسراو بێت لە ناوچە گوندنشینەکان و ڕێگا سەرەکییەکان، کە ناوەندی شارەکان پێکەوە دەبەستن و باشترە کە ببێتە جێگرەوەی پۆلیسی فیدراڵی. ئەگەر بەغدا و هەولێر ڕەزامەند بن لەسەر دروستکردنی وەها هێزێک، نەک تەنها یارمەتیی پاراستنی کەرکووک دەدات، بەڵکوو وەڵامی داواکاریی خەڵکیش دەداتەوە لە بارەی نوێنەرایەتیکردنیانەوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی نێوان پارێزگا و حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بەهێز دەکات.

# ئایندەی پەیوەندییەکانی دوو ئەنجوومەنە کوردییەکەی سووریا

**سەنتەری ئەسباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە**

وەرگێڕان: یاسین تەها محەمەد



لــە ١٦-ی کانوونــی دووەمــی ٢٠٢٠، فەرمانــدەی گشــتیی هێزەکانی ســووریای دیموکرات، مەزڵــوم عەبدی، دەستپێشــخەرییەکی ڕاگەیانــد بۆ نزیککردنــەوەی لایەنەکانی بزاڤی سیاســیی کوردی لە یەکتر، لەســەروو هەمووشــیانەوە ئەو دوو لایەنــە کوردییەی کە زۆرتریــن ئامادەیی و ڕۆڵ و جەماوەریان هەیــە، ئەوانیش پارتی یەکێتیی دیموکراتی (PYD) و ئەنجوومەنی نیشــتمانیی کــوردی (ENKS)ن. پەیــەدە لــە ڕووی سیاســەت و ئایدۆلۆژیــاوە نزیکە لە پارتــی کرێکارانەوە (PKK)، دامەزرێنــەری ئەنجوومەنی ڕۆژئاوای کوردستانیشــە، ئەنەکەســەش پێکهاتەیەکە لە پارتە کوردییە جەماوەرییەکانی ســووریا و لە ڕووی ئایدۆلۆژی و سیاســییەوە نزیکــە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە.

دەستپێشخەرییەکەی مەزڵوم عەبدی، بە سیفەتی فەرماندەی گشتیی گەورەترین ڕێکخستنی سەربازیی ڕۆژهەڵاتی فورات خرایە ڕوو، کە دەتوانێت دیدی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان بەبێلایەنی بخاتە ڕوو، ئەمەش لەپاش دەیان نێوانگریی نێوان هەردوو لادا هات کە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە مەسعوود بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات، پاشان چەندین هێزی تری هەرێمی و نێودەوڵەتی دەستوەردانیان تێدا کردووە، لەوانەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام لەو کاتانەدا هەمیشە هەلومەرجە بابەتییەکانی شێوازەکانی گرژی؛ بەسەر تواناى ڕێککەوتندا زاڵ دەبوون.

**بنەماکانی ناکۆکیی نێوان هەردوو لا**

وەك گرووپە جەماوەرییەکانی تری سووریا، کوردەکانیش لە دەمی هەڵایسانی شۆڕشەوە لە پەرتەوازەییەکی گەورەدا دەژین، دابەشبوونی ئەوان لەنێوان لە دوو ئەنجوومەندا بەرجەستە بووە کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی ڕۆژئاوای کوردستانە، ناکۆکییەکانی ئەوانیش دەکرێت لەسەر پێنج بنەما لێك بدرێنەوە:

١. هێزەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردیی سووریا دژی ڕژێمی ئەسەد بوون لە ڕۆژگاری سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەوە، هەر لەسەر ئەم هەڵوێستەش مانەوە لەو کاتانەی چوونە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا، پاشان ئیئتیلافی نیشتمانیی سووریا، پاشان دەستەی باڵای دانوستان. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، پەیەدە پێی وا بوو بەرژەوەندیی باڵای کورد لەوەدایە کوردی سووریا لەنێوان ڕژێم و هێزە ڕکابەر و ئۆپۆزسیۆنەکاندا بمێننەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش چووە ناو ڕێککەوتنی ناڕاگەیەنراوەوە لەگەڵ ڕژێمی سوریا، ئەزموونی خۆیشی پەرە پێ دا لە بەرهەڵستکاریی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان.

٢. پەیەدە پێی وایە پرۆژەی سیاسی و سەربازیی ئەو کە خۆی لە کانتۆنەکان و هێزەکانی سووریای دیموکرات و دامودەزگا ئەمنی و ئابوورییەکانی تردا بەرجەستە کردووە، واقیعێکە لەسەر بنەمای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە شەڕی سووریا. بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی لە سووریا، گومان لەسەر ئەو دەستکەوتانە دروست دەکات، پێشی وایە لەلایەن یەك ڕەنگی سیاسییەوە دامەزراون، بەبێ ئەوەی سازان و شەرعیەتی هەڵبژاردنیان هەبێت لە بنکە جەماوەرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش داوای سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئەو دامەزراوانە دەکات لەسەر بنەمای نوێ.

٣. پەیەدە پێی وایە پرۆژە بنەڕەتییەکەی ئەو، تۆڕێکی بەرفراوان سازانی هەیە لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرفراوانترین ڕووبەر لە سووریا و سەپاندنی مەرجی سیاسی لە پێگەی هێزی سەربازییەوە. ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی ئەنەکەسە باس لەوە دەکەن ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە؛ خەونە نەتەوەییەکانی کوردی سووریا لەبار دەبات و جۆرەها

شەڕی ناوخۆیی و لابەلا لە ڕۆژهەڵاتی فوڕات دروست دەکات، بەتایبەت لەنێوان کورد و عەرەبدا. بە ڕای ئەم ئەنجوومەنە، پرسی کورد دەبێ قەتیس بکرێت لەو جوگرافیایانەی زۆرینەی کوردن، بەبێ ئەوەی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی جێگەی تر بدرێت.

٤. دوژمنایەتییەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی هەیە لەنێوان پەیەدە و تورکیا، لە کاتێکدا ئەنەکەسە خۆی لە بەریەککەوتن لەگەڵ تورکیا دەپارێزێت بەو پێیەی هێزێکی هەرێمایەتیی بەهێزە و هەر چەشنە دژایەتی و بەریەککەوتنێك لەگەڵیدا؛ خەونە نەتەوەییەکانی کورد لەبار دەبات.

٥. پەیەدە پێی وایە کوردانی سووریا دەبێت وەك لایەنی سێیەم بەشدار بن لە دانوستانەکانی پەیوەست بە سووریا لەنێوان ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەنەکەسە پێی وایە ئەوە دەبێتە هۆی یەکگرتنی ئەو دوو لایەنە دژی خواستە نەتەوەییەکانی کورد، لەبریی ئەمە پێگەی کورد لەناو ئۆپۆزسیۆن پشك و چانسی باشتریان بۆ دابین دەکات بۆ دیاریکردنی سیماکانی سووریای ئا یند ە .

**پاڵنەری پێکهاتنی هەردوو ئەنجوومەنەکە**

چاودێران باوەڕیان وایە هەردوو لایەنە کوردییەکە لەژێر کاریگەریی گوشارەکانی سەریان، بەرەو پێکهاتن دەڕۆن لەگەڵ ئەو پێشبینییانەی هەیانە بۆ دەستکەوتەکانی ئەو هەنگاوە کە دەکرێت لەسەر دوو ئاست پۆلێن بکرێت:

**پەیەدە**

١. پەیەدە لە چەند ئاڕاستەیەکەوە خەریکی دانوستانە لە بارەی ئایندەی سیاسیی خۆیەوە، بەتایبەت لەگەڵ ڕژێمی سووریا، ڕووسیا، وڵاتە یەکگرتووەکان. هەمیشەش بەوە تۆمەتبارە کە نوێنەرایەتیی سەرجەم کوردی سووریا ناکات، ئێستا لە هەوڵدایە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنەکەسە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو لە مپە ر ە .

٢. پەیەدە باوەڕی وایە ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەنەکەسە؛ گوشاری تورکیای لەسەر کەمتر دەکات، ئەویش بە ناردنی پەیام بۆ ئەنکەرە کە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی فوڕات ڕوو دەدات، پڕۆژەی "PKK" نییە.

٣. پەیەدە کێشەی لێکەوتەکانی دیمۆگرافیای کوردیی هەیە، دەشزانێت ناکۆکییە سیاسییەکانیان لەگەڵ ئەنەکەسە، بەردەوام هۆکاری لەقبوونی متمانەی بنکە کۆمەڵایەتییەکانی کوردە بە ئایندەی ئەو دۆخەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی فوڕات بووەتە دیفاکتۆ.

٤. لە میانەی ئەزموونی هەردوو حیزب لە عفرین و سەری کانێ، پەیەدە تێگەیشت تورکیا باش دەتوانێت شەڕی ئەوان بکات لە کەلێنی دابەشبوونی کوردەوە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی ئەوەی شەڕەکە تەنها لەگەڵ لایەنێکی سیاسییە نەك هێز و کۆمەڵگا کوردییەکان، ئەمە بۆ تورکیا قورسە ئەگەر یەکدەنگییەکی کوردی هەبێت.

٥. پەیەدە دەیەوێت لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ئەنەکەسە؛ بچێتە

ناو دانوستانەکانی سووریا، ئەمەش بکاتە دەروازە بۆ فراوانکردنی دانپێدانانی وەك لایەنێکی سیاسی لەلایەن هێزە جیاجیاکانی سووریاوە.

**ئەنەکەسە**

١. ئەنەکەسە باوەڕی وایە پەیدە بە هۆی دەزگا سەربازی و خزمەتگوزارییەکانیەوە، دەستی بەسەر بنکە جەماوەرییەکانی کورددا گرتووە، ئەگەر ئەنەکەسە بەشداریی ئەوانە بکات، دەکرێت هەندێك لەو جەماوەرە بگێڕێتەوە بۆ خۆی.

٢. هێزەکانی ناو ئەنەکەسە کاریگەرن بە هەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەم هەرێمەش پێی وایە دابەشبوونی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی فورات؛ زیانی زۆری هەیە، دەبێت ئەنەکەسە نەرمکێشیی زۆر بکات بۆ ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە.

٣. ئەنەکەس پێی وایە ئایندەی پرۆسەی سیاسیی سووریا کە ئەم پشتی پێ دەبەست، زۆر شڵۆقتر و لاوازترە لەوەی هیوای ئەوەی لێ بکرێت پێگەیەکی باش بۆ هێزەکانی ئەم ئەنجوومەنە دابین بکات، بۆیە باوەڕی بەوە هێناوە بەرەو زیاتر لە ئاڕاستەیەك بڕوات.

هێزە ستراتیژییەکانی گوشار

لەپاش هەڵمەتی سەربازیی تورکیاوە بۆ سەر سەری کانێ و گرێ سپی، ماوەی سێ مانگ؛ سێ هێزی ستراتیژی گوشاریان دەکرد لە هەردوو ئەنجوومەن تا سەرەتا پێك بێن بە شێوەیەکی سەرەتایی و دواتر قۆناغ بە قۆناغ بە شێوەی دوور مەودا. هەموو زانیارییەکان دەڵێن: ئەمەریکا، هەرێمی کوردستان، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا؛ بەم ئاڕاستەیە گوشاریان کردووە، هەریەك لەو لایەنانەش پاڵنەری خۆیان هەیە، بەم جۆرە:

**وڵاتە یەکگرتووەکان**

١. ئەمەریکا خەریکی دارشتنەوەی ستراتیژیەتی خۆیەتی لە تەواوی سووریا و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات بەتایبەت، باوەڕیشی وایە دەبێت هێزە کوردییەکان لەوەدا ڕۆڵیان هەبێ. ئەمەریکییەکان باوەڕیان بەوە هێناوە پاش بەریەککەوتنیان لەگەڵ حەشدی شەعبیی عێراقی، کورد ئەو هێزەن کە زیاتر گونجاون لەگەڵ ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

٢. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایەوێ کۆششەکانی ڕووسیا بۆ دروستکردنی ڕووبەری هاوبەش لەنێوان ڕژێمی سووریا و کوردەکان دوور لە بەندوباوە ئەمەریکییەکان بڕوات، لەم میانەیەشدا ئەمەریکاییەکان فرەجۆریی کوردیان بۆ گرنگە.

٣. ئەمەریکا خوازیارە قەبارەی گرژییەکان و هاوکێشەی سفری تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی فورات خاو بکاتەوە، پێشی وایە سازانی کورد-کورد هۆکارە بەو ئاڕاستەیە، چونکە ڕێگرە لەبەردەم بانگەشەکانی تورکیا لە بارەی پەیوەستبوونی کانتۆنەکان و "PKK".

٤. ئەمەریکا پێی وایە سازانی ناوخۆیی کورد، هۆکارە بۆ دارشتنی سازانی کوردی عەرەبی سریانی لە ناوچەکەدا.

هەرێمی کوردستان

١. هەرێمی کوردستان وا دادەنێت کە سازانی هەردوو لا، ڕووبەرێکی نفوزیی بۆ دروست دەکات لە دۆسیەی سووریا.

٢. هەرێمی کوردستان پەیوەندیی ئابووریی هەیە

لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتـی فـوڕات، پێشـی وایە سـازانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتـی فـوڕات، دەیکاتـە ناوچەیەکـی گەشـەی ئابووری و قەبـارەی ئاڵوگـۆڕی ئابووریی زیاتـر دەکات.

٣. هەرێمـی کوردسـتان وا دادەنێت هەوڵـە دووقۆڵییەکانی تورکیا و سـووریا بـۆ لەناوبردنی ڕۆژهەڵاتی فوڕات، دژی ئاسایشی نەتەوەیـی ئەمیشـە، یەکڕیزیی کوردیـش دەکرێـت ڕێگر بێت لەوە.

٤. هەرێمـی کوردسـتان کێشـەی ٣٠٠ هـەزار ئـاوارەی سـووریی هەیە، پێی وایە سازانی کـوردی؛ قەبـارەی ئاوارەبوون و هەڵهاتن کەمـتر دەکاتەوە بەرەو کوردستان.

هێزە ڕێگرەکان

لە ئاسـۆی بینراودا، سێ هێز لە هەوڵی لەمپەر دروسـتکردنن بۆ سـازان و دیالۆگـی ناوخۆیی هـەردوو ئەنجوومەنـە کوردییەکـەی سـووریا، ئەوەندەشـی بکرێـت؛ هـەوڵ دەدەن ڕێگـری لـەوە بکـەن.

تورکیـا لەسـەروو ئـەو هێزانـەوە دێـت، هەڕەشـەی ئـەوەش دەکات ئەنەکەسـە لـە هەمـوو چالاکییەکانـی ئۆپۆزسیۆنی سـووریا دەربکات. تورکیـا پێـی وایە سـازانی ئەو دوو ئەنجوومەنـە، پاسـاوە سـەرەکییەکەی ئـەو بـۆ تۆمەتبارکردنی ڕۆژهەڵاتی فوڕات بـە پەیوەسـتبوون بە پـڕۆژەی پارتـی کرێـکاران لاواز دەکات، هەروەها ئـەو سـازانە دەرگای کۆمەکـی زیاتـری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتـی بـۆ ڕۆژهەڵاتی فـوڕات دەکاتـەوە.

ڕووسـیاش لای خۆیـەوە پێـی وایە کە سـازانی کـوردی؛ لـە بەرژەوەندیـی هەوڵەکانـی ئەمەریکایـە بۆ ڕێکخسـتنەوەی سیاسـیی ناوچەکە لـە دەرەوەی ڕێککەوتـن لەگـەڵ ڕژێمـی سـووریا، ئەمەش ئەرکی ڕووسیا قورس دەکات بۆ زاڵبوون بەسـەر ئـەو ناوچەیـەدا، ئەگەرچی لە ڕێگەی دانوسـتانی ڕژێمی ئەسەد و پەیەدەشـەوە بێت.

هەر چی ڕژێمی سـوورییایە لـە ناوچەیەکی شـڵۆقدایە لەم بارەیـەوە، لـە لایـەك ترسـی هەیە لە سـازانی کـوردی وەك دەروازەیـەك بۆ پەرەسـەندنی ڕۆژهەڵاتـی فـوڕات لـە ڕووی سیاسـییەوە، لـە لایەکـی تـر خوازیاری ئەوەیە سـازانی لایەنە جۆراوجـۆرەکان دەروازەیەك بێت بـۆ لاوازکردنی ئـەو لایەنەی کە دانوسـتانی لەگەڵـدا دەکات لە ڕێگـەی یاریکردن بـە دژیەکییە ناوخۆییەکانـی ناویەوە.

**بنەماکانی سازانی نێوان هەردوولا**

چاودێـران پێیـان وایە "چوار چارەسـەری مامناوەند"؛ ئاسـتی ناکۆکییـەکان نزیکتر دەکەنەوە لە یەکتر، تێـزی نێوانگرەکانیش لەو بازنەیـەدا دەخولێتەوە.

لـە ڕووی سیاسـییەوە ڕێککەوتن لەسـەر ئەوەی کوردی سـووریا خۆیان دەمڕاستی خۆیان بـن دوور لـە هێـزە کوردییـە هەرێمایەتییـەکان، ئەوەش کلیلی پەیوەندیـی سیاسـیی نێوانیـان بێـت، هەروەهـا ئـەوە ببێتە ئامرازێك بۆ ئەوەی ژیانی گشـتی لە ڕۆژهەڵاتی فـوڕات کراوە بێت بۆ هەمـوو لا، بۆ هەمـوو جۆرە چالاکییەکی سیاسـی و مەدەنی، هەروەهـا هەردوو لا کار بکەن بۆ دروسـتکردنی بەرەیەکی کوردی کـە بتوانێـت سـازان و گونجان دروسـت بـکات لەنێـوان کورد

و هاوبەشـــەکانیان لـــە عەرەب و سریـــان و ئەرمەن.

هەروەهـــا ســـازانی ئابووری دەبێـــت بەرقـــەرار بکرێـــت بە کردنەوەی وڵات لەســـەر ئاســـتی شـــەفافتر، بـــە جۆرێـــك لایەنە گشـــتییەکان ئاگایان لە داهات و ڕێگاکانـــی خەرجکردنی هەبێت، چ لە داهاتی خاڵە ســـنوورییەکان بێـــت یان نـــەوت یـــان کۆمەکی دەرەکی یان باجـــەکان، هەروەها ســـەرجەم دەزگا ئابووریـــەکان "وەزیفەی گشـــتی"یان هەبێت بۆ جەمـــاوەر و هاوڵاتیان.

ئەمـــە جیـــا ناکرێتـــەوە لە خزمەتگوزاریی گشـــتی کە دەبێت پەیکەرەکانـــی پەرە بســـێنن بۆ ئەوەی زیاتر گشـــتی و سەربەخۆ بن لە هەر پرۆژەیەکی سیاســـی، ئـــەم دەزگایانەش لە شـــارەوانیی گشتییەوە دەســـت پێ دەکەن تا دەگەنە وەزارەتەکان و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی. بەڕێوەبردنی باڵای ئـــەم دەزگایانـــەش دەبێت بەپێی ســـازان بێت، بـــۆ ئەوەی نەبنـــە ئامـــراز بـــۆ هەژمـــوون بەســـەر بنکـــە جەمـــاوەری و کۆمەڵایەتییەکانـــی کورد.

لە کۆتاییدا دۆســـیەی سەربازی زۆر جێگـــەی مشـــتومڕ دەبێـــت، چونکە هـــەردوو لا وا دادەنێن کە هەژموونـــی ئەمنی و ســـەربازی؛ بنەمای هەژموونی سیاســـییە. بەڵام چاودێـــران پێیان وایـــە ڕازیبوونی هێزەکانـــی ســـووریای دیموکرات بـــە گۆڕینی ئەرکی لەشـــکری ڕۆژ کـــە پێنج هـــەزار ســـەربازن و لە هەرێمی کوردســـتاندان بۆ ئەوەی ببنـــە هێـــزی ئاسایشـــی ناوخۆ، ئەوە باشـــترین چارەســـەرە بۆ ئەم دۆسیەیە.

## پوختەکان

پێنج دەرەنجامـــی پوخت لە دانوســـتانی هەردوو لا هەن:

١. گوشـــاری ئەمەریکـــی و کـــوردی عێراق بـــە ئاڕاســـتەی سازانن لەســـەر بەرزترین ئاست، بـــەڵام کێشـــەی میکانیزمیـــان هەیە بـــۆ دروســـتکردنی ئامرازی گوشـــاری ڕوون.

٢. هەردوو لا پێوســـتیان زۆرە بە ســـازان، بەڵام لـــە میکانیزمدا ناکۆکـــن کـــە دەبێـــت پێشـــتر لەســـەری ڕێك بکەون، ئەنەکەسە بـــۆ ڕێککەوتنی گشـــتگیر هەوڵ دەدات، لـــە کاتێکـــدا پەیـــەدە دەیەوێـــت تەنهـــا ڕێککەوتنێکی سیاســـی بێت.

٣. ئەنەکەســـە کێشـــەی هەبوونـــی میکانیزمـــی بڕیاردانی بوێرانـــەی هەیـــە بە ئاڕاســـتەی بڕیاری ســـازان، ئەمەش ڕاڕاییەکە لە ترســـی لەدەســـتدانی ســـەکۆ جیاوازەکانـــەوە هاتـــووە، ئەگەر ڕێککەوتـــن لەگـــەڵ پەیـــەدە ڕێکوپێـــك و بەرهەمـــدار نەبێت.

٤. چاودێران پێیان وایە ســـازانی سیاســـی لـــەو ناوچەیـــە لەنێوان هێزە کوردییەکاندا، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ســـازانی تری سیاسی، بەتایبەت لەنێوان کـــورد و عەرەب.

٥. ســـازانی کـــوردی؛ میکانیزمێك دەبێت بۆ کارتێکردن لە پرۆسەی دانوســـتانی گەورەی ســـووریا، ئەگەریـــش هەیە کورد وەك لایەنێکـــی ســـەربەخۆ بچنە ئەو دانوســـتانە.

سەرچاوەکان:

1- https://www.alaraby.co.uk/english/indepth/2020/1/23/syrian-kurds-predict-co-operation-with-assad-on-aid-deliveries

2- https://www.arabnews.com/node/1618686/middle-east

3- https://www.globalresearch.ca/syria-washington-kurds/5699215

4- https://www.duvarenglish.com/world/2020/01/16/assad-seeks-reconciliation-with-kurds-doesnt-want-arabs-in-rojava-delegation/

# ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان
# لەنێوان پێکەوەژیان و پێکداداندا

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



نزیکەی سەدەیەکە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شاری پێکەوەژیان و فرەڕەنگی بووە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام لە کێشە و ناکۆکیی سیاسی ژیاوە و هۆکارێکی سەرەکیی نەگەیشتن بە چارەسەر و شکستی گفتوگۆ و دانوستانەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی و حکومەتە یەکە لەدوای یەکەکانی عێراق بووە. بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو، کورد بە هۆکاری مێژووی و دیمۆگرافییەوە جەختی لە کوردستانیبوونی کەرکووك کردووە و لە بەرامبەردا عەرەب و تورکمان بە هۆکارە زیاتر سیاسییەکانەوە؛ بانگەشەی کوردەکانیان ڕەت کردووەتەوە. ئەم ناکۆکییانە و نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی یەکجارەکی سەبارەت بە چارەنووسی ئیدارەدانی ئەم شارە، دواجار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە بیر لە گۆڕینی یەکجاریی دیمۆگرافیای ئەم شارە وەك چارەسەرێك بۆ شوناسی عەرەبیکردنی ئەم شارە و دەوروبەری کرا.

سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدان بۆ بەعەرەبکردنی ئەم شارە لەپێش هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسییەکان دەستی پێ کردبوو، بەڵام زۆرترین هەوڵەکان لەم پێناوەدا لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی "تعریب و ترحیل" چوونە بواری جێبەجێکردنەوە و هەوڵ درا کەرکووک و ئەم ناوچانە لە فرەڕەنگییەکەی کاڵ بکرێتەوە و یەک پێکهاتە بکرێتە باڵادەست و پێکهاتەکانی دیکە لاواز و ژێردەستە بکرێن، قوربانیی یەکەمی سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی بەعسیش کوردەکان بوون و لەدوای ئەوانیش تورکمانەکان، بەتایبەت تورکمانە شیعەکان.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کەرکووک و ئەم ناوچانە گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتەوە، چونکە هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەم ناوچانە دەستیان پێ کرد، ئەمەش کارێکی ئاڵۆز، فرەڕەهەند و قورس بوو، چونکە دەستکاریکردن و گۆڕینی ئەوە بوو کە بەعسییەکان دەیان ساڵ کاریان بۆ کرد. سەرەڕای باڵادەستیی کورد لەم شارە، بەڵام بە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز نەتوانرا لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقی؛ کێشەی ئەم ناوچانە چارەسەر بکر ێت .

دوای ئەوەی لەپاش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزە عێراقییەکان دەستیان بەسەر کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکاندا گرت، ڕەوشێکی نوێ هاتە کایەوە، عەرەبە هاوردەکان توانییان بگەڕێنەوە و بەمەش جارێکی دیکە کێشەکان لەنێوان پێکهاتە ڕەسەن و هاوردەکراوەکان سەریان هەڵدایەوە، بەتایبەت لەسەر کێشەی زەویوزار،

کوردەکانیش ئیدارەی کەرکووک و حکومەتی عێراق بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەیانەوێت کەرکووک بگەڕێننەوە پێش ساڵی ٢٠٠٣. لە ئێستادا کورد دەسەڵاتی سیاسی، سەربازی و ئیداریی ناوچەکەی لەدەست داوە، بۆیە پێکهاتەی کورد خۆیان بەبێ پشتوپەنا دەزانن و بەرپرسانی کوردیش هۆشداری لە مەترسیی دۆخی کەرکووک و ئەم ناوچانە دەدەن کە کورد لەژێر هەڕەشەدایە، بەڵام عەرەب و تورکمان دۆخەکە بە ئاسایی ناو دەبەن و پێیان وایە هیچ مەترسییەک لەئارادا نییە.

سەرەڕای ئەوەی هەوڵ زۆرە بۆ تێکدانی دۆخی ئەم ناوچانە و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە، بەڵام هەوڵیش هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و تەنانەت ئەمەریکا، هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە و لێکنزیککردنەوەی پێکهاتەکانی شارەکە.

## دۆخی ئێستای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان چۆنە؟

کورد باس لە مەترسیی دۆخی ئێستای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان دەکات و عەرەب و تورکمانیش دۆخەکە بە زۆر باش و ئاسایی دەزانن.

خالید شوانی؛ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، پێی وایە کەرکووک بە دۆخێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت، پڕۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکووک لە زۆر ڕووەوە دەستی پێ کردووە، ئەم پڕۆسەیەش بەرنامە بۆ داڕێژراوە و لەلایەن هەندێک لە لایەنە سیاسییە حوکمدار و بڕیاردەرەکانی حکومەتی عێراقەوە بەرنامەڕێژیی بۆ دەکرێت، هەندێک لە وڵاتانی هەرێمییش بەشدارن لە دانانی ئەم بەرنامەیە، ڕمی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش؛ ئیدارەی ئێستای کەرکووکە. ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بێت، کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر پێگەی کورد دروست دەکات لەم ناوچانەدا، چونکە سیاسەتی بەعەرەبکردن بۆ لاوازکردن و کەمکردنەوەی هەژموون و پێگەی کوردە لەم ناوچانەدا لە ڕووی دیموگرافی، ئەمنی، بەڕێوەبردن و سەربازییەوە، ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتە سەر، قۆناغی دووەم دەست پێ دەکەن.

خالید شوانی ڕوونتر دەڵێت: "لە ڕووی دیمۆگرافییەوە دەیانەوێت لەژێر ناوی جیاجیا عەرەبە هاوردەکان و ئەو عەرەبانە بگەڕێننەوە کە زەویوزاری کوردیان داگیر کردووە، ئەگەر لەم پڕۆسەیەدا سەرکەوتوو بن، دواتر دەست بۆ تۆماری دەنگدەرانی کەرکووکیش دەبەن، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن و لە ڕووی سیاسییشەوە پێگەی کورد لاوازتر بکەن."

لە بارەی پێگە و هێزی ئەمنیی کوردیشەوە، خالد شوانی پێی وایە لە ڕووی ئەمنیی و سەربازییشەوە؛ کورد لەو شوێنانە ئامادەیی نییە و بڕیاری ئەمنیی و

سەربازییش بەدەست کێ بێت، باڵادەستی بۆ ئەو پێکهاتەیە دروست دەکات لەو ناوچانە. بۆیە لەم پرۆسەی بەعەرەبکردنە سەرکەوتوو بن کە بەرنامەیان بۆ داناوە، قۆناغی دووەم دەست پێ دەکەن کە قۆناغی فشارکردنە لە کورد بۆ بەجێهێشتنی کەرکووک، هاوشێوەی ئەوەی لە دوزخورماتوو ڕووی داوە، هاوشێوەی ئەوەی لە دیالە ڕووی داوە کە عەرەبی شیعە لە دژی عەرەبی سوننە کردوویەتی لەو ناوچانە، تاکوو واقیعی دیمۆگرافیی ئەم ناوچانە بگۆڕن.

حاتەم تائی (الطائي)؛ وتەبێژی فەرمیی ئەنجوومەنی عەرەبی لە کەرکووک، لە بارەی دۆخی ئێستای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانەوە بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیە و دۆخەکە بە "باش" ناو دەبات و دەڵێت: "بەرقەرابوونی دۆخی ئەمنیی کەرکووک، کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر دۆخی سیاسیی پارێزگاکە، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی 16ی تشرینی یەکەمی 2017، کەرکووک سەقامگیرییەکی باشی بەخۆیەوە دیوە، ئەو سەقامیگرییەش زیاتر پتەوتر بوو کاتێک هێزە ئەمنییەکان توانییان ناوچەکانی باشووری خۆرئاوای شارەکە لە پاشماوەی چەکدارانی داعش پاک بکەنەوە."

محەمەد سەمعان ئۆغلۆ؛ وتەبێژی بەرەی تورکمانی لە عێراق، سەرەڕای کێشەی لەگەڵ زاراوەی "جێناکۆک"، دۆخەکە بە جێگیر و سەقامگیرییەکی زۆر باش ناو دەبات و ئاماژە بەوە دەکات کە: "پێناسەی زاراوەی 'جێناکۆکەکان' لای ئێمە جیاوازە، بە بۆچوونی ئێمە بنچینەی کێشەکە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا نییە، بەڵکوو لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەدایە کە پێی دەڵێن 'جێناکۆک'، پێیمان وایە دۆخی کەرکووک لە ئێستادا زۆر جێگیرە و ئاسایش و سەقامگیری باڵی بەسەردا کێشاوە، بەتایبەتی دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017، پرۆسەکانی کوشتنی کەسایەتییە دیارەکانی پێکهاتەکان، دزی و فرامۆشکردنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان لە شارەکە کۆتایی پێی هاتووە و بوونی نییە ."

عەدنان کەرکووکی؛ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان (کەرکووک - گەرمیان)، بۆچوونی وایە دۆخی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت و پێی وایە دۆخی ئێستای کەرکووک بەتایبەت دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە هەموو ڕوویەکەوە (کارگێری، ئەمنی، سەربازی و کۆمەڵایەتی) یەوە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپبوون دەچێت، بەتایبەت ماوەیەکی زۆرە شاڵاوێکی گەورەی بەعەرەبکردن و بەشیعەکردن لە کەرکووک دەستی پێ کردووە و ڕۆژانە فشار دەخرێتە

سەر هاوڵاتیانی کورد و تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت، بۆ ئەوەی شار، قەزا، ناحیە و گوندەکانی خۆیان چۆڵ بکەن. عەرەبە هاوردەکانی ناوچەکە هاتوون و بە پاڵپشتیی حکومەتی عێراق، ئیدارەی کەرکووک و حەشدی شەعبی ئەو گرێبەستانەیان هێناوەتەوە کە لە سەردەمی سەددام حسێن کراون و دەیانەوێت نوێی بکەنەوە، بۆ ئەوەی زەویوزاری کورد داگیر بکەن. هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت، ئەوەشی لە گوندەکانی سنوری "حەفتەغار" بینرا لە قەزای داقووق، بەشێکە لەو هەوڵانەی عەرەبە هاوردەکان کە لە بەرامبەردا جووتیارە کوردەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە، کەچی ئەوان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق، حەشدی شەعبی و پۆلیسی ئیتیحادییەوە پاڵپشتی کران، ئەم پاڵپشتییەش کە ئیدارەی کەرکووکیش بەشێکە تێیدا، وا دەکات ئەم عەرەبە هاوردانە کۆڵ نەدەن.

## ئایندەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان

لە ئێستادا مەترسی لای کورد و بەشێک لە دانیشتووانی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان هەیە و تەنانەت هێزە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاماژەیان بەو مەترسییەکە کردووە.

لە بارەی ئایندەی ئەم ناوچانەوە، محەمەد سەمعان ئۆغڵۆ دەڵێت مادەی 143ی دەستووری عێراق، سنووری هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە، بەو پێیەش کەرکووک، ناوچەکانی دیکەی موسڵ، دیالە و سەلاحەدین؛ لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن، دەبێت کوردیش بزانێت مادەی 140 "کۆتایی پێ هاتووە"، بۆیە "پێیمان وایە ئەگەر پێکهاتەکانی ناوچە "جێناکۆکەکان" و کەرکووک نەگەن بە ڕێککەوتن، ئەوا دۆخی ئەو ناوچانە ئێستا چۆنە؛ هەر بەو شێوەیە دەمێننەوە."

خالد شوانی بۆچوونی جیاوازە و پێی وایە ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان لەبەردەم "مەترسییەکی گەورەدایە"، بەتایبەتی ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت؛ مەترسیدارترە لەوەی لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو دەگوزەرا، لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو دەوترا ڕژێمێکی دیکتاتۆرییە و ناوچەکە بە عەرەب دەکات و دیمۆگرافیای دەگۆڕێت، بەڵام ئێستا بە ناو پێی دەوترێت سەردەمی دیموکراسی و کورد بەشداره لەم حکومەتەدا، بەردەوامبوونی پرۆسەی بەعەرەبکردن بە شێوەیەکی شاراوە و بەرنامە بۆ داڕێژراو؛ ناوچەکە ڕووبەڕووی "مەترسییەکی گەورە" دەکاتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، مەترسیی گەورە لەسەر مافەکانی کورد لەم ناوچانە هەیە، ئەگەری زۆریش هەیە ئەم ناوچانە لەدەست بچن، بۆیە پێویستە کورد بۆ ئەم ناوچانە بەرنامەی هەبێت.

حاتەم تائی

ئایندەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی (٢٠٢١)ەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت: "هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیرانی داهاتوو، ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە".

عەدنان کەرکووکی بۆچوونی وایە ئایندەی ئەم ناوچانە لەژێر مەترسیدایە و باس لەوە دەکات ئەگەر دۆخی ئەم ناوچانە بەم جۆرەی ئێستا بەردەوام بێت، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، خەڵک و ناوچەکە لە دۆخێکی زۆر خراپدان، ئەگەر دۆخەکەیان چارەسەر نەکرێت و حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان نەیەنە پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و دانانی سنوورێک بۆ دەسەڵاتی حەشدی شەعبی، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت.

## چارەسەرەکان بۆ دۆخی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان

لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە لایەنەکان دۆخی ئێستای کەرکووک بە کێشە نازانن تاکوو چارەسەری بکەن، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیش بەدوای چارەسەرێکی هاوسەنگدا دەگەڕێن کە هەمووان لەسەری کۆک بن. نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکان لە پەیوەندیدایە بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی پەسەندکراو لەلای سەرجەم لایەنەکان. لە زۆربەی قۆناغەکاندا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک دەربارەی ئەم ناوچانە، هەرسێ چارەسەری "نێودەوڵەتی"، "هەرێمی" و "عێراقی-کەرکووکی" خراوەتە ڕوو، بەڵام زۆرینەی کەرکوکییەکان، دانیشتووانی ناوچەکە و لایەنە سیاسییەکانیش، جەخت لەسەر چارەسەری عێراقی-کەرکووکی دەکەنەوە نەک دەرەکی.

حاتەم تائی جەخت دەکاتەوە: "دەبێت بزانین لە ئێستادا پێکهاتەی عەرەب بەزۆر خۆی نەسەپاندووە بەسەر دەسەڵاتەکانی شارەکەدا. ڕاکان جبوری؛ پارێزگاری ئێستای کەرکووک، بە وەکالەت و بەپێی یاسا ئەو پۆستەی وەرگرتووە، ئەوەش دوای ئەوەی نەجمەدین کەریم پارێزگاری پێشووی شارەکە، پۆستەکەی بەجێ هێشت." هەروەها دەڵێت پارێزگای کەرکووک لە ڕووی بەڕێوەبردنی جومگە ئیدارییەکانیەوە بەپێی یاسای "بریمەر" کە لە (٢٠٠٥)ەوە پەیڕەو کراوە لە کەرکووک، دەبێت تەنیا یەک جێگری پارێزگار بۆ پارێزگای کەرکووک هەبێت، بنچینەی کێشەکە لە کەرکووک هۆکارەکەی پێکهاتەی عەرەب نییە و ڕێگە نادەین عەرەب بەوە تاوانبار بکرێن. ئێمە لاریمان نییە کێ پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەردەگرێت، بەڵام بە مەرجێک دەبێت بەپێی ڕێکارە یاساییەکان بێت.

تائی بەر لە باسکردنی چارەسەر، کورد بە نەبوونی پارێزگارێکی کورد تۆمەتبار دەکات و ئاماژە بەوە

دەکات: "سەرباری ئەوەی هەردوو حیزبی کوردی؛ یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتیی کوردستان، پێش هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەروکوک زۆرینە بوون لە ئەنجوومەنەکەدا، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزییەکانی نێوانیانەوە نەیانتوانی بگەن بە ڕێککەوتن و پارێزگارێک لە کەرکووک لە پێکهاتەی کورد دیاری بکەن." دەربارەی چارەسەریش، تائی پێی وایە: "چارەسەری کێشەکە تەنها بە گفتوگۆ و دیالۆگی نێوان پێکهاتەکان دەبێت."

خالید شوانی پێی وایە کە لە ئێستادا میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک جیاوازە لە ساڵانی 2003، ٢٠٠٥ و تەنانەت ٢٠١٧، لەو سەردەمەدا هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی کورد بووە و توانیبووی ئەمری واقع بسەپێنێت لەو ناوچانە، کە نەشیتوانی ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە؛ زۆر میکانیزم و بژاردە هەبوون بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئەم ناوچانە، بەڵام ئیشیان پێ نەکرا. سەبارەت بەوەی چارەسەرکردنەکە نێودەوڵەتی، هەرێمی یان عێراقی-کەرکووکی بێت، شوانی پێی وایە ئەگەر ویست هەبێت دۆخی ئەم ناوچانە ئاسایی ببێتەوە و چارەسەر ببێت، دەبێت لەسەر دوو هێڵ و ئاست کار بکرێت:

یەکەم: ئاساییکردنەوەی ئەم ناوچانەیە لە ڕووی ئەمنی و سەربازییەوە، ئەمەش بە ڕێککەوتن دەبێت لەگەڵ عێراقدا، عێراقیش بەلایەوە گرنگە لەسەر هەر ئاساییکردنەوەیەکی بارودۆخی ئەمنی و سەربازیی کەرکووکدا هەموو پێکهاتەکان قسەیان هەبێت، واتە دەبێت چارەسەرێکی کەرکووکیانە هەبێت بۆ کێشەکان کە هەموو پێکهاتەکان پێی قایل بن .

دووەم: دەبێت دۆسیەی ئەمنی و سەربازیی کەرکووک لەلایەن خەڵکی کەرکووکەوە بەڕێوە ببرێت، پێویستە چوارچێوەیەکی ئەمنی و سەربازییش بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە و ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، لەم بوارەشدا هەندێک هەنگاو هەن و نراون.

سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتە هەرێمییەکان لەسەر هەوڵەکانی چارەسەرکردن، خالید شوانی ئەوە دەخاتە ڕوو وڵاتە هەرێمییەکان تاکوو ئێستا ڕۆڵی "زۆر نەرێنی" دەبینن لە مەسەلەی کەرکووک، چ لە ڕووی ئاساییکردنەوە بێت یان جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم بارودۆخەی ئێستا هەیە؛ لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، نەک دۆخی پێش ساڵی ٢٠١٧، لەبەر ئەوەشە پێدانی ئەم دۆسیەیە بە هێزە هەرێمییەکان؛ مەترسیی گەورە دروست دەکات، بۆ نموونە چەندین جار پێکهاتەکان نزیک بوون بگەن بە ڕێککەوتن، یەکێک لەم وڵاتانە بە ڕاستەوخۆ و یەکێکی دیکەش

بە ناڕاستەوخۆ دژی ئەم ڕێککەوتنە بوون، بۆیە مەترسییەکی گەورەیە ئەم دۆسیەیە بدرێتە دەست وڵاتانی هەرێمی.

لە ڕووی نێودەوڵەتییشەوە خالید شوانی بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو: ”قسەکە ئەوەیە ئایا ئەم دۆسیە بدرێتە دەست ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان تەدویل بکرێت بەپێی بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتی، جارێ ئایا بنەمای قانوونی هەیە بۆ تەدویلکردنی ئەم دۆسیەیە؟ کە من پێم وا نییە هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت عێراق وەکوو دەوڵەت کە کەسێتیی نێودەوڵەتیی هەیە تەدویلی بکەن، یان ئێمە وەک هەرێمی کوردستان داوا بکەین بچێتە ئەنجوومەنی ئاسایش، پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە ئایا کورد ئەو هێزەی هەیە لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا ئەم بابەتە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە؟ ئەمەش قورسە و پێویستی بە بەدواداچوونی زۆرە، کەواتە دەمێنێتەوە چارەسەری ناوخۆیی بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغداد و پێکهاتەکانی دیکەدا، کە بتوانین شێوەیەک لە پێکەوەژیان و ڕێککەوتنێکی ناوخۆیی بدۆزینەوە کە هەموو لایەک پەسەندی بکەن.“

شوانی مادەی ١٤٠ دەکاتەوە بە بنەمای چارەسەر و دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەی کەرکووک و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە؛ مادەی ١٤٠ هەیە، بەڵام دەبێت میکانیزمی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی مادەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک و ئەم ناوچانە، بۆ ڕێوشوێنەکانیش دەکرێت لێکتێگەیشتن بهێنرێتە ئاراوە لەنێوان پێکهاتەکاندا و لەگەڵ بەغدادیش ڕێککەوتن بکرێت، ئەمە چەندێک کاتی دەوێت و چۆن دەکرێت، پێویستی بە بەرنامەیەک هەیە کە دابنرێت و کاری لەسەر بکرێت.

لە بارەی ئەوەی ئایا چارەسەر لە ڕێککەوتنی دوو یان سێ پێکهاتەوە دەهێنرێتە ئاراوە، شوانی پێی وایە ڕێککەوتنی کورد و پێکهاتەکانی کورد و عەرەب لەسەر کەرکووک و بەڕێوەبردنی، ئەزموونیان هەیە و تاقییان کردووەتەوە لە ڕێکەوتی ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨دا، کورد و تورکمانیش بۆ قۆناغێك لە ساڵی ٢٠١٠ تاوەکوو ٢٠١٤ و ٢٠١٥ تاقییان کردووەتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، سەرەڕای ئەوەی هەردوو پرۆژە و ڕێککەوتنەکە سەرەتا پردەکانی متمانە و پەیوەندییان دروست کردبوو، بەڵام شکستیان هێنا، ئەمەش پەیوەست بوو بە:

یەکەم: هەرسێ پێکهاتەکە کاریگەری و قورسایی خۆیان هەیە لەناو کەرکووک و درێژکراوەی هەرێمیی خۆشیان هەیە.

دووەم: ئەجێندای یەکتربڕ هەیە لەنێوان پێکهاتەکاندا، کە وا دەکات ڕێککەوتنی دووقۆڵیی زۆر جار سەرکەوتوو نەبێت.

خالید شوانی بەم جۆرە چارەسەری دیکە دەخاتە ڕوو: "لە ئێستادا باشترین ڕێککەوتن ئەوەیە هەرسێ پێکهاتەکە پێکەوە کۆ ببنەوە و ڕێککەوتن بکەن، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بدۆزرێتەوە و نزیکتر بکرێتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانرێت ئەگەر هەرسێ پێکهاتەکە بگەنە لێکتێگەیشتن، مانای ئەوەیە بە چارەسەرێک دەگەن کە بەتەواوی لە بەرژەوەندیی هیچ پێکهاتەیەکیان نابێت، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی هەرسێ پێکهاتەکە دەبێت، ئەمەش پێویستی بە بڕیاری سیاسییە. لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێم سەرقاڵی دانانی پرۆژەیەکە و ئێمە و کۆمەڵێک کەسیان ڕاسپاردووە ئەم دۆسیەیە ئامادە بکەین، هەوڵ دەدەین پرۆژەیەک بێت کە واقعی بێت و شیاوی جێبەجێکردن بێت، ئامانجیشی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانە بێت ."

عەدنان کەرکووکی جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات لەنێوان هەولێر و بەغدا و ڕای وایە چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەم ناوچانە لەنێوان حکومەتی هەرێم و عێراقدا دەبێت، نەک حزبێکی سیاسی یان دوو حزبی سیاسی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەن، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم ببێتە نوێنەری خەڵکی کوردستان و ئەو ناوچانە، بەتایبەت کە مادەیەکی دەستووری هەیە کە مادەی (١٤٠)ە و بەپێی دەستووری عێراق چارەسەر دۆزراوەتەوە، دەکرێت وەک بنەمایەکی دەستووری کاری لەسەر بکرێت. بەپێی دەستووری عێراق، ئەم ناوچانە؛ ناوچەی جێناکۆکن، بۆیە حکومەتی عێراق چەندێک دەسەڵاتی هەیە لەو ناوچانە، دەبێت حکومەتی هەرێمیش دەسەڵاتی هەبێت، لە ڕووی سیاسی، ئەمنی، سەربازی، ئابووری و هەموو ڕوویەکەوە. عەدنان کەرکووکی چارەسەری نێودەوڵەتی بە هەڵە دەزانێت و دەڵێت ئەگەر کێشەکە بە نێودەوڵەتی بکرێت، چارەنووسی وەک ئەو کێشانەی لێ دێت کە لە جیهاندا هەیە وەک پرسی فەڵەستین کە تاکوو ئێستا چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە، بۆیە چارەسەرەکە بە نێودەوڵەتی بکرێت؛ ئاڵۆزتر دەبێت. سەبارەت بە ڕێککەوتنی پێکهاتەکانیش، پێی وایە هەریەک لەم پێکهاتانە نوێنەرایەتیی خۆی هەیە لە حکومەتی هەرێم و عێراق، بۆیە وەک پێکهاتە و نەتەوەکانی کەرکووک هیچ کێشەیەک نییە لە نێوانیاندا، ئەوەی کێشەکە یەکلا دەکاتەوە؛ بابەتێکی یاسایی و دەستوورییە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم ئەو ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی و بیکات بە کاری لەپێشینەی خۆ ی .

محەمەد سەمعان ئۆغلۆ ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتەکان

بە چارەسەر دەزانێت و باس لەوە دەکات کەرکووک شارێکی ئاسایی نییە، ئەم شارە گرنگییەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی هەیە، بەو پێیەی کە بەشێکی گرنگ لە گێلگە نەوتییەکانی عێراقی تێدایە، وەک بەرەی تورکمانیش پێیان وایە چارەسەری سەرەکی بۆ گرفتەکانی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک؛ پێکهاتەکان خۆیانن، کە دەبێت هەموویان لەسەر مێزی گفتوگۆ بەیەکەوە دابنیشن و گفتوگۆ بکەن.

## ئایا ئەگەری پێکدادانی پێکهاتەکان لەئارادایە؟

بە هۆی هەندێک ڕووداوی وەک سووتاندنی دەغڵودانی جووتیارانی کورد و دروستبوونی کێشەی زەویوزارەوە، ترس هەیە لەوەی پێکدادان و ئاڵۆزی بکەوێتە نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن کە هیچ کێشەیەک لەنێوان پێکهاتە ڕەسەنەکانی ناوچەکەدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیان وایە ئەگەر دۆخەکە چارەسەر نەکرێت؛ ئەگەری پێکدادان کراوەیە.

لە بارەی ئەگەری پێکدادانی پێکهاتەکانەوە، خالد شوانی پێی وایە ئەگەر ئەم دۆخە چارەسەر نەکرێت؛ بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەڕوات. کورد تاکوو ئێستا هێزێکی ئەوتۆی ماوە لەسەر زەوی کە لانی کەم بتوانێت وەک ئەوەی لە سەرەتای مانگی "ئاب"دا بینرا، کورد بە دار و بەرد بەرگری لە ماف و زەوییەکانی خۆیان بکەن، بەڵام ئەمە ناتوانێت ببێتە میکانیزمێکی گونجاوی درێژخایەن بۆ بەرگریکردن، لەبەر ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا عەرەب زیاتر فشار دەکات بۆ ئەوەی مافەکانی کورد زەوت بکات و زەویی زیاتر داگیر بکات، بەڵام کورد ئەمە قبووڵ ناکات. فەرامۆشکردنی کورد لە دامەزراندن و خزمەتگوزاری و چەوساندنەوەی مەعنەویی نەتەوایەتی لەو ناوچانەدا، وا دەکات کە فشار دروست ببێت بەرەو دەربڕینی نارەزیی قووڵ و توند لەلایەن کوردەوە و ڕەنگیشە بگاتە ئاستی پێکدادان، بەتایبەتی لەسەر بابەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان. قورسە لەم سەردەمەدا کوردێک دەست لە زەوییەکەی هەڵبگرێت و قبووڵی بکات عەرەبێک بێت و بەبەر چاوییەوە زەوییەکانی داگیر بکات، بۆیە ئەمە لەو بابەتانەیە دەکرێت لە هەر ئانوساتێکدا بتەقێتەوە، لەم بارەیەشەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق، هێزە سیاسییە عێراقییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاگادار کراونەتەوە لە مەترسیی ئەم بابەتە. دەشێت ئەم تەقینەوە و پێکدادانە تەنیا لەنێوان کورد و عەرەبدا نەبێت، ڕەنگە ئەم پێکدادانە لەنێوان عەرەب و تورکمان ڕوو بدات، لە دوو مانگی ڕابردوودا شەڕ و پێکدادان بە تەقە لەنێوان تورکمانی شیعە و عەرەبە

سوننەکان لە گوندەکانی بەشیر و هەندێک لە گوندەکانی داقووق ڕوویان داوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە تورکمان حەشدی شەعبیی شیعەی هەیە و قبووڵ ناکات کەسێک بێت و زەوییەکەی داگیر بکات، هەردوو لا چەکداریان هەیە، کە ئەمەش یەکێکە لە ئەگەرەکان کە لە ساتێکدا بتەقێتەوە، بۆیە چارەسەرنەکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانە، دۆخی ناچەکان دەخاتە بەردەم مەترسی.

سەبارەت بە بوونی هێزی جیاواز لە خەڵکی ئەم ناوچانە و ڕۆڵیان لە دروستکردنی ناکۆکیدا، خالید شوانی دەڵێت خاڵێکی دیکە؛ بوونی هێزە سەربازییەکانی عەرەبی شیعەن کە بەم ناوچەیە نامۆن و خەڵک بەرامبەریان کاردانەوەی دەبێت، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، ئەمە تەنیا قسەی کورد نییە و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانیش باسیان کردووە کە مەترسیی پێکدادان هەیە لەنێوان پێکهاتەکان، یان لەنێوان خەڵک و هێزەکان، خەڵک و بەڕێوەبردن، یان لانی کەم ناڕەزایەتی دەربڕدرێت، پشێوی لەم ناوچانە دروست ببێت و سەقامگیری نەمێنێت.

حاتەم تائی ئەگەری پێکدادانی پێکهاتەکان بە دوور دەزانێت و پێی وایە وەک چۆن لە ڕابردوودا پێکدادان ڕووی نەداوە، ئێستا و لە داهاتووشدا ڕوو نادات. لەم بارەیەوە تائی دەڵێت: ”پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکووکدا، لە دێرزەمانەوە فاکتەری سەرەکی بووە بۆ سەقامگیری و ئاسایش لە شارەکە، لە خراپترین دۆخدا ئاڵۆزی و پێکدادان لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکەدا ڕووی نەداوە، پێشبینییش ناکەین بە هیچ شێوەیەک ڕوو بدات، ئێستا هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک پێیان وایە مانەوە لەژێر سایەی حکومەتی ناوەندیی عێراقدا چارەسەرێکی باشە و گەواهیی ئەو ڕاستییەش، شاری کەرکووک لەدوای 16ی تشرینی یەکەمی 2017، لە هەموو ڕوویەکەوە (ئابووری، نۆژەنکردنەوە و بەرقەرابوونی یاسا و ئاسایش) بەرەوپێشەوە چووە.“

محەمەد سەمعان ئۆغلۆش ئەگەری پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان بە دوور دەزانێت، دەشڵێت ئەوان سەرەڕای پێشێلکردنی مافەکانیان؛ دەستیان بۆ مافی کەس نەبردووە. ”لە ئەدەبیاتی بەرەی تورکمانیدا باوەڕمان بە پێشێلکردن و قووتدانی مافی پێکهاتەکانی دیکە نییە، تورکمانەکان لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە مافەکانیان لەلایەن پێکهاتەی کورد و عەرەب پێشێل کراوە، تا ئێستا پێکهاتەی تورکمان پۆستی پارێزگاری کەرکووکی وەرنەگرتووە کە بە مافی خۆی دەزانێت، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرین.“ دەشڵێت: ”داوامان کردووە لیوایەکی سەربازی لە پێکهاتەکانی کەرکووک بەبێ جیاوازی

دروست بکرێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی پارێزگاکە." لە بارەی ئەگەری پێکدادانیش باس لەوە دەکات: "پێشبینی ناکەین هیچ جۆرە پێکدادانێک لەنێوان پێکهاتەکاندا لەئارادا بێت و رووش نادات، دۆخی کەرکووک لەدوای نەمانی دەسەڵاتی کورد لە شارەکە چۆن بووە، هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە."

عەدنان کەرکووکی بەم جۆرە بۆچوونی خۆی لە بارەی ئەگەری پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان دەخاتە ڕوو: "ئەگەری پێکدادان هەیە، چونکە ئەمە بابەتی خاکە، وەک چۆن ئەو جووتیارەی ناوچەی حەفتەغار وتی من دایکم مردووە، بەڵام ئەم خاکە دایکمە و سازشی لەسەر ناکەم. کە خەڵکی ئەم ناوچانە ئەمڕۆ بە دار و بەرد ڕووبەڕووی ئەوانە بوونەتەوە هاتوونەتە سەر خاکەکەیان، سبەینێ بە شێوازی دیکە و چەک ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بڕواشم وایە نەک هەر خەڵکی ئەو ناوچانە، بەڵکوو خەڵکی هەموو کوردستان چاوەڕوانی چارەسەری یاسایین. بەڵام ئەگەر چارەسەری یاسایی نەبوو، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هەموو ئەگەرێک، بە ئەگەری توندوتیژی، پێکدادان و شەڕیشەوە. بۆیە دەبێت کورد خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات، چونکە ناکرێت سازش لەسەر ئەم شوێنانە بکەین."

**ئەنجام**

- دۆخی ئێستای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان.
- کورد پێی وایە دۆخی کەرکووک و ناوچە جێباکۆکەکان لە مەترسیدایە.
- تورکمان و عەرەب دۆخەکە بە ئاسایی و زۆر باش ناو دەبەن و هیچ مەترسییەک نابینن.
- کورد دەڵێت کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان لە ناسەقامگیریی ئەمنیدایە و ئەو هێزانەی هەن، مەترسین بۆ سەر دانیشتووانی ناوچەکە.
- عەرەب و تورکمان باس لە سەقامگیریی ئەمنی دەکەن و پێیان وایە کەرکووک و ناوچەکە گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.
- کورد دەڵێت بەعەرەبکردنی ناوچەکە بەچڕی دەستی پێ کردووەتەوە و مەترسی لەسەر زەویوزاری جووتیارانی کورد هەیە.
- عەرەب و تورکمان خۆشحاڵن بە دۆخی ئێستا و ئەم بارودۆخە بە ئاسایی و سروشتی دەبینن کە هەمووان مافی خۆیان وەرگرتووە، بەڵام تورکمان هێشتا خۆیان بە فەرامۆشکراو و بێماف دەزانن.
- کورد ئیدارەی ئێستای کەرکووک و بەغدا بە هۆکاری خراپیی دۆخی ناوچەکە دەزانێت.
- عەرەب و تورکمان خۆشحاڵن بە ئیدارەی ئێستای کەرکووک و سوپاسی ئامادەیی هێزە عێراقییەکان و حکومەتی بەغدا دەکەن.

**ئایندەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان:**

- کورد پێی وایە ئایندەی ئەم ناوچانە لە مەترسیدایە و دۆخەکەش بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار هەنگاو دەنێت.

- عەرەب و تورکمان لەم دۆخەدا گەشبینن بە ئایندەی ناوچەکە.

- کورد دەڵێت ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بێت، ئایندەی ناوچەکە خراپ و ئاڵۆز دەبێت.

- عەرەب و تورکمان هیوا دەخوازن دۆخی ئێستا بەردەوامیی هەبێت و گۆڕانکاری ڕوو نەدات.

- کورد پێی وایە ئایندەی ئەم ناوچانە بەم شێوەیە بەردەوام نابێت، چونکە کورد ئەم دۆخە قەبووڵ ناکات.

- عەرەب و تورکمان پێداگری لەسەر مانەوەی دۆخەکە بەم جۆرە دەکەن و دژی هەر گۆڕانکارییەکن ناوچەکە بگەڕێنێتەوە بۆ پێش ٢٠١٧.

**چارەسەر**

- کورد مادەی ١٤٠ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بە چارەسەر دەزانێت.

- عەرەب و تورکمانیش سەرەڕای دەستوور، پێیان وایە چارەسەر بەردەوامیی ئەم دۆخە و بوونی هەلومەرجێکە ئەوان تێیدا دەسەڵاتدار بن و فەرامۆش نەکرێن.

- کورد داوای گەڕانەوە بۆ پێش ٢٠١٧ دەکات.

- عەرەب و تورکمان پێش ٢٠١٧ ڕەت دەکەنەوە و داوای بەردەوامیی ئەم دۆخە دەکەن.

- یەکێک لەو خاڵە دەگمەنانەی هەمووان لەسەری کۆکن، چارەسەری عێراقیانە - کەرکوکیانەیە بۆ کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان.

- هەموو لایەکیش کۆکن لەسەر گفتوگۆ و ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک.

**ئەگەری پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان:**

- هەموو پێکهاتەکان جەخت لەسەر پێکەوەژیان و ئاشتیی نێوانیان دەکەنەوە.

- کورد پێی وایە ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بێت، ئەگەری پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان نزیک و کراوەیە.

- عەرەب و تورکمان دۆخەکە بە ئاسایی دەبینن، بۆیە ئەگەری پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان بە دوور دەزانن.

- کورد پێی وایە کورد تاکوو سنوورێک ئارامی دەگرێت و لە قۆناغێکدا وەڵام دەداتەوە و دۆخەکەش بە کەس کۆنترۆڵ ناکرێت.

- عەرەب و تورکمان دەڵێن پێکهاتەکان لە ڕابردوودا بەئاشتی ژیاون و ئێستاش هیچ هۆکارێک نییە تاکوو پێکدادان لە نێوانیان ڕوو بدات.

- کورد باس لە ئەگەری تەقینەوەی دۆخەکە دەکات.

- عەرەب و تورکمانیش باس لە دڵخۆشیی خەڵک دەکەن بە گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی و نەمانی ترس و تۆقین.

# پرۆفایلی به‌شداربووان

**خالید سه‌لام سه‌عید**
**(خالید شوانی)**

ساڵی ١٩٧٥ له شاری که‌رکووک له‌دایک بووه و به‌شی یاسای له زانکۆی به‌غدا ته‌واو کردووه. هه‌ڵگری بڕوانامه‌ی ماسته‌ره له یاسای ده‌ستووری له زانکۆی که‌رکووک و خوێندکاری دکتۆرایه له یاسا له زانکۆی مه‌نسووره‌ی به‌غداد. ساڵی ٢٠١٠ بووه به ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تیی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان. له‌نێوان ساڵانی (2005-2014)، ئه‌ندامی په‌رله‌مانی عێراق بووه و له (2014-2016) ڕاوێژکاری یاسایی سه‌رۆککۆماری عێراق بووه. ئه‌ندامی لیژنه‌ی جێبه‌جێکردنی ماده‌ی ١٤٠ و دواتریش بووه به سه‌رۆکی لیژنه‌ی یاسایی په‌رله‌مانی عێراق. ئه‌ندامی لیژنه‌ی باڵای سیاسیی چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی ناوچه دابڕاوه‌کانی کوردستان بووه له به‌غدا و ئه‌ندامی لیژنه‌ی ئاساییکردنه‌وه‌ی دۆخی که‌رکووک و ناوچه دابڕاوه‌کان بووه. له ئێستادا و له کابینه‌ی حکومه‌تی هه‌رێمدا، وه‌زیری هه‌رێمه بۆ کاروباری دانوستاندن له‌گه‌ڵ به‌غدا.

**حاتم الطائی**

ساڵی 1967 له شاری که‌رکووك له‌دایك بووه و خاوه‌نی بڕوانامه‌ی به‌کالۆریۆسه له زانسته سیاسییه‌کان. ئه‌ندامی مه‌کته‌بسیاسی و وته‌بێژی ئه‌نجوومه‌نی عه‌ره‌بییه له شاری که‌رکووك. سه‌رۆکی ڕێکخراوی "سماء الحق" بۆ گه‌شه‌پێدانی مرۆ ییه.

**محه‌مه‌د سه‌معان که‌نعان یوسف**
**ئاغا کۆپرلو**

ساڵی ١٩٧٩ له شاری که‌رکووک له‌دایک بووه و خاوه‌نی بڕوانامه‌ی به‌کالۆریۆسه له زانستی ژمێریاریدا له زانکۆی که‌رکووک. له ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دژ به ده‌سه‌ڵاتی به‌عس کاری کردووه، دواتر چووه بۆ تورکیا و له‌پاش ڕووخانی ده‌سه‌ڵاتی به‌عس؛ گه‌ڕاوه‌ته‌وه بۆ عێراق. له ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٢)دا، ئه‌ندامی په‌رله‌مانی گه‌نجانی عێراق بووه له‌سه‌ر پشکی پارێزگای که‌رکووک. له ساڵی ٢٠١٠ تاوه‌کوو ئێستا، به‌رپرسی ڕێکخستنه‌کانی لقی که‌رکووکی به‌ره‌ی تورکمانیی عێرا قییه.

**عه‌دنان عبید که‌ریم**

ساڵی ١٩٦١ له شاری که‌رکووک له‌دایك بوو و خاوه‌نی دیپلۆمی هونه‌ره له په‌یمانگای ته‌کنه‌لۆجیای هه‌ولێر و به‌کالۆریۆس له زانسته سیاسییه‌کانی زانکۆی که‌رکووک. کارگێڕی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووه و له ئێستادا ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تیی که‌رکووک-گه‌رمیان و به‌رپرسی ده‌زگای هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تیی که‌رکووک-گه‌رمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانه.

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

# خوێندنەوەی کتێبی

# "مرۆڤی عاقڵ؛ مێژوویەکی کورتی جۆری مرۆیی"




نووح هەراری نووسەری کتێبی {مرۆڤی} عاقڵ (مێژوویەکی کورتی جۆری مرۆیی)، یەکێکە لە بەناوبانگترین مێژوونووس و بیرمەندەکانی ئێستا، کتێبەکانی وەرگێڕدراون بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان, ئەم بیرمەندە کەمتر لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناسراوە، کتێبەکانیشی هەندێکیان وەرگێڕدراون، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت کە ئەم بیرمەندە جوولەکەیە و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئیسرائیلییە.

جگە لەم کتێبە، خاوەن چەندین کتێبی تری مێژوویی هزرییە، ئەو تەنیا مێژوونووسێك نییە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و لێکۆڵینەوەیان تێدا بکات، بەڵکوو وەکوو بیرمەندێکی سەردەم؛ تێگەیشتنی تازە و ڕاڤەی نوێی پێیە و خەریکی ڕاڤەکردنی ڕووداوەکان و پێشبینییە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی کە لە بەشێکی زۆری نووسین و کتێبەکانیدا مەترسییەکانی تەکنەلۆجیا لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی دیاری دەکات.

ئەم کتێبە لێکدانەوەیەکی قۆناغبەندییە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، کە دابەشی کردوون بەسەر چوار قۆناغی سەرەکیدا کە ریتین لە: وەرچەرخان و گواستنەوە و دابڕان و هێڵی جیاکەرەوە باسیان دەکات. لە باسی قۆناغەکاندا تەنها لەسەر ڕەهەندی مێژوویی نەوەستاوە، بەڵکوو هەموو ڕەهەندەکان لە بایەلۆژییەوە بۆ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینیی بەیەکەوە گرێ داوە.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا کە لەژێر ناونیشانی شۆڕشی زیهنییە: لەم بەشەدا لەسەر تەوەرێکی سەرەکی قسە دەکات و لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیی کردووە لەوەی بنچینە و ڕەگوڕیشەی مرۆڤ چییە.

لە ڕوانگەی هەرارییەوە، تەمەنی پێشینەی مرۆڤی بیرکەرەوە و ژیر دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢,٥ ملیۆن ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقا، بەگوێرەی کۆنترین شوێنەوارە هەڵکۆڵراوەکان کە بەڵگەی ئەوە دەدەن بەدەستەوە لەم شوێنانە ژیانیان کردووە. پاشان لەوێوە کۆچیان کردووە بۆ گەڕان بەشوێن ژیاندا و بە هەموو جیهاندا بڵاو بوونەتەوە، بە بڕوای هەراری، فاکتەری ژینگە و کەشوهەوا زۆر کاریگەر بووە لەسەر پەرەسەندنی مرۆڤ لەو شوێنانەی کە تیایدا ژیاون. لێرەدا نموونەی ئەو گەشەسەندنە دەخاتە ڕوو لە مرۆڤی نیادەرتاڵەوە لە ئەورووپا، پاشان هۆمۆ ئەریکتۆس لە ئاسیا و مرۆڤی سۆلۆ لە ئەندەنووسیا، پاشان دەرکەوتنی مرۆڤی عاقڵ دەرکەوت لە نزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا و تەنیا جۆرە کە توانیی بمێنێتەوە و جۆرەکانی تر کۆتاییان هاتووە و سڕاونەتەوە.

جیاکاری و جیاوازی دەکات کە لەنێوان مرۆڤ و دروستکراوەکانی تر لەسەر زەوی، بۆ نموونە باس لەوە دەکات کە مێشک و پێگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بە بەراورد بە زیندەوەرەکانی تر گەورەترە، ئەمەش لای ئەو گەورەترین جیاکارییە خوو و ڕەفتارییە و باڵاترین جیاکارییە کە توانیویەتی باڵای مرۆڤ بەسەر دروستکراوەکانی تردا دروست بکات. جیاوازیی تری مرۆڤ ئەوەیە کە بە بچووکی لەدایك دەبێت و کاتی زۆری دەوێت بۆ گەشەکردن، ئەمەش هۆکارە بۆ گەورەیی مێشك و بیرکردنەوە، هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە وای کردووە کە مرۆڤ زیاتر لە دروستکراوەکانی تر پێویستی بە چاودێری بێت، بەپێچەوانەوە زیندەوەرەکانی تر لە ڕووی کاتەوە زووتر گەشە دەکەن و پشت بە خۆیان دەبەستن.

لەم بەشەدا باس لە ڕۆڵی پیشەسازیی سەرەتایی و کشتوکاڵ دەکات لە گۆڕینی ڕەفتار و ئاکاری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی، ئاکاری خێزانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ وەکوو جێگرەوەی خێزانی هاوبەش.

لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا هەراری باس لە شۆڕشی کشتوکاڵی دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار ساڵ پێش زایین. لای هەراری ئەم شۆڕشە گەورەترین و بەهێزترین وەرچەرخانی پەرەسەندنی مێژووییە، بەڵکوو گەورەترین فێڵە کە مرۆڤی بیرمەند و عاقڵ دایهێناوە.

ئەم شۆڕشە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی جۆرییەوە، ژمارە و چریی مرۆڤی زۆر زیاد کردووە، بەڵام ڕێگر بووە لە فرەیی لە خۆراکدا، وای لە مرۆڤ کردووە ببێت بە کۆیلەی گەنم، واتە یەك

سەرچاوەی خۆراك. ئەمە جگە لەوەی ڕاستە لەپاڵ کشتوکاڵدا مرۆڤ دەستی کردووە بە ماڵیکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ، بەڵام بە تێڕوانینی هەراری، ئەم چالاکییە بە بەراورد بە گرنگیدان بە خۆراك؛ چالاکییەکی مامناوەندی بووە، بەڵکوو هەموو سەرنجەکە لەسەر خۆراك و بەرهەمهێنانی گەنم بووە وەکوو سەرچاوەی یەکەمی خۆراکی.

هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە ئیدی مرۆڤ زیاد دەبێت، بەرژەوەندییەکانی هەڵدەکشێن و بەیەکدا دەدەن، هەروەها کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دژبەیەك دروست دەبێت، ئەمە بنەمای دروستبوونی شار و جڤاتی کۆمەڵایەتییە. بۆیە ئەم کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییە، خواست و پێداویستیی مەدەنی و ڕێکخراوی دەوێت، ئەم خواستەش ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتی و یاسایانە دروست دەکەن بۆ ڕێکخستنی شارەکان و گردبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بنەمای دروستبوونی دەوڵەتەشارەکانە.

لەم بەشەدا هەراری کێشەیەکی گرنگ دەخاتە ڕوو، ئەویش کێشەی یەکسانییە لەنێوان مرۆڤەکاندا. ئەو لە ڕووی جێنەتیکییەوە باس لەوە دەکات کە مرۆڤ بەو شێوەیە گەشە دەکات، ئەمەش هۆکاری جیاوازییەکەیە، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات مرۆڤ وشەی ئازادیی داهێناوە، داهێنانێکی دەستکردی مرۆییە و ئازادی تەنها ئامرازێکی خەیاڵکردی مرۆڤە. لە ڕووی بایەلۆجییەوە ئەم بابەتە هیچ واتایەکی نییە کە دەڵێت مرۆڤ لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ئازادە. پاشان هەراری لەم بەشەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دەکات دەربارەی بەختەوەری، چونکە لە تێڕوانینی بایەلۆجییەوە تەنیا دان بە بەختەوەریدا نراوە و مامەڵەی زانستیی لەگەڵدا دەکات. بە هۆی هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی کە شۆڕشی کشتوکاڵی دروستی کرد، مرۆڤ پێویستی بە پاراستنی زانیارییەکان و ئامرازی پەیوەندیکردن هەبوو، چونکە ئیتر تەنیا یادەوەریی نزیکمەودا و کورتی مرۆڤ بەس نییە بۆ پاراستن و مانەوەی زانیارییەکان، بۆیە مرۆڤ نووسینی داهێنا، وڵاتی سۆمەر وەکوو لانکەی ئەم داهێنانە بوو لە نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا کە ناوی ناوە یەکگرتنی مرۆیی، جەخت لەسەر بیرۆکەی ئەوە دەکاتەوە کە ئازارە مرۆییەکان دوای ئەوەی سەرچاوە و ژمارەیان زۆر و جیاواز بوو، هەندێك جاریش کە پەیوەندی لە نێوانیاندا لاواز بوو، پێویستی بەوە بووە بەیەکەوە ببەسترێنەوە و یەك بخرێن. بە بڕوای هەراری، بەرەو کولتووری جیهانیی هاوبەش هەنگاو هەڵدەگرێت. لەم سەردەمەدا سامان و دارایی وەکوو بیروباوەڕێکی جیهانیی لێ هاتووە. لەم بەشەی کتێبەکەیدا بابەتێکی تەرخان کردووە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی ئیمپریالیزمی جیهانی کە بەشدار بووە لە یەکگرتن و یەکخستنی جیهانی، سەرەڕای ئەوەی کە هەراری ئیمپریالیزمی جیهانی بە شەڕانگێز وەسف دەکات.

لە باسی ئێستای جیهاندا، پێداگری لەوە دەکات ئەمڕۆ لەبەردەم ئیمپڕاتۆریەتێکی بەرزی جیهانیداین کە ملکەچی دەوڵەتێکی دیاریکراو نییە.

لە بارەی ئایینەوە، لەم بەشەدا پێی وایە لەدوای سامان و ئیمپریالیزمەوە، یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی تر یان فاکتەری سێیەمی یەکخستنی جیهان. بەدرێژی لەم بەشەدا باس لە پەرەسەندنی ئاین و بەندایەتیی مرۆڤ کراوە، لە قۆناغی بەندایەتیی ڕۆحەوە بۆ فرەخوایی و پاشان بۆ یەکتاپەرستی، پاشان لەسەر ئایینە ئاسمانی و ڕەهەندە ڕۆحییەکانی دەرەوەی ئایینە ئاسمانییەکان وەستاوە و باس لە فەلسەفەی بوودایی و ئەبیقۆرییەکان دەکات، باس لەو قۆناغەش دەکات کە هەندێك جار ئایدۆلۆژیا جێگەی بە ئاین و ڕۆحانیەتی ئایینی چۆڵ کردووە، وەکوو ئایدۆلۆژیای مارکسی.

لە بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکەدا باس لە شۆڕشی زانستی دەکات و دەڵێت: "ڕەنگە شۆڕشی زانستی؛ شۆڕشی مەعریفی نەبێت، بەڵکوو پێش هەر شت، شۆڕشی نەزانی و جەهل بێت."

بە بڕوای ئەو، زانستی نوێ پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت، ئەوانیش: ئامادەکاری بۆ دانپیانان بە نەزانی، تێبینیکردن، هەروەها بنەمای سێیەم؛ ماتماتیك. ئەمەش بەوە دەبێت کاتێك ئەگەر ئەو بیروباوەڕە تێپەڕێنین (هەروەکوو لە ئایینی مەسیحی و ئیسلامدا هەیە) کە دان بەوەدا بنێین کە زۆر نازانین، سەرچاوەی مەعریفە بریتییە لە تێبینیکردن، ئەزموونکردن، بیروباوەڕی زانستی.

لەم بەشەدا باس لەو سوود و خاڵە ئەرێنییانە دەکات کە شۆڕشی زانستی لە بواری ئابووری و بایەلۆجیا و زانستی پزیشکی و کۆمەڵناسیدا دروستی کردووە، باس لەو ڕەهەندەش دەکات کە زانست لەم ڕۆژگارەدا لە هەوڵی ئەوەدایە کێشەی مردن وەکوو چارەنووسی هەموو مرۆڤێك بکات بابەتی لێکۆڵینەوەی دۆزینەوەی جێگرەوە و دایەلۆگی چارەسەری.

هەراری پرسیارێکی زۆر گرنگ دەکات لە بارەی پێشکەوتنەکانی ئەورووپا و ئەمەریکاوە، لە کاتێکدا دەوڵەتانی تر، بەتایبەت دەوڵەتانی عەرەبی دوا کەوتوون، وەڵامەکەی هەراری ئەوەیە کە دەوڵەتانی دواکەوتوو لە ناامادەیی دامودەزگای تەندروست و بونیادی دەزگای دادوەری، بونیادی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەشەکردوودا دەژین، بەڵام ئەم دەزگایانە لە ئەورووپا و ئەمەریکا بەخێرایی و بە درێژایی چەند سەدەیەك ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە.

لەم کتێبەدا هەراری لە دەرگای زۆر باسی تری داوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی گرێ دراون بە شۆڕشی زانستی، لە نێوانیاندا باس لە ڕق و دڕندەیی سەرمایەداری دەکات کە خۆی لەسەر تاڵانکردنی سامانی وڵاتانی هەژار گەورە کردووە.

باس لە مەترسییەکانی شۆڕشی زانستی دەکات کە سیستەمی کۆمەڵایەتیی نوێ بەخۆوەی بینیوە لەبەرامبەر زاڵبوون بەسەر سیستەمی کلاسیکی، وەکوو چەمکی ژیان لە سایە و ئامێزی خێزان و کۆمەڵگە. شۆڕشی زانستی بووە هۆی ڕزگارکردنی تاك لە کۆتی کۆمەڵایەتی و لەجیاتیی ئەوە کۆتی کرد بە کۆتی دەسەڵات و بازاڕ.

لە کۆتاییدا هەراری باس لە کۆتایی مرۆڤی ژیر دەکات، ئەوەش بە هۆی هەندەسەی جینی و ئۆرگانی، کە وای کردووە پەرەسەندنی بایەلۆجی بەسەریدا زاڵ بێت و لە دەستی مرۆڤدا بێت و بتوانێت وەکوو چەکێکی هەرەشە بەکاری بهێنێت.

# تیۆری جەنگی ڕەوا Just War Theory

ئامادەکردنی: زانا تۆفیق

تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە دادوەریکردنی ئەخلاقی بۆ دیاردەی جەنگ کە پشت بە کۆمەڵێك بنەما و ڕێسا دەبەستێت، چونکە جەنگ لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا ڕێگایەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەری. دەرکەوتنی تێز و بیرکردنەوەکانی جەنگی ڕەوا خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە، هەڵبەت لە زۆرینەی شارەستانییەتەکان و ئایینە جیاوازەکاندا باس لە ڕەوایەتیدان بە جەنگ و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی جەنگ کراوە. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم تیۆرە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان و دواتر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵام زۆرێك لە توێژەرانی ئەم بوارە، قۆناغی ڕاستەقینەی ئەم تیۆرە بە فەلسەفەی ئایینی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گرێ دەدەن. بۆیە بەکارهێنانی ئەم چەمکە پەیوەستە بە شارەستانیەتی خۆرئاوا، بەمەش توێژەران جیاوازی دەکەن لەگەڵ بەشێك لەو چەمکانەی تر کە لە ڕووی بەکارهێنان و ناوەڕۆکەوە نزیك دەبنەوە لە تیۆری جەنگی ڕەوا وەك جەنگی پیرۆز (Holy war)، یاخود جیهاد (Jihad)، کە لە ئایینی ئیسلامدا بە جۆرێکی ڕێگەپێدراوی جەنگ وێنا دەکرێن. ڕەگوڕیشەی ئەم تیۆرە مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەریەکە لە "ئاگۆستین" و "تۆماس ئاکوینی" بە دامەزرێنەر و بونیادنەری ئەم تیۆرە دادەنرێن. لە قۆناغی مۆدێرندا، سروشتی جەنگ و بنەماکانی دەستتێوەردان و ئامانج و پاڵنەرەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بە شێوەیەك ستراکچەری ئەم تیۆرە پەیوەست دەبێت بە بونیادنان و هاتنەکایەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆرئاوادا. لەم قۆناغەدا چیتر ئایین وەك هۆکارێك بۆ ڕەوایەتیدان بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دانانرێت و هۆکار و پاساوی سەرەکیی جەنگ خۆی دەبینێتەوە لە وەڵامدانەوەی تاوانی دەستدرێژیکار دژ بە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. هەروەها بنەما و پرەنسیپەکانی ئەم تیۆرە بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

تیۆری جەنگی ڕەوا پێمان دەڵێت کە بارودۆخێك دێتە کایەوە کە نەك بەکارهێنانی هێز ڕەوا دەبێت، بەڵکوو دەبێتە کردەیەکی پێویست کە دەبێت ڕوو بدات وەك تەنیا بژاردەیەك، لە پێناو پاراستنی ماف و بوونی هاوڵاتییان. خاڵی دەستپێکی تیۆری جەنگی ڕەوا، جەختکردنەوەیە لە چەمکی دادپەروەری، کە تێدا دەبێت کردەوەکانی جەنگ بە شێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانە بڕیاری لەسەر بدرێت. لێرەدا تیۆری جەنگی ڕەوا لە ئەدەبیاتی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دەستتێوەردانی سەربازیدا دەکرێت ناو ببرێت بە یاسای مۆراڵی (The Moral Law)، کە کۆمەڵێك بنەما لەخۆ دەگرێت پەیوەست بە جەنگەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. بۆیە لە ڕوانینی گشتیدا تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە هەوڵێك بۆ ڕەخساندنی چوارچێوەیەك بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بە



جۆرێــك کــە بەرژەوەندیــی هاوبــەشی نێودەوڵەتیــی تێــدا بێــت. واتە کاتێك جەنــگ ڕەوایەتی وەردەگرێــت کــە دادپــەروەری و ســەقامگیری دەســتەبەر بــکات، نــەك ئــەوەی کــە تەنیا لــە پێناو بەرژەوەندیی خودیــدا بێت. تیۆری جەنگی ڕەوا ســێ قۆناغی ســەرەکی دەگرێتە خــۆ (پێش جەنــگ، کاتی ڕوودانی جەنــگ و قۆناغــی دوای جەنــگ)، هەریەکەیــان ئاماژەیــە بۆ ڕوویــەك لــە ڕووە مۆراڵییەکانی جەنــگ دەکــەن. قۆناغــی پێــش جەنــگ (jus ad bellum) پەیوەندیــدارە بــەو بابەتانــەی کە پێویســتە بــۆ دروســتکەرانی بڕیار بۆ چوونــە جەنگەوە، کــە دەبێت لــە ڕووی مۆراڵییــەوە ڕێگەپێدراو بێت. قۆناغی دووەم پەیوەســتە بە ڕەفتاری جەنگــەوە (jus in bello)، بەگوێــرەی پێــوەرە ئەخلاقییەکان ئــەو بنەمایانە دەگرێتــە خۆی کە تێیدا ئیدارەی ڕەفتــاری ڕەوا دەکات لــە کاتی بەڕێوەچــوونی جەنگــدا، ئەمانــەش بریتین لــە گرنگترین ئەو بنەمایانــەی کــە تێیــدا مــافی ئەو کەســانە دەپارێزێت کــە جەنگاوەر نیــن و بەشــێك نین لە پرۆســەی جەنــگ. قۆناغی ســێیەمیش (jus post bellum) ئــەو بنەمایانــە دەگرێتــەوە، کــە ئیدارەی ئاشــتی ڕەوا دەکات لەنێــوان دەوڵەتانــدا و پارێــزگاری دەکات لە مافی تاکەکان و دەوڵەتەکان بە شــێوەیەکی گەورەتر لەو کاتــەی جەنگەکە دەســتی پێ کردووە. ئەم پرەنســیپە بــە بەراورد بــە دوو بنەماکــەی تــر، نوێترە لە ئەدەبیاتی تیــۆری جەنگــی ڕەوادا، کە تێیدا بــە چارەســەری ململانێ (Resolution of conflict) نــاو دەبرێــت. هــەروەك ئامــاژەی پێ کــرا، نۆرمەکانی تیــۆری جەنگی ڕەوا لە ئێســتادا بەتەنیا نۆرمــی مۆراڵی نیــن، بەڵکــوو بوونەتە بەشــێکی سەرەکی لە یاســا نێودەوڵەتییەکان، کــە ئاڕاســتەی هەمــوو لایەنەکان دەکرێن لــە پێناو دەســتەبەرکردنی ئاشــتی و دادپەروەری.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناڵی ئایندەیی ژمارە (١)

**ئایندەی عێراق و هەرێم**
**لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا**

[illegible]

شوباتی ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناڵی ئایندەیی ژمارە (٥)

**ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان**
سێکوچکەکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناڵی ئایندەیی ژمارە (٢)

**پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان**

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

**مستقبل الحوارات والاتفاقيات**
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


English
كوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
2020 ئایار
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية اربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


Center For Future Studies
راڤەی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org
سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019
راڤەی ئایندەیی ژمارە (١)
ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
شوبات ٢٠٢٠
www.centerfs.org
The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
Researchers
Dr. Omed Rafiq Fatah
Dr. Abid Khalid Rasul
Dr. Jalal Hasan Mistaffa
Dr. Hardi Mahdi Mika
The introduction was written by
Dr. Yousif Goran
2019
راڤەی ئایندەیی ژمارە (٢)
پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
ئازار ٢٠٢٠
www.centerfs.org
انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا
پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسی
لەکۆلێژی یاساو رامیاری - زانکۆی سلێمانی
سلێمانی
٢٠١٨-٢٠١٧


THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018


Center for Futur
هەواڵەکان
چالاکیەکان
بیروڕا
بەشەکان
توێژەران
دەربارەی ئێمە
راپۆرت
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
Actors, Conflict, and Corruption in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies


گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٣) ئەیلولی ٢٠٢٠